

# کاریگەرییەکانی تورکیا
# لەسەر هەرێمی کوردستانی عێراق

# کاریگەرییەکانی تورکیا
# لەسەر هەرێمی کوردستانی عێراق


پەروێز رەحیم قادر

نـەجات عـەلـی سالّح





دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- کاریگەرییەکانی تورکیا لەسەر هەرێمی کوردستانی عێراق
- نووسینی: پەروێز رەحیم قادر – نـەجات عـەلـی سالّح
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی
- بەرگ: هۆگر سدیق
- ژمارەی سپاردن: ٢٥٩٩
- نرخ: ٢٠٠٠ دینار
- چاپی یەکەم ٢٠١٠
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانەی موکریانی (هەولێر)

زنجیرەی کتێب (٤٤١)



هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە



ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com



MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# پێرست


پێشەکی ١١
خستنەڕووی بابەت ١١
گرنگی توێژینەوە ١٣
ئامانجی توێژینەوە ١٣
میتۆدی توێژینەوە ١٣
پرسیاری سەرەکی توێژینەوە ١٣
گریمانەی سەرەکی توێژینەوە ١٤
کێشەکانی بەردەم ئەم توێژینەوەیە ١٤
ڕێکخستنی توێژینەوە ١٥

**بەشی یەکەم: دەوڵەتی تورکیا** ١٧
**١-١- دروستبوونی دەوڵەتی تورکیا** ١٩
١-١-١- کورتە مێژوویەکی دروستبوونی دەوڵەتی تورکیا ١٩
١-١-٢- لە ڕووی شوێنی جوگرافی و پێگەی ستراتیژییەوە ١٩
١-١-٢-١- لە ڕووی شوێنی جوگرافییەوە ١٩
١-١-٢-٢ لە ڕووی پێگەی ستراتیژییەوە ٢٠
**١-٢- سیستەمی سیاسی تورکیا** ٢١
**١-٣-پێکهاتەی کۆمەڵایەتی – ئابووری تورکیا** ٢٢





١-٣-١- ئایین ٢٢
١-٣-٢- ئابووری ٢٣
١-٣-٣- پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ژیانی سیاسی ٢٥
**١-٤- گۆڕانکارییە سیاسییەکانی تورکیا** ٢٧
**١-٥- ڕۆڵی سوپا لە سیستەمی سیاسی تورکیا** ٣١
**١-٦- تورکیا و قەیرانەکانی** ٣٣
١-٦-١- تورکیا و کێشەی قوبرس ٣٣
١-٦-٢- ئاسەواری هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و کۆتایی ٣٦
١-٦-٢-١- کاریگەری لێك هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت ٣٦
١-٦-٢-١- کاریگەری لێك هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت ٣٨
١-٦-٢-٣- کاریگەری هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت ٣٩
١-٦-٣- تورکیا و کێشەی عیلمانی ـ ئیسلامی ٤٠
**١-٧- تورکیا و یەکێتی ئەوروپا** ٤٦
**بەشی دووەم: پرسی کوردەکانی عێراق** ٥٣
**٢-١- چۆنیەتی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق** ٥٥
**٢-٢- هەڵکەوتەی جوگرافیایی و سنووری کوردستانی عێراق** ٥٦
**٢-٣- کورتە مێژووی پرسی کوردەکانی عێراق تا شۆڕشی** ٥٧
**٢-٤- پرسی کوردەکانی عێراق لە پاش شۆڕشی ١٤ی** ٦٠
٢-٤-١- شۆڕشی ئەیلول ٦٠
٢-٤-٢- ڕێککەوتنامەی جەزائیر ٦٧
٢-٤-٣- پرسی کوردەکانی عێراق لە پاش ڕێککەوتنامەی جەزائیر ٧١




PDF 4 KURD

**بەشی سێیەم: تورکیا و پرسی کوردەکانی عێراق لە پاش**

**جەنگی دووەمی کەنداو ١٩٩٠........................................ ٧٧**
**٣-١- کورد و "پەناگەی ئارام" لە هێڵی پانی (٣٦ و ٣٢) پلە .......... ٧٩**
**٣-٢- دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان............ ٨٤**
**٣-٣- شەڕی ناوخۆ لە کوردستانی عێراق و............................ ٩٣**
**٣-٤- کوردستانی عێراق پاش رووخانی رژێمی............................ ٩٧**
٣-٤-١- رۆڵی کوردەکان لە رووخانی رژێمی عێراق .................. ٩٧
٣-٤-٢- رۆڵی کوردەکان لە دەوڵەتی عێراق پاش رووخانی ........... ١٠١

**بەشی چوارەم: کاریگەری سیاسەتی تورکیا لەسەر**

**پرسی کوردستانی عێراق بەشێوەیەکی گشتی و حکومەتی هەرێمی........ ١٠٧**
**٤-١- سیاسەتی تورکیا لە جەنگی دووەمی کەنداو بەرامبەر بە .......... ١٠٩**
**٤-٢- سیاسەتی تورکیا بەرامبەر بە کوردستانی عێراق پاش ٢٠٠٣ ..... ١١٥**
**٤-٣- پاساوەکانی دەستێوەردانی سەربازی................................ ١٢١**
٤-٣-١- پاساوی بوونی پەکەکە لە هەرێمی کوردستانی عێراق ........ ١٢١
٤-٣-٢- پاساوی بوونی رێککەوتنامەی ئەمنی نێوان عێراق و تورکیا . ١٢٢
٤-٣-٣- پاساوی پێشێلکردنی مافی تورکمانەکان لە باکوری عێراق .... ١٢٥
**٤-٤- فاکتەرەکانی کاریگەر لەسەر دەستێوەردانی تورکیا................ ١٢٨**
٤-٤-١- فاکتەرە ناوخۆییەکانی تورکیا .............................. ١٢٨
٤-٤-٢- فاکتەرەکانی تایبەت بە هەرێمی کوردستان و عێراق ......... ١٣٢
٤-٤-٣- بوونی پەکەکە لە کوردستانی عێراق ........................ ١٣٧



٤-٤-٤- فاکتەری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەورووپا ....... ١٤١
٤-٤-٥- فاکتەری ئابووری ................................................ ١٤٦
ئەنجامەکان ........................................................... ١٥١
پێشنیارەکان .......................................................... ١٥٤
سەرچاوەکان ........................................................... ١٥٧

## ڕوونکردنەوەیەکی پێویست

ئەم توێژینەوەیە لە بنەڕەتدا وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس (٢٠٠٨ ـ ٢٠٠٩) لە زانستە رامیارییەکان پێشکەش بە کۆلێژی یاسا و رامیاری ـ ئێواران بەسەرپەرشتی مامۆستا (د. صالح ملا عمر عیسی) کراوە کە پلەی (نایاب)ی پێ بەخشراوە، هەروەها لە کۆنفرانسی سالآنەی زانستی کۆلێژی یاسا و رامیاریدا (پلەی یەکەم)ی بەدەستهێناوە.



**پێشکەشە بە:**

بەگۆڕی سەربازی ون و هەموو پێشمەرگەیەکی قارەمانی ئەم نیشتمانە کە لە کاتی تەنگانەدا تاقە هیوای گەلەکەیەتی و ئەم کیانەی لە بەرامبەر دوژمناندا پاراستووە و بەخوێنی خۆی داری ئازادی و سەربەستی بەرهەم هێناوە ...

**پێشەکی :**

پرسی کورد وەك پرسێکی نەتەوەیەکی دابەشکراو هەمووکاتێك لە ژێر کاریگەری ئەو وڵاتانە بووە کە کوردستان و کوردییان دابەشکردووە. هەر لە سەرەتای یەکەم دابەشکردنی خاکی کوردستان لە ساڵی ١٥١٤ لە نێوان دوو زلهێزی ئەو سەردەمە (ئیمپڕاتۆریی عوسمانی و ئیمپڕاتۆریی سەفەوی)، نەتەوەی کورد کەوتۆتە ژێر ئەم کاریگەرییەوە و دەوڵەتان بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان بەکاریان هێناون، یان دژ بە یەکتری هەڕەشەیان لە بەرژەوەندییەکانی یەکتر کردووە و ئەمەش بێگومان لەسەر حیسابی نەتەوەی کورد و خاکی کوردستان بووە، کە دواتریش لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی دیسان کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی بووبە سێ پارچە و بەڵێنەکانی زلهێزەکان بۆ سەربەخۆیی کورد بوون بە ئەرشیفی مێژوو لە پێناو بەرژەوەندییەکانیان. گەلی کوردستان بەگشتی و کوردەکانی باشوری کوردستان بەتایبەت هەر لە سەردەمی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، داوای مافەکانی کوردیان کردووە و لە دوای لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە ( لە کوردستانی باشور ) تا ئێستاش لە خەباتی بەردەوام دان و هەموو حکومەتەکانی عێراق تا ئێستا و دەوڵەتانی دابەشکاری کوردستان هەردەم ترسی ئەوەیان هەبووە کە ئەم خۆڕاگرییەی کوردەکانی باشوری کوردستان ببێتە هۆی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی، ئەوەش بە پێشهاتێکی دژی ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان دەزانن.

**خستنەڕووی بابەت:**

تورکیا یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە لە نەخشەی سیاسی ئەمڕۆدا، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێگەیەکی ستراتیژی و ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لەسەر ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە بەگشتی و هەرێمی کوردستانی عێراق و پرسی کورد بەتایبەت و هەر گۆڕانکارییەکیش چ سلبی ( نیگەتیف ) و چ



ئیجابی ( پۆزەتیڤ ) بێت، کاریگەری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی هەیە لەسەر پرۆسەی سیاسی لە عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستانی عێراق بەتایبەتی، کاریگەریەکانی دەوڵەتی تورکیا لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستانی عێراق زۆر بە ڕوونی دەبینرێن، جا چ لە کۆنەوە بێت وەك کێشەی ویلایەتی موسڵ و چ دواتریش لە دوای داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە و ڕاپەڕینی کوردەکانی کوردستانی باشور کە دەرفەتێکی مێژوویی بۆ کورد هاتەئاراوە و دواتریش پاش دەرچوونی بڕیاری ٦٨٨ی (UN) و دامەزراندنی ناوچەی ئارام بۆ پاراستنی کوردەکان و هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پەیوەندییەکانی تورکیا و کوردستانی عێراق بەرەو قۆناغێکی نوێ ڕۆیشت و حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو دیفاکتۆیەك هاتە گۆڕەپانی هاوکێشە سیاسییەکان و بەهۆی بوونی چەندین ملیۆن کوردیش لە تورکیا هەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسی کە پەیوەندی بە کوردی عێراقەوە هەبێت کاریگەری دەبێت لەسەر کوردی تورکیا و بە پێچەوانەوەش. ئەمەش بەو مانایە دێت کە تورکیا وەکو دەوڵەتێکی گرینگی ناوچەکە و هاوپەیمانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەندامی ناتۆ و دەوڵەتێکی عیلمانی ـ ئیسلامی و تاڕادەیەك خاوەن ئەزموونی پەرلەمانی و نیمچە دیموکراسی لەناو وڵاتانی ئیسلامیدا، کە هەوڵی ئەندامیەتی یەکێتی ئەوروپا دەدات، هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە تورکیا ڕوودەدەن کاریگەریان هەیە لەسەر پرسی کوردستانی عێراق. هەروەهاش تورکیا بە وردی بەدواداچوونی پێشهاتەکانی سیاسی کوردستان و عێراق دەکات و بە ئاشکرا دەست دەخاتە ناو کاروباری ناوخۆی عێراق وەك قۆستنەوەی مەسەلەی تورکمانەکان، هەروەها هەڵوێستەکانی لەمەڕ ماددەیەکی دەستووری وەك ماددەی (١٤٠) لە دەستووری هەمیشەیی عێراق.

## گرنگی توێژینەوەکە:

گرینگی ئەو توێژینەوەیە لەوەدایە کە پەیوەندی و پرسەکانی نێوان هەرێمی کوردستانی عێراق و تورکیا هەم بابەتێکی گرینگ و هەستیارە بۆ پاشەڕۆژی هەرێمی کوردستانی عێراق و هەم بۆ پاشەڕۆژی پرسی کورد لە کوردستان و دەوڵەتی تورکیا، هەروەها بۆ ئاسایشی ناوچەکە و ئاشتی جیهانی، چونکە پرسی کورد بەگشتی یەکێکە لە گەورەترین دوو کێشەی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

## ئامانج لەم توێژینەوەیە:

ئامانجی ئێمە لەم تۆژینەوەیەدا ئەوەیە کە بەشێوەیەکی زانستی لێکۆڵینەوە لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستانی عێراق و تورکیا بکەین و نیشانبدەین کە گۆڕانکاری و پێشهاتە سیاسییەکان چ لە عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستانی عێراق بەتایبەت، هەروەها گۆڕانکارییە ناوخۆییەکانی تورکیا بە چ شێوەیەك کاریگەریان لەسەر دۆزی کورد لە کوردستانی عێراق هەیە و ئەم فاکتەرانە چین کە کاریگەری دەخەنەسەر پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستانی عێراق.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

بۆ ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە شێوازی تحلیلی ناوەڕۆك (شیکاری ناوەڕۆك) بەکارهاتووە، هەروەها لە سەرچاوەکانی کتێبخانە و ئینتەرنێت کەڵکمان وەرگرتووە.

## پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە:

تورکیا بە چ شێوازێك کاریگەری هەیە لەسەر پرسی کوردەکانی عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستانی عێراق بەتایبەت؟



## گریمانەی سەرەکی توێژینەوەکە:

تورکیا وەکو دەوڵەتێکی دراوسێی عێراق بەشێوەیەکی ئەکتیڤ کاریگەری لەسەر مافەکانی گەلی کورد لەناو دەوڵەتی عێراقدا هەیە و لەپاش راپەرینی کوردەکانی عێراق لەساڵی ١٩٩١ و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تورکیا بەشێوەی دیفاکتۆ مامەڵەی لەگەڵ ئەم هەرێمە کردووە، بەڵام لە سەرەتای دەستپێکردنی هێرشی سەربازی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ سەر بەغدا، سیاسەتەکانی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان لایەنی سلبی وەردەگرێت، تورکیا هەوڵی دەست تێوەردان و کێشە دروستکردن بۆ ئەم هەرێمە دەدات.

## کێشەکانی بەردەم ئەم توێژینەوەیە:

گومانی تێدا نییە کە لە هەر لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی، توێژەر رووبەڕووی هەندێك کێشە و گیروگرفت دەبێتەوە، ئێمەش یەکێك لە سەرەکیترین کێشەکانمان لەم توێژینەوەیەدا نەبوونی سەرچاوەی پێویست و ئەکادیمی و باوەڕپێکراو لەسەر ئەم بابەتە بوو، چونکە هەندێك لە سەرچاوەکانی بەردەست بەلایەنگری لایەنێك و چاوپۆشی لە هەندێك راستی بۆ بەرژەوەندی لایەنی تر نووسرابوو، هەروەها شارەزا نەبوونمان بە رادەی پێویست لە زمانی ئینگلیزی وایکرد زیاتر کەڵك لە سەرچاوەکانی فارسی و کوردی یان وەرگێڕاوەکانی سەر فارسی و کوردی و هەندێکیش عەرەبی و تورکی و چەند سەرچاوەیەکی کەمی ئینگلیزی کەڵك وەربگرین. لەلایەکی تر زیندوویی بابەتەکە کە راستەوخۆ پەیوەندی بە ئاڵوگۆڕ و پێشهاتەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی ناوچەکە و تورکیا و عێراق و هەرێمی کوردستانەوە هەبوو.

## ڕێکخستنی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەش پێکدێت، بەشی یەکەم دروستبوونی دەوڵەتی تورکیا و بەشی دووەم پرسی کوردەکانی عێراق و بەشی سێیەم تورکیا و پرسی کوردەکانی عێراق لەپاش جەنگی دووەمی کەنداو و لە بەشی چوارەمدا کاریگەری سیاسەتی تورکیا لەسەر پرسی کوردستانی عێراق بەشێوەیەکی گشتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی تایبەت.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە لە بەشی یەکەمدا کورتەیەك لە مێژوو و جوگرافیا و پێگەی تورکیا لە ناوچەکە، هەروەها بارودۆخی تورکیا و گۆڕانکارییەکانی و ڕۆڵی سوپا و لایەنی عیلمانی و لایەنی ئیسلامی تورکیا لەسەر گۆڕەپانی سیاسی تورکیا بخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، هەروەها هەوڵەکانی ئەندام بوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا کە کاریگەری هەیە لەسەر گۆڕانی سیاسەتی تورکیا چ لە ناوەخۆ و چ لە دەرەوە باسی لێوەبکرێت.

لە بەشی دووەمدا هەوڵمانداوە تا کورتەیەك لەسەر مێژووی پرسی کورد لە عێراق و شۆڕشەکانی کورد لە عێراق وەك شۆڕشی ئەیلول و ڕێککەوتنامەی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥ و دواتریش شۆڕشی گوڵان/ی نوێ ١٩٧٦ تاوەکو سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی ١٩٩١ بکەوێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

لە بەشی سێیەمدا هەوڵمانداوە کە ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسییانەی کە بەسەر عێراق و پرسی کوردستانی عێراق هات وەکو بڕیاری ٦٨٨ ی (UN) و پەناگەی ئارام بۆ پاراستنی کوردەکان، هەروەها پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و کاردانەوەی تورکیا لەسەر ئەم بابەتە تاوەکو جەنگی سێیەمی کەنداو و ڕووخانی ڕژێمی بەعس و هەڵوێستی تورکیا لەم پێشهاتە نوێیانە بکەوێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە تاوەکو بەشداری کوردەکان لە حکومەتی بەغدا و گێڕانی ڕۆڵی سەرەکی لە پرۆسەی سیاسی عێراق و هەڵوێستی تورکیا لەم بارەیەوە، هەروەها هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٥.



لە بەشی چوارەمدا باس لەو کاریگەرییانەی سیاسەتی تورکیا چ لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و چ لە پاش ڕووخانی ڕژێمی سەدام و هەڕەشەکانی تورکیا لەم بارەیەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، هەروەها باس لە هۆکارەکان و پاساوەکانی ئەم هەڵوێستانەی تورکیا و ڕۆڵی ململانێیە ناوەخۆییەکانی تورکیا، هەروەها گۆڕانکارییە سیاسییەکانی عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستانی عێراق بەتایبەت، هەروەها یەکێتی ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کاریگەری فاکتەری ئابووری بۆ سەر سیاسەتەکانی تورکیا و کاریگەرییان لەسەر بارودۆخی کوردستان خراوەتە بەرباس و شیکردنەوە. لە کۆتاییدا ئەنجامی لێکۆڵینەوە باسکراوە.

# بەشی یەکەم

# دەوڵەتی تورکیا

**پەروێز ڕەحیم قادر**

## ١-١- دروستبوونی دەوڵەتی تورکیا:

### ١-١-١- کورتە مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی تورکیا:

لە دوای هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم، مستەفا کەمال پاشا توانی تورکیای نوێ لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی دین لە سیاسەت دابمەزرێنێت لە (١٩٢٣/١٠/٢٩)، تورکیا لە ساڵی ١٩٤٦ بوو بە ئەندام لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەها لە ساڵی ١٩٥٢ بوو بە ئەندام لە پەیمانی ناتۆ، زمانی فەرمی لە دەوڵەتی تورکیا، تورکییە، هەرچەندە دەوڵەتی تورکیا لە کەمینەی نەتەوەیی تر وەکو کورد و عەرەب و ئەرمەن و لاز و چەرکەس و ... هتد پێکدێت، تورکەکانی تورکیا لە نەتەوەی تورکی سەلجوقی بوونە کە لە ئاسیای ناوەڕاست بەرەو فەلاتی ئەنادۆڵ کۆچیان کردووە و لە دوای سەرکەوتنی سوڵتان محەمەد فاتح بەسەر ئیمپراتۆری بیزانس (ڕۆمی شەرقی) ئیمپراتۆریەتی عوسمانیان دامەزراند.(١)

### ١-١-٢- لەڕووی شوێنی جوگرافی و پێگەی ستراتیژییەوە:

#### ١-١-٢-١- لەڕووی شوێنی جوگرافییەوە:

هەڵکەوتەی تورکیا دەکەوێتە ڕۆژئاوای ئاسیا و باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، لە نیوەی باکوری گۆی زەوی بە (٣٥ تا ٢٤) پلەی پانی باکور و (٢٦ تا ٤٥) پلەی درێژی ڕۆژهەڵات، بە ڕووبەری ٨١٤,٥٧٨ کیلۆمەتری چوارگۆشە (٢٣,٧٢٠ کیلۆمەتری چوارگۆشە دەکەوێتە کیشوەری ئەوروپا)(٢)، تورکیا دەوڵەتێکی گەورەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، هەم لە ڕووی سەرژمێری دانیشتوان و هەم لە ڕووی

(١) ترکیە، منبع: سایت www.wikipedia.com، 27/8/2008.

(٢) معصومە طاهری، ژئوپلتیك ترکیە، منبع: سایت www.باشگاەاندیشە.com، 28/8/2008.



پێگەی سیاسییەوە، لە ڕووی هەڵکەوتەی جوگرافیاوە دەکەوێتە سەرووی ناوچەی کەنداو و سەرووی کوردستان و عێراق واتە سەرووی پارچە ڕۆژهەڵاتییەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها وەکو پردێکی زەمینی، ئاسیا و ئەوروپا بەیەکتر دەبەستێتەوە لە ڕووی جیۆپۆلەتیك سنووری لەگەڵ هەشت دەوڵەتەوە هەیە(١)، تورکیا هاوسنوورە لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان بە درێژایی ٩ کیلۆمەتر، ئەرمەنستان ٢٦٨ کیلۆمەتر، ئێران ٤٩٩ کیلۆمەتر، بلغارستان ٢٤٠ کیلۆمەتر، گورجستان ٢٥٢ کیلۆمەتر، عێراق ٣٥٢ کیلۆمەتر، سوریا ٨٢٢ کیلۆمەتر، یۆنان ٢٠٦ کیلۆمەتر.(٢)

#### ١-١-٢-٢- لەڕووی پێگەی ستراتیژییەوە:

شوێنی تایبەتی تورکیا و تایبەتمەندی جوگرافیای تورکیا بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەو دەوڵەتە لە پێگەیەکی ستراتیژی گرینگ دابێت، ئەو دەوڵەتە وەکو پردێك دوو ناوچەی گرینگ و ستراتیژی باڵکان و ڕۆژهەڵات پێکدەهێنێت، هەبوونی نەوت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کێشەکانی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی گرینگی تورکیا، هەروەها نزیك بوونی ئەو دەوڵەتە بە دەریای ڕەش، ئێژە، میدیتارانا و بوونی دوو گەرووی گرینگی بۆسفۆر و دەردانێلْ بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەوروپا لەو ڕێگایەوە کاڵاکانی خۆی بگەیەنێتە ڕۆژهەڵات، لە کاتی جەنگی ساردیشدا بوو بە ئەندام لە پەیمانی سەربازی ناتۆ لە بەرامبەر بلۆکی ڕۆژهەڵات و یەکێتی سۆڤیەتی جاران، لە پاش ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت بە هۆی نزیك بوونەوە لەگەڵ دەوڵەتانی هاوبەرژەوەندی (ئازەربایجان، ئەرمەنستان، گورجستان) و بوونی نەوت و گاز لەو ناوچەیە گرینگییەکی تایبەتی پەیداکرد.(٣)

(١) سامی شۆڕش، تورکیا و ئەوروپا...کورد لەو بازنەیەدا، هەولێر: چاپخانەی خانی، ٢٠٠٧، ل٧.

(٢) ترکیە، همان منبع، ص ١.

(٣) معصومە طاهری، همان منبع، ص ٢.

## ١-٢- سیستەمی سیاسی تورکیا:

لە دوای دامەزراندنی دەوڵەت و لە گەرمەی ئەو جەنگە دەرەکی و ناوخۆییانەدا مستەفا کەمال ساڵی ١٩٢٤ گۆڕانێکی گەورەی لەناو بونیادی دەوڵەتدا هێنایەکایەوە کە ئەویش گۆڕینی ئیمپراتۆریەتی ئایینی و فرە نەتەوەیی عوسمانی بوو بە دەوڵەتێکی تاك نەتەوەیی و کۆماری و عەلمانی[١]، تورکیا، لەمەش دوورتر ئیمپراتۆریەتی عوسمانی یەکەم وڵاتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە ئەنجوومەنێکی یاسادانانی هەڵبژێردراوی هەبێ چونکە مێژووی ئەو ئەنجوومەنە بۆ ساڵی ١٨٧٦ دەگەڕێتەوە.[٢] پاش راگەیاندنی کۆمار لە ٢٩ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٣ بارودۆخ پێویستی بە داڕشتنی دەستوورێکی تر کرد، و بەگشتی، دەستووره تازەکەی ساڵی ١٩٢٤ کە ئەنجوومەنی گەورەی نیشتمان پەسەندیکرد، تیایدا هاتووە کە ئەنجوومەن تاکە نوێنەری گەلە و بەم پێودانگەش مافەکانی سەروەری جێبەجێ دەکات (ماددەی چوارەم) و دەسەڵاتی یاسادانان و راپەڕاندنیش بە ئەنجوومەن سپێردرا (ماددەی پێنجەم) و ئەنجوومەن لە رێی ئەو و سەرۆك کۆمارەوە کە خۆی هەڵیبژاردووە پەیڕەوی دەسەڵات دەکات و مافی لە کارخستنی ئەو وەزیرانەشی هەبوو کە سەرۆك دایدەنان (ماددەی حەوتەم)[٣]، ئەوە بەردەوام بوو تاوەکو کودەتای سەربازی ساڵی ١٩٦٠، کە حیزبی دیموکرات لەسەر کار لابردرا و لەساڵی ١٩٦١ دەستوورێکی نوێ دانرا کە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی (MGK) باڵادەست بوو بەسەر هەمموو شتێك لە تورکیادا.[٤] واتە دەستووری ساڵی ١٩٦١، ئەنجوومەنی ئەمنی قەومی تورکیای دروستکرد بۆ

(١) سامی شۆڕش، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤.

(٢) عەباس خۆشناو، تورکیا نەبەرد لە پێناو مانەوەدا، (دەستوری تورکیا و دەستکارییەکانی)، سلێمانی: بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، ٢٠٠٦، ل ٥١.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل ٦٠.

(٤) ئارام عەلی عەزیز، (کرۆنۆلۆژی کۆماری تورکیا)، گۆڤاری دۆسیەی تورکیا، سلێمانی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، ٢٠٠٥، ژمارە ١، ل ٣٣.



ئەوەی بە کەڵکی نوێنەرایەتی کردنی دەنگی جەنەراڵەکانی بێ لە رژێمی سیاسیدا، کە ئەوەش لە کودەتاکانی ١٩٧١ و ساڵی ١٩٨٠ سەلمێنرا[١]، بەشێوەیەکی گشتی و کلاسیکی بەرچاوترین تایبەتمەندی سیستەمی سیاسی لە تورکیا بۆ رۆژئاوا سکۆلاریزمی حاکم لەو دەوڵەتەیە، هەر چەندە تورکیا هیچ کاتێك دەوڵەتێکی عەلمانی بە مانا راستییەکەی نەبووە.[٢]

## ١-٣- پێکهاتەی کۆمەڵایەتی - ئابووری تورکیا:

### ١-٣-١- ئایین:

زۆربەی هەرە زۆری تورکەکان موسڵمانن، و نەریتە ئیسلامییەکان لایەنێکی تەواوکەری مێژووی تورکن، لە ماوەی سێ دەیەی یەکەی کۆماری تورکیادا، ئیسلام لە رووی رەسمییەوە لایەنگری بەدەستنەهێنا، بەڵام کرانەوەی سیاسەت و کۆمەڵگای تورکی کە لەگەڵ گەڕانەوەی دیموکراسیەتی فرە حیزبی داهات لە ساڵی ١٩٥٠دا، هەروەها دەستووری تورکیای ساڵی ١٩٨٢، دامەزراندنی پارتی سیاسی پشت بەستوو بە بنەمای ئایینی و ئەتنیکی یان فەلسەفە توندوتیژەکان لە دەسەڵاتی سیاسیدا قەدەغە دەکات[٣]، چونکە مستەفا کەمال (ئەتاتورك) لە رۆژی ٢٩ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢٣ دا چوارچێوەی دەوڵەتی نوێی کۆماری راگەیاند کە "کۆماری گەرائی، گەل گەرائی، لائیسیزم، شۆڕش گەرائی، مللی گەرائی و دەوڵەت گەرائی"، کە شەش

(١) عەباس خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥.

(٢) فولر گراهام، الگوی راهبردی ترکیه، منبع ماه نامه همشهری دیپلماتیك ١٣٨٣ شما ره ٢٨ ابان ماه، ٢٠٠٨/٨/٢٤.

(٣) پاوڵ بی هێنری، جیۆپۆلەتیکی نوێی تورکیا، وەرگێڕان لە ئینگلیزیەوە عەتا قەرەداغی، سلێمانی: بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، ٢٠٠٦، ل ٢٥ تا ٣٠.

ڕوکنی ڕوانگەی سەرەکی ئەتاتورکیان پێکدەهێنا[١]، هەروەها لە یەکەمین دەستوری تورکیا کە لە ساڵی ١٩٢٤ نووسرا، ئایینی ئیسلام، ئایینی فەرمی بوو، بەڵام لە گۆڕانی دەستوور لە ساڵی ١٩٢٨ ئەو ماددەیە هەموارکرا و بەپێ داگرتن لەسەر جیابوونەوەی ئایین لە سیاسەت، تورکیا بە دەوڵەتێکی لائیك پێناسە کرا، بەم پێیەش ٩٨٪ خەڵکی تورکیا موسڵمانن و ٢٪ مەسیحی و ..... هتد پێکدێنن[٢]، جێگای ئاماژەیە کە شێوازی ئەتاتورك لە سیکۆلاریزم، فەڕەنسا بوو چونکە شێوازی فەڕەنسا لە شۆڕشی فەرەنسی کە دژایەتی لەگەڵ ئایین هەبوو سەری هەڵدابوو.[٣]

## ١-٣-٢ ئابووری:

تاوەکو کۆتایی دەیەی ٦٠، دەوڵەتی تورکیا لەسەر بنەمای کشتوکاڵی دامەزرابوو و تورکیا زۆربەی هەناردەکانی دەرەوەی توتن و لۆکە و گەنم و چەرەزات (خشکبار) بوو[٤] و تاوەکو ساڵی ١٩٨٠ تورکیا سیاسەتی پیشەسازی کردنی لەناو ئابوورییەکی داخراو چاو لەدەرەوە و لەسەر بناغەی دەستێوەردانی دەوڵەت گرتبووەبەر. لە دەیەکانی ١٩٦٠، سەرەتاکانی ئابووری تورکیا ڕێچکەی پیشەسازی بوونی لە ڕێگای جێگرتنەوەی هاوردەوە تاقیکردەوە، بەڵام دەستێوەردانی سەربازی لە قوبرس ١٩٧٤ و بەرز و نزمی نرخی نەوت پەرەسەندنی تورکیایان خستە ژێر کاریگەری خۆیانەوە، بەڵام لە دوای ساڵی ١٩٨٠، گۆڕانێکی کتوپڕ لە ئابووری تورکیا دەستیپێکرد کە ئەویش لە دوای ریفۆرمی ئابووری حکومەتی نوێ لە پاش کودەتا سەربازییەکەی و لە ساڵی ١٩٨٠ تاوەکو ١٩٩٣ بەشێوەیەکی مام ناوەندی

(١) حسين صرافى، تركيه درمسير توسعه، منبع: سايت .comباشگاه‌انديشه.www، 28/8/2008.

(٢) حسين صرافى، همان منبع، ص ٢.

(٣) فولر گراهام، همان منبع، ص ٢.

(٤) فولر گراهام، همان منبع، ص ٢.



ئابووری تورکیا نێوەنجێکی باڵای گەشەی بەڕێژەی ٥,٢٪ تۆمارکرد، هەروەها لە پاش ساڵی ١٩٨٠ تورکیا دەستیکرد بە بەرهەمهێنانی کەلوپەلی سەربازی پێویستی خۆی، ئەم پیشەسازییە لەوانەیە لە ئایندەدا ببێت بە بەشێکی گرینگی پیشەسازی تورکیا[١]، هەرچەندە حیزبی داد و گەشەپێدان لەم چەند ساڵەدا توانیویەتی سەرکەوتن لە بواری ئابووری وەدەستبهێنێت.[٢] لەبواری کشتوکاڵ لە ساڵی ٢٠٠٥دا تورکیا لە پلەی حەوتەم لەسەر ئاستی جیهاندا دێت و ئێستاکە لە بواری ڕستن و چنین کە گەورەترین پیشەسازی تورکیایە (١٦,٣٪) لە کۆی گشتی پیشەسازی تورکیای داگیرکردووە. کە لە ساڵی ٢٠٠٦دا بە ١٣,٩٨ ملیار دۆلار بەراورد دەکرێت. هەروەها لە بواری گەشت و گوزار تورکیا داهاتی ٥,١٨ ملیار دۆلاری هەبووە لە ساڵی ٢٠٠٧دا، هەروەها لە بواری پاڵاوتنی نەوت و پیشەسازی خۆراك و پیشەسازی کەرەستەی کیمیایی و تواندنەوەی ئاسن و سەیارە و ..........هتد.[٣] هەروەها تورکیا توانیویەتی لە بواری کۆنترۆڵی هەڵاوسان ( تورم ) سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، واتە لە ساڵی ٢٠٠٣ (٤,١٨٪) و لە ساڵی ٢٠٠٤ (٣,٩٪) بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٥ (٧,٧٪).[٤]

(١) سەلام سەزگینی، تورکیای نەبەرد لە پێناو مانەوەدا، سلێمانی: بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، ٢٠٠٦، ل ١٧٠.

(٢) غلا معلی لطیفی، ازمردبیمار اروپا تاجمهوری نوین ترکیه، منبع: سایت .comباشگاه‌اندیشه.www، 28/8/2008.

(٣) (اقتصاد ترکیه)، منبع: سایت www.wikipedia.com، 27/8/2008.

(٤) بهاره صفاری اصفهانی، (ترکیه در راه توسعه)، منبع: سایت www.aftab.ir.com، 26/8/2008.

## ١-٣-٣- پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ژیانی سیاسی:

بەپێی ئامارەکانی ساڵی ٢٠٠٥، کۆی دانیشتوانی تورکیا زیاتر لە (٧٣,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن کەسە، کە نزیکەی ٧٥٪ دانیشتوانی تورکیا تورکن بەڵام بەشێکی گەورەی نەتەوەی کوردیش لەو وڵاتەدا دەژیت کە نزیکەی ١٨ تا ٢٠ ملیۆن کەس بەراورد دەکرێت، جگە لە کوردیش بەشێکی زۆری تایەفەی بەکتاشیش لەو وڵاتەدا دەژین کە بەشێکیان کورد و بەشێکیان تورکن، کە لە رووی بیروباوەڕی ئایینییەوە رێچکەیەکی سۆفیگەری شیعەن و نزیکن لە عەلەوییەکان، ئەوە جگە لە عەلەوییەکان و ئەرمەن و عەرەب و مەسیحی و یۆنانی و تورکمان و جو، هەروەها نەتەوەیەکی بچووك لە کەنارەکانی دەریای رەش لە باکوری رۆژهەڵاتی وڵاتەکەدا دەژین کە ئەویش بە نەتەوە لازن[1]، ژیانی سیاسی لە تورکیادا تا کۆتایی چلەکانی سەدەی رابردوو پابەند بوو بە سیستەمی تاك حیزبی، واتە یەك حزب لە وڵاتەکەدا هەبوو ئەویش حزبی کۆماری گەل بوو کە مستەفا کەمال لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٣دا، واتە پێش هەفتەیەك لە راگەیاندنی کۆماری تورکیا، دایمەزراندبوو و خۆی سەرکردایەتی دەکرد و لە ساڵانی ١٩٢٧ و ١٩٣١ و ١٩٣٥ و ١٩٣٨ واتە ساڵی مردنی ئەتاتورك پرۆسەی هەڵبژاردن لە تورکیا بەڕێوە دەچوو و پاش مردنی ئەتاتورك گەلاڵەی شەش مەبدەئی سەرەکی ئایدیۆلۆژیای کەمالیزمی کرد ﴿دەوڵەتێکی کۆماری، عەلمانی، شۆڕشگێڕ، چاکسازخواز، نەتەوەی بەهێز لە بواری سەربازی و ئەمنیدا﴾، هەر لادان و چاکسازییەکیش لەو مەبدەئانە لەلایەن هەر حکومەتێکی هەڵبژێردراو بە خیانەتێکی گەورە دەزانرێت و دوور نییە کە کودەتای سەربازی لەسەر بکرێت[2]، هەروەکو چۆن لە ساڵانی ١٩٦٠ و ١٩٧١ و ١٩٨٠،

(١) سامی شۆڕش، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨. ( لاز میللەتێکی بچووکن، سەرژمێری ساڵی ١٩٦٥ی تورکیا ژمارەیانی بە (٢٦٠٠٠) کەس داناوە، زمانەکەیان یەکێ لە زمانەکانی ناوچەی قەفقازە بەڵام هیند و ئەوروپی نین، بۆلەنت ئەجیڤیت سەرۆك وەزیرانی جارانی تورکیا لەو نەتەوەیە.)

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ٣٠.



سوپا کە ئەرکی پاراستنی ئایدیۆلۆژیای کەمالیزمی پێ سپێردراوە[1]، کودەتای سەربازی لەلایەن سوپاوە بەڕێوەبرا، بەشێوەیەکی گشتی لە پاش جەنگی دووەمی جیهانی و بەشداری تورکیا لە جەنگی کۆریا لە چوارچێوەی هێزی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٥٠دا[2]، و گۆڕانی ئاراستەی تورکیا لە مۆدێلی رۆژئاوایی بوونی فەرانسەوی بۆ ئەمریکایی، گۆڕانێکی لە شێوازی ژیانی سیاسی تورکیا هێنایەکایەوە ئەویش بە ئەندامیەتی تورکیا لە ناتۆ لە ساڵی ١٩٥٢، هەروەها ئەندام بوون لە پەیمانی بەغدا کە پاشان بە هاوپەیمانی سنتۆ ناسرا لە ساڵی ١٩٥٥، لە نێوان تورکیا و عێراق و پاکستان و بەریتانیا و بەپێی پەیمانێك کە لە ساڵی ١٩٥٤ نێوان تورکیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە چەندین بنکەی سەربازی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە تورکیا دانرا، زیاتر هاتە پێش چاو.[3] بەگشتی دەتوانین بڵێین پێکهێنانی دەوڵەتی تورکیای نوێ لەسەر بنەمای یەك نەتەوە، یەك زمان، مێژوویەکی هاوبەش و شەش پرەنسیپەکەی ئەتاتورك (نەتەوایەتی، گەلگەرایی، سکۆلاریزم، کۆماریخوازی، دەستپێشخەری دەوڵەت، شۆڕشگێڕی) پێکهاتووە، بەڵام خاڵی لاوازی دەوڵەتی نوێی تورکیا هەر لەم (پان تورکیزم)ە سەرچاوە دەگرێت کە دەوڵەتانێکی فرە پێکهاتە لە بوارە جیاجیاکاندا هەوڵی سڕینەوە یان شاردنەوەی پێکهاتەکانی تر دەدەن، تورکیاش بەپشت بەستن بە هۆکاری زمانی تورکی هەوڵی پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی تورکیای داوە، کە ئەمەش وای کردووە کە نەتەوەکانی تری ناوەوەی تورکیا کە گەورەترینیان کوردە کە ئاخاوتنیان تورکی نییە تورکیا بە دەوڵەتی خۆیان نەزانن و بۆ دەوڵەتی تورکیا وەکو خاڵێکی لاواز هەژمار بکرێن.[4]

(١) هەمان سەرچاوە، ل ٣٠.

(٢) ئارام عەلی عەزیز، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٣.

(٣) غلام علی لطیفی، همان منبع، ص٢.

(٤) پیروز مجتهد زادە، جغرافیای سیاسی و سیاست جغرافیایی، تهران: سازمان مطالعة و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها (سمت)، ١٣٨١، ص ٣٢.

## ١-٤- گۆڕانکارییه سیاسییەکانی تورکیا:

لە دوای کۆتایی هاتنی سەردەمی تاك حیزبی لە تورکیا لە ٧ی کانوونی دووەمی ١٩٤٧، حیزبی دیموکراتی تورکیا دامەزرا بۆ ئەوەی رۆڵی ئۆپۆزسیۆن ببینێت، حیزبەکە لە لایەن "جەلال بایار و عەدنان مۆندریس و رەفیق کورئاڵتان و محەمەد فوئاد" دامەزرا، ئەوە بوو کە لە ساڵی ١٩٥٠ حزبی دیموکرات زۆرینەی دەنگی پەرلەمانی بەدەستهێنا و حکومەتی دامەزراند[١]، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٠ بە کودەتایەکی سەربازی بە بەڕێوەبەرایەتی ژەنەڕاڵ "جەمال گۆرسل" ئەم حکومەتەی رووخاند و دەستووری ساڵی ١٩٢٤ راگیرا و کۆمیتەیەك بە ناوی "کۆمیتە اتحاد مللی" لە جێگای دانرا، لە هەڵبژاردنی ١٩٦١ دەستووری نوێ دانرا و حیزبی کۆماری گەل بە بەڕێوەبەرایەتی "عصمت ئینۆنۆ" ١٧٣ کورسی پەرلەمانی وەدەستهێنا و ژەنەڕاڵ گۆرسك بۆ ماوەی ٧ ساڵ بوو بە سەرۆك کۆمار و دواتریش حکومەتەکەی ئینۆنۆ دەنگی پێویستی نەهێنا و ئیستقالەی دا، ئەوەش بۆ یەکەمجار بوو کە حکومەتێك لە تورکیا بە نەدانی متمانە لە لایەن پەرلەمانەوە هەڵوەشێتەوە[٢] و لە ساڵی ١٩٦٥ پارتی عەدالەتی "دیمرێل" زۆرینەی دەنگی هێنا، واتە ٢٤٠ کورسی لەکۆی ٤٥٠ کورسییەکان و سلێمان دیمرێل سەرۆکی حیزبی عەدالەت بوو بە سەرۆك وەزیران، بەڵام لە ساڵی ١٩٧١ بەهۆی کودەتایەکی سەربازی حکومەتەکەی دیمرێل لادرا و لەمە بە دواوەش حکومەتی ئیئتلافی دروستدەبوو، بۆ نموونە "نیهات ئاریم" راسپێردرا بۆ پێکهێنانی کابینە و دواتریش لە ساڵی ١٩٧٢ "فرید ملن" سەرۆکی حیزبی ( اتحاد مللی )[٣] ، بەڵام کاتێك سلێمان دیمرێل تازە لە خولێکی دیکەدا وەك سەرۆك وەزیران دەستی بەکارکرد لە رۆژی ١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠ کودەتایەکی تر بە ڕێبەرایەتی ژەنەڕاڵ "کەنعان ئێڤرن" کە ئەوسا سەرکردەی

(١) سامی شۆڕش، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٣.

(٢) غلام علی لطیفی، همان منبع، ص ٣.

(٣) پیشین, ص ٣.



ستافی سوپا بوو، بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە کە تیایدا ئامانجی کودەتاکەی بە پاراستنی ئاسایشی گشتی و یەکێتی خاکی دەوڵەت و سیستەمی عەلمانی دەست نیشان کرد.[١] لەو کاتەی کە دەوڵەتی تورکیا دامەزراوە تا ئێستا سێ حکومەتی هەڵبژێردراو جیاوازیەکی بەرچاویان هێناوەتە ناو نەریتی سیاسی وڵاتەکەوە، یەکەمیان حکومەتەکەی "تورگۆت ئۆزاڵ" لە ساڵی ١٩٨٧، دووەمیان حکومەتەکەی "نەجمەددین ئەربەکان" لە ساڵی ١٩٩٦، سێیەمیشیان حکومەتەکەی "رەجەب تەیب ئەردۆگان"[٢] جێگای ئاماژەیە کە ئەحکامی عورفی لە ساڵی ١٩٧٨ راگەیاندرا بوو، و لە ساڵی ١٩٨٣ هەڵبژاردن کرا و حکومەتی تازە بە سەرۆکایەتی "تورگۆت ئۆزاڵ" دامەزرا، و دواتریش حیزبی رەفا کە ئاراستەی ئیسلامی هەبوو سەرکەوتنی بە دەستهێنا و "نەجمەددین ئەربەکان" بوو بە سەرۆك وەزیران و لە ساڵی ١٩٩٧ ئیسلامییەکان دەستییان لەکار کێشایەوە و پارتی نیشتمانی دایك بە سەرۆکایەتی "مسعود یلماز" هاتە سەر کار بەڵام ئەویش بە تاوانبارکردنی بە گەندەڵی دەستی لەکار کێشایەوە و "بولند ئەجەوید" حکومەتێکی نوێی دامەزراند و لە ساڵی ١٩٩٩ حیزبی فەزیلەی میراتگری پارتی رەفاهی ئیسلامی بە سەرۆکایەتی "رەجائی کۆتان" ١١٥ کورسی بەدەستهێنا.[٣] حزبەکەی ئۆردوگان کە لە هەڵبژاردنەکانی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٢ پتر لە ٣٤٪ دەنگی هێنا، هەرچەندە کە بەهۆی زیندانییەکی پێشووی و هەبوونی داوایەکی قەزایی نەیتوانی ببێت بە سەرۆك وەزیران، بەڵام لە ١٤ی ئاداری ساڵی ٢٠٠٣ـەوە سەرۆك وەزیرانی تورکیایە. جێگای ئاماژەیە کە ئەربەکان دەیویست هەندێك لە مۆرکە عیلمانییەکەی دەوڵەت کەمبکات و رۆڵی ئیسلام و ئایین لەناو دەوڵەتەکەدا بەهێز بکات، بەڵام ئۆزاڵ دەیویست تورکیا بکاتەوە بە دەوڵەتێکی عوسمانی تازە، واتە دەوڵەتێکی رێزگر لە ئایین، لە هەمان کاتیشدا سەر

(١) سامی شۆڕش، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ٣١.

(٣) ئارام عەلی عەزیز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢.

به ئەوروپا و جیهانی ئیسلام بێت[1]، هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٢ ناوەڕۆکی سیاسی کۆنی گۆڕی بەوەی کە پارتی داد و گەشەپێدان لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوت و هەڵبژاردنە گشتییە پێش وەختەکەی تورکیا وەکو چاوەڕوان دەکرا پارتی داد و گەشەپێدانی بەرەچەلەك ئیسلامی تیایدا زۆرینەی دەنگەکانی بە ڕێژەی ٤٦,٦٪ بەدەستهێنا بەمەش دەتوانێ حکومەتی داهاتووی تورکیا دابمەزرێنێ و بۆ ماوەی ٥ ساڵی تر دەسەڵاتی ئەو وڵاتەی لەدەستدابێت، پارتی گەلی کۆماری بە سەرۆکایەتی "دنیز بایکاڵ" لە هەڵبژاردنەکەدا پلەی دووەمی بەدەستهێنا بە ڕێژەی ٢٠,٨٪ و هەروەها پارتی بزاڤی نەتەوە پەرستی دەوڵەت پاخچەلیش بە پلەی سێیەم هات ١٤,٩٪ کۆی دەنگەکانی بەدەستهێنا و کاندیدە سەربەخۆکانیش کە زۆرینەیان کوردن لە پلەی چوارەم ٥,٢٪ سەرجەم دەنگەکانیان بەدەستهێنا، بەپێی چاودێرانی سیاسی ئەم هەڵبژاردنە نموونەی سەرکەوتنی دیموکراسیەتە لە تورکیادا، هەروەها مانای کەمبوونەوەی ڕۆڵی سوپاش دەگەیەنێت، بۆ نموونە سەرەڕای ئەوەی کە پارتی داد و گەشەپێدان ٣٤١ کورسی پەرلەمانی بەدەستهێنا و پارتی بزاڤی نەتەوەپەرستی توندڕەویش ١١٢ کورسی و کوردەکانیش بە کاندیدی سەربەخۆ ٢٤ کورسییان لە پەرلەماندا بەدەستهێنا، بەم ئەنجامە بۆجاری یەکەمە لە تورکیا کە هەردوو لایەنی کوردی و پارتێکی توندڕەوی تورك بکەونە ناو پەرلەمان.[2] ئەمڕۆکە سێ ڕەوتی فیکری — سیاسی لە تورکیا بەرەنگاری یەکتر دەبنەوە (ڕەوتی نەتەوەپەرستی تورك، ڕەوتی ئیسلامی دیموکراتی، ڕەوتی نەتەوەگەری کورد) سەردەمانێکی دوور و درێژ ڕەوتی نەتەوەپەرستی تورك بە دامەزراندنی کۆماری تورکیا لە ساڵی ١٩٢٣ هەردوو ڕەوتی ئیسلامی و کوردی پاکتاو کرد، بەڵام نەك دوو ڕەوتەکەی دیکە بنەبڕ نەبوون بەڵکو بۆ جاری چەندەم سەر لە نوێ خۆیان بەرهەم هێناوەتەوە، لە ڕاستیدا دەرکەوتنی (AKP) و (DTP) لە نیشانەکانی پاشەکشەی

(١) سامی شۆڕش، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١.

(٢) ئارام علی عەزیز، پارتی داد و گەشەپێدان و مەسەلەی سەرۆك کۆمار، گۆڤاری دۆسیێ تورکیا، سلێمانی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، ژمارە ٦، ئابی ٢٠٠٧، ل ٧.



کەمالیزم و نەتەوەپەرستی تورکن، کە لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانییەکانی ٢٩ی مارسی ٢٠٠٩ لە تورکیا کە هەر چەندە بە ڕواڵەت ڕکابەری ئایدیۆلۆژی نییە و پتر ئیدارە و خزمەتگوزاری ڕۆڵی تێدا دەبینێ، بەڵام لە باشوری خۆرهەڵاتی تورکیا (باکوری کوردستان) ململانێیەکی سیاسی ـ ئایدیۆلۆژی لێکەوتەوە، کە تورکیا بوو بە دوو کەرتەوە لە کەرتی خۆرئاوا و ناوەراستی تورکیا (CHP) و (MHP) لە بەرامبەر (AKP)دا ڕکابەرییان کرد و لە ناوچە کورد نشینەکانیش ڕکابەرییەکە لە نێوان (AKP) و (DTP) بەڕێوەچوو. ئەمڕۆ تورکیا لە کەرتی خۆرئاواییدا لە نێوان دوو تەوژمی سیاسی دژ بە یەکدا دابەشبووە، تەوژمی یەکەم تەوژمی ئیسلامییە دیموکراتەکانە کە خۆیان بە محافزەکاری دیموکرات دەناسێنن، ئەم تەوژمە کە (AKP) تەمسیلی دەکات لە مێژووی نوێی تورکیا، گۆڕانێکی ڕیشەیی هێنایەکایەوە کە لیبراڵەکان بە سەرهەڵدانی (کۆماری دووەم) وەسفیدەکەن، لە تورکیا (AKP) دوای پارتی دیموکرات (١٩٥٠ تا ١٩٦٠) دووەم پارتی سیاسییە کە ڕێژەی (٤٧٪)ی دەنگەکانی دەنگدەرانی تورکیای بە دەستهێناوە، وەك تاقە پارتی و بێ کوالیسیۆن دەسەڵاتی پێکەوەناوە، کە سەرکەوتنی بە شکستی کەمالیزم و بنەما فیکرییەکانی دەزانرێت، لە بەرامبەردا تەوژمی دووەم هەیە کە پاشماوەکانی نەتەوەپەرستە عیلمانییەکان تەمسیلی دەکەن کە دوو پارتی (CHP) و (MHP) ئەم تەوژمە نوێنەرایەتی دەکەن، ئەمانە پێ لەسەر کۆماری یەکەم دادەگرن، هەروەها گوتاری ناسیۆنالیستی و پشت بە تیۆرییەکانی کەمالیزم دەبەستن، هەرچەندە لە واقیعی ئەمڕۆی تورکیادا ئەم تەوژمە ڕوو لە پاشەکشەیە، لەلایەکی تر (DTP) هەوڵدەدات وەك نوێنەری پرسی کورد لە تورکیا لای ڕای گشتی جیهانی و نێوەندە سیاسییە نێونەتەوەییەکان بناسرێت، ئەم پارتە لەسەر میراتی ((DEP، (HADED)، (DEHAP)) و (HEP) دامەزراوە.[1]

(١) مامەند ڕۆژە، دیاربەکر بۆنی گوڵ هەڵدەبژێرێت، گۆڤاری هەفتانە، پەخشی خەندان، ژمارە ٣٩، ٢١ی ئاداری ٢٠٠٩، ل ١٦.



PDF 4 KURD

## ١–٥– رۆڵی سوپا لە سیستەمی سیاسی تورکیا:

سوپای تورکیا رۆڵێکی گەورەی لە ژیانی سیاسی ئەو دەوڵەتە هەیە (جا هەڵە یان راست)، سوپای تورکیا نە تەنیا خۆی بە زامنکەری ئاسایشی وڵات لە ناوەوە و دەرەوە دەزانێت بەڵکو پاراستنی بنەماکانی ئایدیۆلۆژی ئەتاتورك بە یەکێك لە ئەرکەکانی خۆی دەزانێت، لە دوای جەنگی جیهانی دووەم کە تورکیا خۆی لەبەردەم کرانەوەیەکی سیاسیدا دەدیت سوپا هەر (١٠) ساڵ جارێك کودەتایەکی سەربازی بەرێوەبردووە لە ساڵی ١٩٦٠ و ١٩٧١ و ١٩٨٠، هەروەها ناڕاستەخۆ لە ساڵی ١٩٩٧ کاتێك کە پارتی رەفاە بە سەرۆکایەتی "نەجمەددین ئەربەکان" دەسەڵاتی لە دەست بوو بە هەڕەشەی سوپا ناچار بە ئیستقالە کرا، هەرچەندە لە دەوڵەتانی لە حاڵی گەشەسەندندا، وەکو دەوڵەتانی ئەمریکای لاتین، عەرەبی، ئەفریقیایی و هەندێك دەوڵەتی ئاسیاییدا ناکارامەبوونی سیستەمە سیاسییەکان رێگا بە سوپا دەدات بە دەستێوەردان. هانتینگتۆن بڕوای وایە کە ئەو پاڵنەرەی کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە سوپای دەوڵەتێك لە کاروباری سیاسیدا دەستێوەردان بکات، ناگەڕێتەوە بۆ رابردوو و مێژووی سوپا بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ کار و کاردانەوەی نێوان سوپا و سیستەمی سیاسی ئەو دەوڵەتە، لە دەوڵەتانێك کە کێشەی سیاسی و یەکگرتوویی و ئابووری و ...... هتد سوپا زۆرجار دەست دەداتە کودەتا واتە سوپا دەبێت بە (١) حاکم و (٢) ناوبژیوان، لێرەدا لە تورکیا، ئەتاتورك رۆڵی سوپا لە دەستوور بە پارێزەر و پاسەوانی دەستوور و کۆماری تورکیا دادەنێت، واتە بەشێوەیەکی بونیادی دەسەڵات بە سوپا دراوە[1]، هەروەها پێویستە بگوترێ کە هێزە چەکدارەکانی تورکیا خاوەنی باشترین رێکخستن و بەرزترین دیسپلین و کۆنترین رێکخراوی وڵاتن.[2] لە کۆلێژ و ئەکادیمیا سەربازییەکاندا ژەنەراڵەکان بەیەك پرەنسیپی سەرەکی پەروەردە دەکرێن،

(١) (نقش ارتش در نظام سیاسی ترکیا)، منبع روزنامه ابرار، ارشیو مقالات سیاسی در مورد ترکیه، سایت comباشگاه‌اندیشه.www، 28/8/2008.

(٢) سەلام سەزگینی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٧.



ئەویش ئەوەیە کە ئەوان هەر پارێزەری نیشتمان نین بەڵکو پارێزەری دیموکراتی و عیلمانیەتیشن ( واتە ئەو عیلمانیەتەی کە ئەتاتورك دایناوە )، لەو سۆنگەیەوە دەبینین کە لە کۆتایی ١٩٦٠دا ژەنەراڵەکان دژی ئەوە بوون کە پارتی دیموکرات، ئایین بۆ مەبەستی سیاسی بەکاربێنن[1]، ئەگەر بە وردی بڕوانینە حکومەتەکانی تورکیا لە هەشت سەرۆك کۆماری تورکیا شەشیان پێش بوونیان بە سەرۆك لە پیاوانی ریزی سوپا بوون تا ساڵی ١٩٩١، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دواوە دەبینین کۆماری تورکیا لە ئەنجامی راپەرینێك کە لەلایەن سوپاوە سەرکردایەتی کراوە لە دژی پاشماوەی حکومەتی عوسمانی و ئەو رووداوانەی سەربازی و هاتنە ناوەوەی بێگانەکان لە هەردوو لایەنی رۆژهەڵات و رۆژئاواوە بۆ ناو تورکیا بونیاد نراوە[2]، هەروەها بنکە سەرەکییەکەی هاوکاری لە نێوان تورکیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەر دەزگای سوپا و دەسەڵاتی ئەو دەزگایە دامەزراوە، سوپای تورکیا کە پێکدێت لە سێ لەشکری گەورەی زەمینی، ئاسمانی و هێزی دەریاوانی کە ئەو سێ لەشکرە بەستراونەتەوە بە سەرکردایەتی ستافی سوپاکە، باڵا دەستترین دەزگای سەربازییە لە تورکیا، هەروەها دوو هێزی دیکەش کە لە کاتی جەنگ دەبەسترێنەوە بە سەرکردایەتی ستافی سوپاوە کە ئەوانیش هێزی ژاندرمە و هێزی پاسەوانانی کەنارەکانی دەریان، کە لە کاتی ئاساییدا سەر بە وەزارەتی ناوخۆن لە تورکیا، لەشکرەکانی سوپا سەر بە وەزارەتی بەرگری نین، بەڵکو راستەوخۆ سەر بە ستافی سوپان، ستافی سوپاش لە رێگەی سەرکردەی ستافەکەوە دەبەسترێتەوە بە سەرۆك کۆماری وڵات، ئەوەی راست بێت تا ئێستاش سوپا دەسەڵاتە گەورەکەی خۆی لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەییدا دەدۆزێتەوە، ئەم ئەنجوومەنە بێجگە لە ئەفسەرە گەورەکانی سوپا، سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیران و وەزیری بەرگری و ناوەخۆ و

(١) سامی شۆڕش، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٩.

(٢) پاوڵ بی هێنری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١.

چەندین بەرپرسی ئیستخبارات و ئاسایشی تێدایە.[1] هەرچەندە رۆڵی سوپا رۆژ بە رۆژ لە گۆڕەپانی سیاسی تورکیادا کاڵتر دەبێتەوە کە دەتوانین هۆکارەکانی ئەم پاشەکشەی سوپا لە ژیانی سیاسی تورکیادا لە چەند خاڵێك کورت بکەینەوە:

١. کەمبوونەوەی رۆڵ و رێژەی ئەندامانی سوپا لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا کە لە پازدە ئەندام (٥) ئەندام سەر بە سوپان، و (١٠) ئەندامەکەی تر لە کەسانی مەدەنی (سیاسی) پێکدێت.
٢. دانانی چاودێری لەسەر بودجەی سوپا، کە پێشتر هیچ لایەنێك توانای چاودێری و بەدواداچوونی لەسەر چۆنیەتی و چەندییەتی داهات و بودجە و خەرجییەکانی سوپای نەبوو.
٣. زاڵبوونی لایەنی سیاسی بەسەر سوپا و چالاکییەکانی.
٤. دادگایی کردنی هەندێك لە ئەفسەرە پایە بەرزەکانی سوپا لەلایەن دادگاوە.
٥. هەوڵی تورکیا بۆ بوونە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا و هەوڵەکانی تورکیا بۆ چاکسازی لە بوارە جیاجیاکاندا کە کەمکردنەوەی دەستێوەردانی سوپا لە کاروباری سیاسی یەکێکە لەم چاکسازییانە.

## ١-٦- تورکیا و قەیرانەکانی:

### ١-٦-١- تورکیا و کێشەی قوبرس:

لە ماوەی سی ساڵی رابردوو تورکیا لە تەك دەیان گیروگرفتی بچووك و گەورە کێشەیەکی گەورەتری لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەبووە ئەویش کێشەی دورگەی قوبرسە، دورگەی قوبرس دەکەوێتە ناو دەریای ناوەڕاستەوە، رووبەری دورگەی قوبرس دەگاتە (٩٢٥١) کیلۆمەتر چوارگۆشە، ژمارەی دانیشتوانەکەی (٩٣٥,٠٠٠) هەزار کەسە کە ٨٠٪ بە رەگەز یۆنانین و ١٨٪ بەڕەگەز تورك و ٢٪ جالیەی بیانی دیکەن، دوای سەربەخۆیی لە ساڵی ١٩٦٠ کە جەنگێکی رزگاریخوازی خوێناوی دژی

(١) سامی شۆڕش، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠.



کۆلۆنیالیستی بەریتانیا بوو، لە قوبرس وا رێککەوتن کە سەرۆکی کۆمار قوبرسی یۆنانی بێت و جێگرەکەی تورك بێت، بە واتە سەرۆك مەسیحی و جێگر موسڵمان و پەرلەمانیش ٧٠٪ بۆ یۆنانییەکان و ٣٠٪ بۆ تورکەکان، ناکۆکییە ناوخۆییەکانی قوبرس و دەستێوەردانی هەریەکە لە تورکیا و یۆنان کە ململانێی دێرینەیان لەگەڵ یەکتر هەیە کە رەگ و ریشەی دەگەڕێتەوە بۆ مێژوو بە تایبەت سەرەتای سەدەی شانزەهەم کاتێك ئیمپڕاتۆری عوسمانی پەلاماری دەوڵەتی ئیغریقیدا بەڵام دواتر، لە ساڵی ١٩٧١ کودەتایەك لە دژی ئیسقوف مەکاریۆس ئەنجامدرا هەرچەند سەرکەوتوو نەبوو بەڵام هەموو لایەنەکان کەوتنە خۆیان و ناکۆکییەکان لە نێوان هەردوو بەشەکەی قوبرسدا (بەشی تورك نشین و بەشی یۆنانی نشین)، ئەوە بوو لە ١٩٧٤/٧/١٥ بزووتنەوەی راستی نەتەوەیی کە بە گاردی نەتەوەیی قوبرس ناسرا بوون بە سەرکردایەتی "نیکۆس سامبسۆن" کودەتایەکیان کرد لەسەر دەسەڵاتی قەشە مەکاریۆس و لەکاریان خست و کودەتاچیان دروشمی یەکگرتنەوە لەگەڵ یۆنانیان بەرز کردەوە، لە کۆتاییشدا تورکیا کە ئەو کات هاوپەیمانی سەرەکی واشنتۆن بوو لە ناوچەکە و بە بنکەی سەرەکی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دادەنرا لە دژی یەکێتی سۆڤیەتی جاران لە هێرشێکی سەربازی بەرفراواندا کە (٣٠,٠٠٠) هەزار سەرباز بەشداریان تێدا کرد، بەشی باکوری قوبرسیان داگیرکرد و حکومەتێکی کۆماریان بە سەرۆکایەتی "رەئوف دەنگتاش" تیا دامەزراند، ئەو حکومەتەش تەنیا لە لایەن تورکیا دانی پێدانراوە و هێزە سەربازییەکانی تورکیا هێشتا لەو بەشەدا ماون[1]، هەرچەندە گفتوگۆی راستەوخۆ بەسەرپەرشتی سکرتێری پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکان "کۆفی عەنان" دەستپێکرد و دوای کۆبوونەوەی کۆبنهاگن نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام بوو لەسەر هەوڵەکانی خۆی و سەرانی هەردوو بەشەکەی قوبرس "رەئوف دەنگتاش" و "پاپاپۆلس" لە ساڵی ٢٠٠٤ لە پاش کۆبوونەوەیەکی

(١) عەبدولمحەمەد ئەحمەد، ( دورگەی قوبرس...قەیرانێکی تاقەت پرۆکێن )، گۆڤاری دۆسییەی تورکیا، سلێمانی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، نیسانی ٢٠٠٦، ژمارە ٣، ل ٥٣.

کورت لەگەڵ "عەنان" سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرك رازی بوون کە لە سویسرا رێکەوتننامەیەك بنوسرێت کە سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوەی تورکیا و یۆنانیش بەشداربن لەو کۆبوونەوەیە، بەڵام ئەم رێکەوتننامەیە دوای ئەوەی خرایە ریفراندۆمەوە لە ئەنجامدا ٦٥٪ دەنگدەرانی تورکی قوبرس لەگەڵ رێکەوتننامەکە بوون کەچی قوبرسییە یۆنانییەکان بە ٧٦٪ ی دەنگەکان رێکەوتننامەکەیان رەتکردەوە.[١]

ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەوڵێکی زۆریان دا بۆ خاوکردنەوەی گرژییەکە، لەلایەکی دیکەوە یارمەتی دانی هەردوو دەوڵەتەکەیان ( یۆنان و تورکیا ) بەیەك بەستەوە، واتە کردیان بە مەرج کە ئەگەر بیانەوێت ئەو یارمەتیانە وەربگرن ئەوا دەبێت پەشێوی و ناکۆکییەکانیان رابگرن و بە سیاسەت چارەسەریان بکەن، لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە داگیرکردنی بەشی باکوری قوبرس لە ساڵی ١٩٧٤ گەورەترین تەگەرەی لەبەردەم ئەنقەرە دروستکرد، بۆ چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا، ئێستاش یەکێك لە داواکارییەکانی یەکێتی ئەوروپا ئەوەیە کە دەبێت ئەنقەرە قەرەبووی ئەو زیانانە بداتەوە، هەروەها دادگای ئەوروپی کە تایبەتە بە چاودێری پێشێل کردنەکانی مافی مرۆڤ، لەباری خۆیەوە تورکیای بە پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە دورگەکە تۆمەتبار کرد، هەروەها داگیرکردنی بەشێکی قوبرس گیروگرفتی زۆری بۆ تورکیا دروستکردووە لە هەموو بوارەکان، لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا لەگەڵ یۆنان و ئەوروپا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، هەروەها لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتی ئەوساش، چونکە یۆنانییەکان لە رووی مەزهەبی و ئایینییەوە جۆرە نزیکییەکیان لەگەڵ رووسەکانەوە هەیە، هەروەها لە ئاستی ناوەخۆش لە رووی ئابووری و ئەو بودجە زۆرەی کە پرۆسەی جەنگ و مانەوەی لەشکر دەخوازێت و لە رووی پەیوەندی ئەوروپییەکانیشەوە تا ئێستا رێگەی ئەندامیەتی یەکێتی ئەوروپای لێ گرتووە.[٢]

(١) سامی شۆڕش، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١١.

(٢) سامی شۆڕش، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٧.



ئەوەی راست بێت لە درێژایی ٦٠ ساڵی رابردوو تەنیا دووجار هاوپەیمانیەتە ستراتیژیەکەی ئەنقەرە و واشنتۆن تووشی سارد و سڕی هاتووە، یەکەمیان لە ساڵی ١٩٧٤ کاتێك سوپای تورکیا باکوری دورگەی قوبرسی داگیرکرد، دووەمیان کاتێك ئەنقەرە لە ساڵی ٢٠٠٣ رازی نەبوو وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەیویست بەشداری جەنگی ئازادی عێراق بکات، بە نسبەت حاڵەتی یەکەم واشنتۆن دوای داگیرکردنەکە ناردنی چەك و تەقەمەنی بۆ تورکیا راگرت، ئەنقەرە لە بەرامبەردا هەموو هاوکارییەکی سەربازی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا راگرت بێجگە لەو پەیوەندییەی کە لە پەیماننامەی ناتۆ هەبوو ئەمە بەردەوام بوو تاوەکو ساڵی ١٩٧٨ کاتێك کۆنگرێسی ئەمریکی بڕیاری لابردنی سزا سەربازییەکانی سەر تورکیادا.[١]

### ١-٦-٢- ئاسەواری هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و کۆتایی جەنگی سارد لەسەر تورکیا:

#### ١-٦-٢-١- کاریگەری لێك هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت لە ناوخۆی تورکیا:

نەمانی یەکێتی سۆڤیەت پاش ٧٠ ساڵ بەردەوامی بۆ یەکەمجار چارەنووسی قەوارەی تورکی خستەڕوو، ئەو قەوارەیە کە لە پەیمانی لۆزانی ساڵی ١٩٢٣ بنەما تازەکانی کۆماری تورکیا دانرا، پاش ٧٠ ساڵ بلۆکی کۆمۆنیزم هەرەس دێنێ و یەکێتی سۆڤیەت هەڵدەوەشێتەوە و لەگەڵ دووەمین جەنگی کەنداودا تەرازووەکانی هێز لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەڵاوگێر دەبن و دەوڵەتێکی خاوەن سوپایەکی گەورەی هاوپەیمانی ناتۆ دەکەوێتە ناو کۆمەڵێك دەوڵەتی نوێ کە پەلوپۆ بۆ گەڕان بەداوی شوناسێك و سیستەمێکی سیاسی و تایپێکی ئابووری نوێ دەهاوێن، ئا لەو سەردەمەوە بیرۆکەی (عوسمانیەتی نوێ) لەلایەن سەرۆکی تورکی "تۆرگۆت ئۆزاڵ" کە هەمیشە لە داهێنانی بیرۆکەی تازە و دەست پێشخەریدا لێهاتوو بووە هەلی

(١) هەمان سەرچاوە، ل ١٢٣.

بارودۆخی هەرێمی و جیهانی گۆڕاوی قۆستەوە، هاتەکایەوە و "چەنگیز چاندار"یش کە راوێژکاری ئۆزاڵ بوو لە گەورەترین تیۆریزەرەکانی ئەم بیرۆکەیە بوو بە کورتی و بە چڕی (عوسمانیەتی نوێ) بریتییە لەوەی کە تورکیا دەبێ رۆڵێکی زیندوو و چالاکانە لە دەوروبەری خۆیدا ببینێت، واتە هەر لە دەریای ئەدەریاتیکەوە تا شوورای چین کە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیش دەگرێتەوە، کەواتە (عوسمانیەتی نوێ) ئەو بارودۆخەیە کە قەوارەی تورکیای نوێی تیا لەدایکبوو، ئەمەش تێپەڕاندنێکە بۆ یەکێك لە گرینگترین بیرۆکەکانی کەمالیزم لە سیاسەتی دەرەوەدا سەبارەت بە گۆشەگیری تا رادەی دابڕان و خۆتێوەنەگلاندن لە کاروباری دەرەوەی سنووری وڵات بەپێی دروشمی (ئاشتی لە نیشتماندا ئاشتی لە جیهاندایە) خۆتێوەگلاندنی تەواوی تورکیا لە جەنگی دووەمی کەنداودا لوتکەی دابڕین بوو لە لادانی ئەو دروشمە، گەر (عوسمانیەتی نوێ) بریتی بوو لە رەهەندی دەرەوەی ئەم فەلسەفە نوێیە ئەوا رەهەندی ناوەوەشی خۆی لەوە بینیوە کە "محەمەد ئالتان" مامۆستای زانکۆ و هاوڕێی چاندار لە رۆژنامەی (صباح)دا بیرۆکەی (کۆماری دووەم)ی خستەڕوو کە بە کورتی بریتییە لە گشتگیرکردنی دیموکراسی و ئازادییەکان لە نێوانیشیاندا مافی کەمایەتییەکان (بە پلەی یەکەمیش کوردەکان) لە گوزارشت کردن لە شوناسیان، هەروەها باڵا دەست کردنی مەدەنیەت لە کۆمەڵگادا و باڵا دەست کردنی بەسەر رەوتی میلیتاریزمدا، لەلایەکی ترەوە کۆتایی جەنگی سارد و هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤیەت لەسەر ئاستی ململانێی سیاسی و فکری ناوەوەش بە نەمانی کێشمەکێشی راست و چەپ بە بەرژەوەندی راست کشایەوە بەڵام کێشمەکێشمێکی تری زەق کردەوە ئەویش کێشمەکێشمی نێوان ئیسلامییەکان و عیلمانییەکانە.[1]

(١) محمد نورالدین، تورکیا لە سەردەمی گۆڕاندا، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە ئازاد بەرزنجی، سلێمانی: دەزگا و چاپی پەخشی سەردەم، ٢٠٠٠، ل ١١.



### ١-٦-٢-٢- کاریگەری لێك هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت لەسەر پێگەی تورکیا و رۆڵی ئیقلیمی:

لێك هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت تورکیای کرد بە بەهێزترین دەوڵەت لە ناوچەکەدا، چ لە رووی دانیشتوانی و چ لە رووی تایبەتمەندی جیۆپۆلەتیکەکانی چ لە قەفقاس و ئاسیای ناوەڕاست کە لە وڵاتانی تورك زمان پێکدێت کە ئەمانە هەموو کۆمەڵێك پەیوەندی ئیتنی و زمانەوانی و رۆشنبیری و ئایینی هاوبەش بە تورکیاوە دەیانبەستێتەوە، یان ئەوەی کە وەکو بازاڕێکی گەورەن بۆ تورکیا، هەروەها سەرچاوەی کەرەسەی خاوی گرنگن بۆ تورکیا لەسەرروو هەموشیانەوە نەوت و گاز، هەرچەندە ئەم لێکهەڵوەشانەوە کۆمەڵێك فاکتەری سەلبی هەبوو بۆ تورکیا لەوانەش کێشەی ئەرمەن و کێشەی کورد، بۆ نموونە ئەرمینیا داوای ئەو زەویانە دەکاتەوە کە لە رووی مێژووەوە بە هی خۆی دەزانێت و ئێستا لە خاکی تورکیادایە و داوا لە تورکیا دەکات کە بە رەسمی دان بەو کوشتارییە دابنێت کە لە ساڵی ١٩١٥ لە دژی ئەرمەنییەکان ئەنجامیاندا، هەروەها کێشەی کوردیش چ لە ناوەخۆ و چ لە دەرەوە وەك دەرەنجامی جەنگی کەنداوی دووەم لە باکوری عێراقدا دەرکەوتووە.[1]

یان ئەوەی کە هەندێك کۆسپی هەرێمی هەیە لەبەردەم گێڕانی رۆڵی ئیقلیمی و پەیوەندی لەگەڵ دراوسێیەکانیدا، بۆ نموونە: لەگەڵ **بولگاریا**: ناکۆکی لەسەر واقعی کەمایەتی تورك لە بولگاریادا، بەتایبەتی پاش هەوڵی بە بولگاری کردنیان پاش ساڵی ١٩٨٠، هەروەها لە بۆسنی، گومان لە تازە کردنەوەی رۆڵی عوسمانی لە بەلقان، لەگەل **یۆنان**: ناکۆکی لەسەر دەریای ئیژە لە رووی ئاسمانی و ئاوی و هەرێمی و کشانی کیشوەری، هەروەها لەسەر قوبرس، لەگەڵ **رووسیادا**: ناکۆکی لەسەر دەسەڵات لە قەفقاس و ئاسیای ناوەڕاست و لەسەر نەوتی ئازەربایجان و تێپەڕینی بە دەربەندەکاندا و رۆڵی تورکیا بەرامبەر بە گەلانی تورك لە ناو رووسیای یەکگرتووی خۆیدا، لەگەڵ **ئەرمینیا**: لەسەر قەرەباغ و تاوانبارکردنی تورکیا لە کوشتاری ساڵی

(١) هەمان سەرچاوە، ل ١٦.



PDF 4 KURD

١٩١٥ دژی ئەرمەن و داواکردنی قەرەبوو و زەوی و زار لەناو تورکیادا، لەگەڵ **ئێران:** گرژی مەزهەبی و گومانی سیاسی و ناکۆکی ئایدیۆلۆژی و ململانێ لەسەر دەسەڵات لە قەفقاس و ئاسیای ناوەڕاستدا، لەگەڵ **عێراق:** ناکۆکی لەسەر دەسەڵاتی هەرێمی لەسەر مەسەلەی موسڵ ـ کەرکوك و ئەو شتانەی پەیوەندیان بە مەسەلەکانی نەوت و سنوور و ئاوەوە هەیە، لەگەڵ **سوریا:** ناکۆکی لەسەر ئاو و بەندەری ئەسکەندەرون و ... هتد.[١]

### ١-٦-٢-٣- کاریگەری هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت لەسەر تورکیا لە بلۆك بەندی جیهانییەکاندا:

نەمانی مەترسی کۆمۆنیست لەسەرێکەوە بایەخی ئەتڵەسی تورکیای خستە پەراوێزەوە، چونکە تورکیا لە رووبەڕووبوونەوەی مەترسی یەکێتی سۆڤیەت و بلۆکی کۆمۆنیست بۆ رۆژئاوا رۆڵێکی سەرەکی هەبوو، هەروەها دەبینین لە ململانێیە نێودەوڵەتییەکاندا بۆ نموونە لەگەڵ ئەڵمانیا کە ساڵانێکی زۆر پەیوەندی باشی هەبووە دەکەوێتە بارێکی گرژ و ناکۆکەوە یان سەربەخۆ بوونی کۆمارە ئیسلامییەکان لە ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاسدا پەیوەندییەکانی تورکیا و ئێرانی خستۆتە قۆناغێکی گرژ و کێبرکێوە بۆ نموونە کێشەی قەرەباغ لە نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجانەوە[٢]، پسپۆڕی ئابوریناسی تورك "سینجەر دایڤیچ ئۆغلو" وای دەبینێ کە تورکیا دەکەوێتە ناوەڕاستی بونیادێکی جوگرافی و سیاسی بەم شێوەیە:

١. یەکێتی مەسیحی کە لە ئەتڵەسییەوە تا ئۆڕاڵ درێژ دەبێتەوە.
٢. ئەو کۆمارە تورکییە نوێیانەی کە پاش هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت هاتنەئاراوە.

(١) محمد نورالدین، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ٢١.



٣. پشتێنەی ئیسلامی کە خۆرهەڵاتی عەرەبی و ئێران و پاکستان دەگرێتەوە، جا لەبەر ئەوەی تورکیا کەوتۆتە ناوەڕاستی ئەو سێ بازنەیە دەتوانێ رۆڵێکی سیاسی و ئابووری زۆر گرینگ ببینێت.[١]

بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە کێشەی بەڵقان بکەین کە لە ناوەڕاستی ١٩٩١دا یوگسلاڤیا کە لە ئەنجامی جەنگی ناوەخۆ هەڵوەشایەوە و لەو مەسەلەیەدا بۆسنە و هێرزۆگۆڤین کە دیارترین هەرێمی رۆژئاوای بەڵقانە کە تیایدا زۆرترین ژمارەی موسڵمانانی تێدایە، کە لە ١٩٩١دا لە نزیکەی چوار ملیۆن ژمارەی دانیشتوان (٤٣٪) موسڵمان بوون و نزیکەی (٣٣٪) سربی ئۆرسۆدۆکسی و زیاتر (١٧٪) کرواتی کاسۆلیکی رۆمان بوون، لە ساڵی ١٩٩٢ دوای دروستبوونی توندوتیژییەکی لە رادەبەدەر لەو هەرێمە، سەرقاڵ بوونی تورکیا بە جەنگی نێوان ئازەربایجان و ئەرمینیا و راپەرینی کورد لە سنووری هەرێمەکەی خۆیدا کە لە یەکەمیاندا پشتگیری ئازەربایجانی دەکرد و لە دووەمیاندا دەستی بەسەرکوت کرنیانی کرد، لەم بارودۆخەدا بەهۆی رای گشتی تورکیا خۆی و گێڕانی دەوری سەرکردایەتی وڵاتانی موسڵمانی تورك زمانەوە لەلایەن تورکیا، تورکیا کەوتە گێڕانی دەورێکی گرینگ لەو مەسەلەیەدا.[٢]

### ١-٦-٣- تورکیا و کێشەی عەلمانی ـ ئیسلامی:

لە تورکیا موسڵمانان ٩٨٪ی دانیشتوان پێکدەهێنن، ئیسلام لە رابردوودا، هەروەها ئێستاش توخمێکی کارەکتەری تورك پێکدەهێنێت، یەکێك لە توێژەرانی تورك نووسیبووی ((هاوڵاتی تورك چەند خۆی بە تورك دەزانێ ئەوەندەش خۆی بە

(١) سینجەر دایڤیچ ئۆغلو، رۆژنامەی جمهوریەت لە تورکیا، ١٩٩١/٤/٩، سەرچاوە: محمد نورالدین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١.

(٢) جەی ئێف براون، (تورکیا گەڕانەوە بۆ بەلقان)، جیۆپۆلەتیکی نوێی تورکیا، ، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە عەتا قەرەداغی، سلێمانی: بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، ٢٠٠٦،، ل ٣١٨.

موسڵمان دەزانێ))[1] ، هەر لە سەرەتای حەفتاکانەوە تورکیا راهاتووە بە بوونی حیزبێك کە هەڵگری بیروباوەڕی ئیسلامی بێت، بۆ نموونە لە هەڵبژاردنەکانی **١٩٧٣** و **١٩٧٧** حیزبی سەلامەتی نیشتمانی توانی ژمارەیەك لە کورسییەکانی پەرلەمان بەدەستبهێنێت، دواتریش حیزبی ئیسلامی رەفاه کە میراتگری حیزبی سەلامەتی نیشتمانییە لە هەڵبژاردنە فەرعییەکانی شارەوانیدا لە ئەستەنبۆڵ لە ساڵی **١٩٩٢** زۆرترین دەنگی بەدەستهێنا[2]، دەتوانین بەگشتی بڵێین سێ هۆکاری سەرەکی هەن کە یارمەتی گەشەسەندنی تەوژمی ئیسلامی دەدەن لە تورکیادا لەم ساڵانەی دواییدا:

١. هەرەسی ئایدیۆلۆژیای سۆشیالیست، پاش هەرەسی یەکێتی سۆڤیەت و ئۆردوگای شیوعی.

٢. گۆڕانکارییە پەیوەستدارەکان بە کێشەی کوردەوە هەر لە ساڵی **١٩٨٤** تا ئێستاوە کە داوا دەکەن کە کێشەی کورد لەسەر بناغەی برایەتی ئیسلامی چارەسەر بکرێت.

٣. پەیوەندی بە کێبڕکێی ئێران و سعودییە هەیە لەسەر ئیسلامییەکانی ناو تورکیا.[3]

جگە لە ئیسلامییەکان ئۆزاڵ یەکەمین لێپرسراوی رەسمی پایەبەرزی تورکیا بوو داوای رەخنەگرتن لە ئەتاتورك و خستنەڕووی لایەنەکانی کرد، ئەو خۆی بە ئەتاتورکییەکی تر لە قەڵەم دەدا بەڵام جیاواز لە ئەو، جێگای ئاماژەیە "تورگۆت ئۆزاڵ" کە بەشێوەیەکی ئاشکرا و رێك و پێك ئەرکە ئایینییەکانی بەجێدەهێنا، ئەم مەیلە ئیسلامییەی ئۆزاڵ لەسەر بەرژەوەندییە ئابورییەکانیش رەنگی دایەوە بە چاککردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ جیهانی ئیسلامدا و راددەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە

(1) Metin Tamkoc ;( stable instability of Turkish Polity).*Middle East Jornal*, Vol. 27, No. 3, summer 1973, p.302.

(٢) محەمەد نورالدین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل ٨٩.



نێوان تورکیا و دەوڵەتە ئیسلامییەکاندا روو لە زیاد بوون کرد، ئۆزاڵ لە وتارێکدا کە لە میهرەجانێکدا بۆ پشتگیری بۆسنە لە ١٢ی شوباتی **١٩٩٣** دا سازکرابوو خوێندوییەوە، بە ئاشکرا گوزارشتی لەو مەیلە ئیسلامییەی خۆی کردوو و وتی: "تورکیا دەوڵەتێکی عیلمانییە و دەوڵەتێکی ئیسلامییە و دەوڵەتێکی دیموکراتە". سەرباری ئەوەش ئەو مەیلە ئیسلامییەی ئۆزاڵ رێی لە پتەو کردنی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل و جوولەکە تورکەکاندا نەگرت و کۆمەڵێك پەیماننامەی ئابووری و زانستی لە نێوانیاندا ئیمزا کرا.[1] دەبینین ئەو رەوتە بەردەوامە تاوەکو ئێستاش بە حیزبی داد و گەشەپێدان، ئەوەش بەڵگەیە کە رژێمی عیلمانی نەیتوانی لە رێی پەرلەمان و ئەنجوومەنە ناوچەییەکانی شارەوانییەوە بە جۆرێك بچێتە ناو بونیادی بنەڕەتی محافزەکاری کۆمەڵگای تورکییەوە کە نەهێڵێت هەستی ئایینی لای هاوڵاتییەکی تورکی بگۆڕێت بۆ واقعێکی سیاسی، کەمالیزم ئایدیۆلۆژیای دەسەڵات و دەوڵەت بوو، هەر بەناوی ئەویشەوە حیزبەکان کێبڕکێیان دەکرد و چەندین کودەتا روویاندا و خوێن رژا، بە نابووت کردنی کەمالیزم هەرەسی چەپ لە جیهان و تورکیا داهات و بۆشاییەکی لەو بەرەیەدا دروستکرد کە هەڵگری خۆزگەکانی هەژاران و کۆچبەرانە، دەبینین کە حیزبی رەفاه ئەو کات دروشمە چەپەکانی دووپاتکردەوە و بەشێکی زۆری خەڵکی لە دەوروبەری خۆی کۆکردەوە بەڵگەش بۆ ئەمە هەڵبژاردنەکانی **٢٧**ی ئاداری **١٩٩٤** لە تورکیادا[2]، لە دوای سەر لە نوێ هاتنەوەی حیزبی داد و گەشەپێدان بۆ سەر حوکم، مەسەلەی پێناسە ئیسلامییەکەی تورکیا دیسانەوە وەك بابەتێکی گەرم خۆی لەسەر شانۆی رووداوەکان نواندەوە، و راستییەکی پەیوەست بەم مەسەلە ئەوەیە کە تورکیا دەیەوێت بەرنامەی خۆپچڕان لە ئیسلام و کەش و هەوای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە رێگەی بە عیلمانی کردنی دەوڵەت جێبەجێ بکات، لەگەڵ ئەوەش

(١) عومەر نورەددینی، سیستەمی نوێی جیهانی و دۆزی کورد ( کوردستانی عێراق وەك نموونە)، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم، ٢٠٠٣، ل ٦٢ و ٦٣.

(٢) محەمەد نورالدین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٥.

ئەگەر بە وردی لە هەلومەرجەکانی ناوخۆی کۆمەڵگای تورکی بکۆڵینەوە دەبینین بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا یەك لە بزووتنەوە بەهێزەکانی ئیسلامی سیاسییە لە تەواوی جیهاندا، نە تەنیا لەناو هەژاران و نەخوێندەواران بەڵکو زۆربەی کاکڵە سەرەکییەکەی ئەم بزووتنەوەیە لەناو قوتابیانی زانکۆ و بازنەی خوێندەواران و قوتابخانە ئایینییەکان و بوارە زانستییەکانە.[1]

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە تورکیا لە ژیانی سیاسی رۆژانەیدا عیلمانییە و رێگە بە ئیسلامی سیاسی نادات کە چالاك بن، بەڵام کاتێك مەسەلەکە دێتە سەر ئیسلام و ئەوروپا ئەوا ئەنقەرە ئەوە زوو دەردەبڕێت کە ئەوروپا بە ئەندام لە ریزەکانی خۆیدا وەری بگرێت ئەوا مانای ئەوەیە کۆمەڵگا و دەوڵەتە موسڵمانەکان لە جیهان لەوە تێدەگەن کە دیموکراسی و ئیسلام قابیلی بەیەکگەیشتنن، بەڵام ئەگەر بە ئەندام وەری نەگرێت ئەوا یەکسەر دەنگۆی ئەوە لە ئەنقەرە بڵند دەبێتەوە گوایە یەکێتی ئەوروپا بووەتە یانەی وڵاتانی بە ئایین مەسیحی[2]، لەلایەك لە سەردەمی "نەجمەددین ئەربەکان"دا دامەزراوی سوپا لە رێی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەییەوە بە هاوکاری دەزگا و حیزبە عیلمانییەکان تینی ( گوشاری )ی بۆ ئەربەکان هێنا و ئاماژەشی بەوەدا ئەگەر ئەربەکان سەر دانەنوێنی ناچار پەنا دەبرێتەبەر کودەتا، لە کۆبوونەوەی رۆژی ٢٨ی شوباتی ١٩٩٧ ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لەو کۆبوونەوەدا ئەنجوومەن ٢٠ داوای خستە بەردەم ئەربەکانەوە لەوانە:

١. داخستنی خوێندنگە دینییە نارەسمییەکان.
٢. دانانی سنوورێك بۆ پشتیوانی هەندەرانی دارایی بۆ حیزبی رەفاە.
٣. رێنەدان بە وەرگرتنی ئەوانەی لەبەر چالاکی و پەیوەستی ئیسلام گەراییان لە سوپا دەردەکرێن، لە دەزگاکانی دەوڵەتدا.

(١) سامی شۆڕش، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٩.

(2)Turkey demands talks on joining EU, Jon Henley, Jeevan Vasager and lan Black, The Guardian (United Kingdom), 27 November 2002



٤. دەرکردنی زیاتر لە ١٦٠ ئەفسەری سوپا لەوانەی گومانی ئیسلامگەراییان لێ دەکرێت.
٥. پابەندبوونی تەواو بە ماددەی ١٧٤ی دەستوور کە باسی پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی کۆماری عیلمانی دەکات.
٦. هەڵوەشانەوەی هەر گرووپێکی ئیسلامی چەکداری نارەسمی و تۆمارکردنی هەموو چەکەکانیان.[1]

ئەوەش بوو کە لە ١٨ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٧ لەژێر گوشارەکان ئەربەکان دەستی لەکارکێشایەوە.

پەیوەندییەك کە پێشتر توانای تەسەور کردنی نەدەبوو و ئێستا زاڵبووە ئەو بیرۆکەیە پەیوەندی نێوان ئیسلام و سیکۆلاریزمە، کە ئێستا تەسەور دەکرێت و جێگای سەرنج ئەوەیە کە پێداگرتنی کەمالیزم لەسەر راگرتنی جیاوازی لە نێوان سکۆلاریزم و ئیسلام بەهەر نرخێك دەگاتە ئەنجامەکەی کە تەسك کردنەوەی سنووری تاکە کەسییە، هەروەك رۆژنامە سیکۆلارەکانی تورکیا ئاماژەی پێدەدەن کە ململانێیەك هەیە لە نێوان مۆدێرنیتەی سیاسی ـ سکۆلاریزم و ئازادی[2]، چاودێران و لێکۆڵەرەوەکانی بواری تورکیا یەك دەنگییەکیان لێ بەدیدەکرێت لەسەر رووداونی گۆڕانکارییەکی دیار لە ئەزموونەکە دیموکراتییەکەی تورکیا بەم جۆرە لە هەلومەرجی نەوەدەکان و سەرەتای هەزارەی سێیەم جۆر و ئامرازی تازەی لە بەڕێوەبردنی کاری سیاسی ئاشتیخوازانەدا هێناوەتە پێش، سەرەڕای ئەو لایەنە خراپانەی کە لە ئەزموونەکەی تورکیا بەدیکراون و بەدیدەکرێن ئەم ئەزموونە توانیویەتی گەورەترین و بەهێزترین دوو جەمسەری سیاسی و ئایدیۆلۆژی لە هەردوو جیهانی ئیسلام و

(١) ابراهیم الداقوقی، مستقبل الحکم فی ترکیا، المجله قضایا الدولیة، العدد ٣٧٥، السنة الثامنة ١٧ مارس ١٩٩٧، ص٢٠.

(٢) جیرمی والتون، اسلام سکۆلاریزم ایدئولوژی سیاسی و مشی عمومی در ترکیه معاصر، مترجم علی ملائکه، هفته نامه ـ خردنامه همشهری، شماره ٧٣، ١٣٨٤.

عەرەبدا بە شێوەیەکی ئاشتییانە لە خۆ بگرێ، واتە دوو جەمسەرەکە رەهەندی مەدەنی عیلمانی و رەهەندی ئیسلامی، کە دەبینین لەگەڵ هەڵبژاردنەکان پارتی داد و گەشەپێدان وەکو پێشتریش لە ئەزموونی پارتی رەفاه نوێنەری ئەوسای ئیسلام گەرا لە رێی کودەتای سەربازییەوە لانەدران، بەڵکو لایەنی عیلمانی ئەوەندی پێی کرا هەوڵیدا سوود لە هەموو هاوپەیمانییەکان و گوشارە سیاسییەکان وەربگرێت[١]، دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامە کە لە حاڵی ئێستادا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەوروپا پێدەچێت مەبەستیان بێت پشتی حکومەتی "ئەردۆگان" بەرنەدەن و نەهێڵن دەستی سوپا بیگاتێ، هەروەکو چۆن نووسەری تورك "گونایەت ئول سەفەر" پێیوایە رۆژئاوا دەیەوێت سێ ئامانج لەو تاقیکردنەوەیەی ئەردۆگان بپێکێت:

ئامانجی یەکەم: ئەوەیە کە لە رێگای ئەو تاقیکردنەوەیە بۆ جیهان بسەلمێنێت، بەتایبەتی بۆ جیهانی ئیسلامی، کە رێگەیەکی فراوان لەبەردەمە بۆ تێکەڵکردنی ناوەرۆکی ئایینی ئیسلامی لەگەڵ تاقیکردنەوەی دیموکراسی، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێیوایە تێکەڵاو نەکردنی ئایین و دیموکراسی یەك لەو هۆیانەیە کە دنە بە دیاردەی تیرۆر دەدات لە کۆمەڵگای ئیسلامییەکاندا، ئامانجی دووەم: ئەوەیە کە هەر لە رێگای ئەو تاقیکردنەوەیە بیسەلمێنێت کە ئازادی ئیسلامی سیاسی و گەشەکردنی مەوداکەی و هێنانەکایەی دەرفەرتی گەیشتن بە حوکم تەنیا لەوەدایە کە لەناو چوارچێوەی دیموکراسیدا بجوڵێتەوە، ئامانجی سێیەم: لە هەر لە رێگەی تاقیکردنەوەی حیزبی داد و گەشەپێدانی تورکیاوە هانی دەوڵەتە ئیسلامییەکان بدات کە خۆیان لە بازنەی گۆشەگیری بەخۆدابران دەرباز بکەن و هەنگاو بەرەو دیموکراسی و چاکسازی و جیهانگەرایی بهاوێژن.[٢] د. برهان غلیون

(١) عومترو الشوبكي، الديموقراطية التركية نموذجا للاستيعاب السياسي، مجلة السياسة الدولية، العدد ١٣١، ١٩٩٨، ص١٦٣.

(2) Islamic Democracy or democratic Islam? Cuneyt Ulserver, Turkish Daily News (Istanbul), 12 November 2002.



دەڵێت: ((ئیسلامییەکان، وەکو هەموو ئەوانەی کە تێکەڵاوی چوارچێوەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە سیاسییەکان بوون، یان تێکەڵاوی شێوازی دابەشکردنی دەسەڵات و سامانە ماددی و مەعنەوییەکان بوون، مەسەلەکە لە گۆشە نیگای ناکۆکی و ململانێی نێوان کۆن و تازەوە سەیرناکەن بەڵکو لە نێوان زۆردار و دادپەروەردا، هەر ئەم هەڵوێستە رێگایان دەدات بە بونیادنانی رێبازێکی عەمەلی سەرکەوتووی گرێدراوی نێوان هەندێك شتی تازە و هەندێك شتی کۆن، و گەوهەری گرفتی ئیسلامییەکان بریتییە لە دەرخستنی گەندەلی رژێمی عەلمانی وەك چوارچێوەی تازەگەری)).[١] هەروەها "ساموێل هانتینگتۆن" لەم بارەیەوە دەڵێت: ((میراتی جێماوی ئەتاتورك بۆ تورکیا لە پێناسەکردنی ئەو وڵاتە وەکو وڵاتێکی مۆدێرنی عەلمانی خۆرئاوایی، سێ چارەگە سەدە بەر لە ئێستا ئەتاتورك شەش پرەنسیپی بۆ تورکیا داناوە، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە هەندێ پێداچوونەوەیان تێدا بکرێت و هەمواربکرێت)).[٢] هەندێك لێکۆڵەرەوەی شارەزا لە بواری تورکناسیدا پێیان وایە قەیرانی ونکردنی ناسنامە لە هەموو کێشەکانی دیکەی وەکو قوبرس و کورد و ئەرمەن بۆ تورکیا کاریگەرتر و گەورەترە.[٣]

### ١-٧- تورکیا و یەکێتی ئەوروپا:

زۆر لە چاودێران پێیان وایە لە هەلومەرجی ئەمرۆدا ئەوروپا زلهێزی دووەمی جیهانە لە پاش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەسەر هەموو ئاستی ئابووری و

(١) د. برهان غلیۆن، و د. سەمیر امین، کلتووری بەجیهانیبوون و بەجیهانیکردنی کولتوور، وەرگێڕانی خەبات محمود ، سلێمانی: چاپخانەی کارۆ (خانەی وەرگێڕان)، ٢٠٠٥، ل ١١٥.

(٢) ساموێل هانتکتۆن، ( کولتور، هێز، جەنگ، تورکیا لە سیاسەتی جیهانی نوێدا چ رۆڵێکی دەبێت)، گۆڤاری دۆسێی تورکیا، وەرگێڕان فەیزوڵلا برایم خان، سلێمانی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، ئەیلولی ٢٠٠٥، ژمارە ٢، ل ١٠٧. ﴿ساموێل هانتکتۆن ئەم وتارەی لە کۆنفراسی (AKBANK)ی تورکیادا پێشکەشکردووە، لە سایتی (ZAMANDAILY)ی تورکیا بە زمانی ئینگلیزی وەرگێڕاوە﴾.

(3) Margulies, Ronnie, and Ergin Yildizoglu. "The Political Uses of Islam in Turkey," *Middle East Report,* No. 153, and July-August 198.



PDF 4 KURD

سیاسی و تەکنەلۆژی و پیشەسازی و سەربازییەکاندا، بگرە دەتوانێت ببێت بە جەمسەرێکی دیکەی سیستەمی سیاسی لە جیهاندا لە بەرامبەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا[1]، لەسەر ئەم بنەمایەوە تورکیا لە ساڵی ١٩٥٩وە بە مەبەستی بوون بە ئەندام لە کۆمەڵگەی ئابووری ئەوروپا، تورکیا داواکاری پێشکەش بە کۆمەڵگای ئابووری ئەوروپا کردووە، کە لە ساڵی ١٩٥٧دا لەلایەن بەلجیکا و ئەلمانیا و فەرەنسا و هۆلەندا و ئیتالیا و لۆکسەمبۆرگ دامەزراوە، لە ساڵی ١٩٥٩ تاوەکو ئەمڕۆ زیاتر لە ٤٠ کۆبوونەوە لە نێوان یەکێتی ئەوروپا و تورکیا کراوە بە مەبەستی ئەندام بوونی ئەو وڵاتە لەو یەکێتییەدا، بەڵام تا ئێستا نەبۆتە ئەندامی هەمیشەیی، هۆکاری بە ئەندام نەبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکاری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و جوگرافی و مێژوویی و ئایینی، و بە هاتنە سەرکاری حکومەتەکەی "رەجەب تەیب ئەردۆگان"یش هەنگاوی لەبەرچاو نرا لە مەسەلەی بە ئەندام بوونی تورکیا لەو یەکێتییەدا، لێرە دەکرێت ئاماژە بە مەرجەکانی یەکێتی ئەوروپا بکەین لە ساڵی ١٩٩٣دا مەرجی دانا بۆ وەرگرتنی ئەندامی نوێ و بۆ تورکیا بۆ قۆناغی کاندیدایی ئەم وڵاتەی هەندێ مەرجی داناوە، وەکو:

١. دیموکراسیەتی تەواو. کە ئەو بەندانە لەخۆ دەگرێت:

أ. مافی کەمینەکان ( کورد و ئەرمەن ).

ب. پاراستنی مافی مرۆڤ.

ج. رێگرتن لەبەردەم ئەشکەنجە.

د. سەربەخۆیی دادگا.

٢. توانای خۆڕاگرتن لە بەرامبەر کێبڕکێی نێوان وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا.

---

(١) سامی شۆڕش، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٧.



٣. خۆگونجاندن لەگەڵ بابەتەکانی یەکێتی ئەوروپا، کە ئەم بەندە تەواو کردنی ئامادەییەکان بۆ خۆگونجاندن لە پارە و سیاسەتی دەرەوە و پاراستنی ئاسایش و کێشەکانی ئاسایش لەخۆ دەگرێت.[1]

لێکۆڵەرەوەی ئەمریکی "جێرالد رۆبێنس" دەڵێت: دوو لەسەر سێی خەڵکی تورکیا لەگەڵ ئەوەدان وڵاتەکەیان ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپی، هەروەها ئیشارەت بەوەش دەدات کە ئەم ئارەزووەش زۆرتر لەناو لاواندا هەیە، ئەو لاوانەی ٧٠٪ی دانیشتوانی تورکیا پێکدەهێنن[2]، هەندێك ئامار و سەرچاوە ٦٣٪ی دانیشتوانی وڵاتە ئەندامەکانی یەکێتی ئەورووپی دژی بە ئەندام بوونی تورکیان، جا چ بەهۆی تۆمارە خراپەکەی ئەو وڵاتە لە باری مافی مرۆڤ و چ بەهۆی پێناسە ئایینیەکەی و چ بەهۆی کەم و کوڕی یاساکانی، بەپێی بەندی ٤٩ی رێکەوتنامەی ماستریختی ١٩٩٢ دەوڵەتی پاڵێوراو دەبێ رێز لە بنەماکانی ئازادی و مافی مرۆڤ و دیموکراسی و دەسەڵاتی یاسا و ئازادییە سەرەکییەکان بگرێت.[3] لە کۆبوونەوەی وەزیرانی یەکێتی ئەوروپا لە ١٩٩٩ لە هیلسینکی بە شێوەی یاسایی کاندید بوونی تورکیا بۆ بە ئەندام بوون لەگەڵ ١٠ وڵاتی تر پەسەند کرا، لە پاش پەسەند کردنی کاندید بوونی تورکیا، حکومەت و دەوڵەتی تورکیا بە مەبەستی خۆگونجاندن لەگەڵ مەرجەکانی یەکێتی ئەوروپا زیاتر کەوتە جموجۆڵ، بەشێوەیەکی گشتی لە تورکیا هەندێ ئاستەنگ لەبەردەم پرۆسەی بە ئەندام بووندا هەیە، هەروەها کۆمەڵێك بیروڕای جیاواز، لایەنێکی وڵاتە ئەورووپییەکان پێیان وایە کە بە ئەندام بوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا لە باری پەیوەندی لەگەڵ دونیای ئیسلام و دروستکردنی رەوتێکی پاراستنی ئیسلامی لە بەرامبەر تیرۆریزم بۆ ئەورووپای یەکگرتوو گرنگی هەیە، و

---

(١) زریان محەمەد، (رێگای تورکیا بەرەو یەکێتی ئەوروپا ئاستەنگ و ئەگەرەکان)، گۆڤاری دۆسیەی تورکیا، سلێمانی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، ٢٠٠٦، ژمارە ٣، ل ٥.

(2) Mehmet Ali Birand Turkish Daily News. Ankara, 3 Desmber 2002.

(٣) سامی شۆڕش، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٤.



PDF 4 KURD

تورکیا دەتوانێ رۆڵێکی کارا بۆ دۆزینەوەی بازاڕی ئابووری گەشەسەندووی ئەوروپایی بگێڕێ، هەروەها ئەم لایەنە بەسەر دەستەیی بەریتانیا و ئەلمانیا لەباری سیاسییەوە بە مەبەستی زیادکردنی کاریگەریەکانی خۆیان لە هەرێمی رۆژهەلاَتی ناوەڕاستدا و لە بەرامبەر ئیسرائیلی دۆست و هاوپەیمانی ستراتیژی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دلْخۆشن بە هەبوونی تورکیایەکی ئەوروپی و دۆست و هاوپەیمانی ستراتیژی خۆیان لە هەرێمەکەدا.

بەلاَم لایەنی بەرامبەر پێیان وایە کە تورکیا هێشتا چەندین ئاستەنگی جۆراوجۆری لەبەردەم دایە بۆ ئەندام بوون لە یەکێتی ئەوروپادا، ئەم لایەنە بەسەردەستەیی فەرەنسا بەدوای فۆرمۆلێکی چارەسەری وەکو ( هاوبەشی جیاواز ) کە تەنانەت تایبەت بە تورکیا بێت دەگەڕێن، لەو فۆرمولەدا تورکیا ناتوانێت ببێت بە ئەندام بەلاَم لە هەمان کاتیشدا دەتوانێت ئیمتیازات لە ئەوروپا وەربگرێت، وەکو (هاوبەشێکی جیاواز و تایبەت) رۆڵی خۆی بگێرێت، حکومەتی ئەنقەرە لە سەرەتای هەشتاوە دەستی کردبوو بە جێبەجێ کردنی بەرنامەیەك لە بواری ئابوریدا، ئەو بەرنامەیە زۆرتر بواری دەرگا کردنەوەی ئابووری دەگرتەوە لەبەر بازرگانەکانی جیهاندا، هەروەها لە رۆژی ١٢ی حوزەیرانی ٢٠٠٦ وەزیرانی دەرەوەی ٢٥ ولاَتە ئەندامەکەی یەکێتی ئەوروپی لەو کۆبوونەوەیەی لە لۆکسەمبۆرگ ئەنجامدرا، بڕیاری ئەوەیان وەرگرت کە دەرگای دەستپێکردنی گفتوگۆی رەسمی لەبەردەم تورکیادا بکەنەوە بۆ وەرگرتن لە ئەندامی تەواو لە یەکێتییەکەدا، بەلاَم بەو مەرجەی هەر سی و شەش قۆناغی گفتوگۆی ئەندامیەتی بە سەرکەوتوویی بگەیەنێتە ئەنجام، بەلاَم ئەوەی راست بێت بەشێکی گرنگی دەولەتانی ئەوروپا پێیان وایە هێشتا تورکیا شایەنی ئەوە نییە ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپادا، بۆ نموونە سەرۆکی پێشووی فەرەنسا "ڤالێری جیسکار دیستان" لە وتارێکدا لە ساڵی ٢٠٠٢ رایگەیاند کە تورکیا ولاَتێکی ئەوروپی نییە و نەکلتوور و نەشێوەی ژیانی، پەیوەندی بە کلتووری ژیانی ئەوروپییەکانەوە هەیە، بەڕای "جیسکار دیستان" ئەگەر رێگە بدرێت تورکیا بێتە ناو یەکێتی ئەوروپییەوە ئەوە مانای ئەوەیە یەکێتی ئەوروپی کۆتایی پێ دێت.[١]

---

(1) Giscard speaks up, Turkey wins Mehmet Ali Birand Turkish Daily News, 14 November 2002.



کەچی "خافێر سۆلانا" گەورە بەرپرسی پەیوەندییە دەرەکییەکانی یەکێتی ئەوروپا وا بیرناکاتەوە، بەلْکو پێیوایە جوگرافیا ئەوەندە گرنگی نییە لە مەسەلەی ئەندامیەتی تورکیا، بەلْکو ئەوەی گرنگە چارەسەرکردنی کێشەی قوبرس و چاکسازییە لە بواری مافی مرۆڤ و سیستەمی ئابوریدا، لەلایەکی ترەوە سۆلانا هێما بۆ ئەوەش دەکات کە تورکیا دەبێت رازی بێت بەوەی رێکەوتنامەیەکی تازە لە نێوان هاوپەیمانیەتی ناتۆ و یەکێتی ئەوروپایدا مۆربکرێت[١]، لە لایەکی دیکەوە هەندێ بەرپرسی گەورەی تری یەکێتی ئەوروپی وەك " کریس پات " بەرپرسی پێشووی سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا، پێیوایە ئەگەر داواکارییەکەی تورکیا رەتبکرێتەوە و ئەنقەرە بە ئەندامی تەواو وەرنەگیرێت رەنگە ئەم بڕیارە ئەنجامی خراپی لێ بکەوێتەوە لە جیهانی ئیسلامیدا[٢]، سەرۆکی ئێستای فەرەنسا " نیکۆلای سارکۆزی " بە ئاشکرا دژایەتی خۆی بۆ وەرگیرانی تورکیا دەردەبڕێت، دەتوانین ئاستەنگەکانی بە ئەندام بوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا لەو خالاَنە کورت بکەینەوە:

**١. دەسەلاَتی سیاسی:**

أ. رۆڵی سوپا و باڵی سەربازی لە تورکیادا: کە هێشتا بە تەواوەتی لەسەر ئەوە رازی نەبووە کە دەستێوەردانەکانی خۆی لە کاروبارەکانی سیاسی کەم بکاتەوە.

ب. هێزی رانت و بازرگانانی ناکۆکییەکان: لەماوەی تەمەنی کۆماری تورکیادا، ئەم کۆمارە بە دەیان کێشەی هەبووە و ئێستاش هەیەتی کە زۆرجار نکۆڵی لێ کردوون و نەیویستووە چارەسەری بکات، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە لایەنێك بەرژەوەندی ئابووری و مانەوەی سیاسی خۆیان لە هەبوونی ئەم قەیرانانەدا دەبیننەوە، وەکو کورد و ئەرمەنییەکان و قوبرس.

---

(١) سامی شۆڕش، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢.

(2) Europe's path for Turkey, Javier Solana (High Representative of the EU for the Common Foreign and Security Policy) International Herald Tribune, 7 December 2002.



PDF 4 KURD

**٢. کێشەی ئابووری:**

ئابووری ئەمڕۆی تورکیا لە بنەما پاشماوەکانی عوسمانی سەرچاوە دەگرێت کە پشتی بە ئابووری کشتوکاڵی و دەست بەسەر داگرتن و باجی ئەو کەرتەوە گرتووە و پێکهاتەیەکی سیاسی میلیتاریستی (شاراوە و ئاشکرا) گوندیەتی دروستکردووە کە لە ئەنجامدا تورکیای کردووە بە وڵاتێکی قەرزدار، بۆیە هەندێ لایەنی ئەورووپی وەکو فەرەنسا و نەمسا و هەندێك لە پارتەکانی ئەلمانیا پێیان وایە بە ئەندام بوونی تورکیایەکی قەرزار و بە ئابوریەکی لاواز و هێزی مرۆڤی بێ کاری زۆرەوە لە یەکێتی ئەورووپادا دەبێتە هۆی دروستبوونی قورساییەکی زیاتر لەسەر شانی یەکێتی ئەورووپا.

**٣. کێشە سیاسییەکانی تورکیا:**

هەندێك کێشەی سیاسی ناوەکی و دەرەکییەکانی تورکیا بە فاکتەرێکی گرینگ دەزانن بۆ بە ئەندام بوونی تورکیا، لایەنی کەم ئەورووپا تورکیایەکی بێ کێشەی دەوێت:

أ. کێشەی کورد:

کێشەی کورد لە تورکیادا هەر لە سەرەتای کۆمارەوە تاوەکو ئێستا نکۆڵی لێ کراوە و بەبەردەوامی ماوەتەوە، دەسەڵاتدارانی تورکیا هیچ کات ( بە دەگمەن نەبێت) ئامادەیی ئەوەیان نەبووە کە کێشەی کورد وەکو خۆی ناوزەند بکەن و بەناوی تر وەکو (کێشەی تیرۆر، کێشەی باشوری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵیا) باسیان لێ کردووە، کە ئەمەش بووەتە هۆی کاردانەوەی پڕ لە توندوتیژی کوردەکان کە بزووتنەوەیەکی رادیکاڵی وەکو پەکەکەی لێ کەوتەوە، ئێستاش بووە بە یەکێك لە گرینگترین کێشەکانی تورکیا، جا لێرە هەندێ کەس پێیان وایە بەبێ چارەسەر کردنی کێشەی کورد یەکێتی ئەورووپا ئامادەی وەرگرتنی تورکیا نابێت، چونکە نایەوێت پەکەکە و کوردیش بخرێتە پاڵ ئەزموونی (IRA) لە ئینگلتەرا و (ETA) لە ئیسپانیا.

ب. کێشەی قوبرس:

کۆماری قوبرسی باشور یەکێکە لە ئەندامانی یەکێتی ئەورووپا، تورکیا دوای لەشکرکێشییەکەی بۆ دورگەی قوبرس کێشەی بەهێزی لەگەڵ ئەم وڵاتە هەیە، ئێستاش



بە شێوەیەکی فەرمی دانی پێدانانێت، خاڵی ناکۆکی لێرە ئەوەیە کە تورکیا دەیەوێت ببێتە ئەندام لە یەکێتییەك ئامادە نییە دان بە رەوایی ئەندامێکی ئەم یەکێتییە بنێت.

ج. ماف و ئازادییە سیاسییەکانی تاك:

تورکیا لە پاکێتی ریفۆرمەکانی خۆیدا سەبارەت بەم بابەتە باس لە زۆر شتی گرینگ دەکات، بەڵام هێشتان تاکەکان لەبەر بۆچوونی سیاسی دادگایی دەکرێن، بۆ نموونە کەسانێکی وەکو "ئۆرهان پەمۆك" رۆمان نوسی گەورەی تورك تەنیا لەبەر ئەوەی کە باسی کێشەی کورد و ئەرمەنی کردووە دادگایی دەکرێت و حوکمی سێ ساڵ زیندانی بۆ دەردەکرێت.

د. تورکیا و کێشەی ئەرمەن:

تورکیا هێشتا ئامادە نییە ماڵ و موڵکە زەوتکراوەکانی ئەرمەنەکان بداتەوە و دان بە کوشتاری ئەرمەنەکان لە ساڵی ١٩١٥دا بنێت.

**٤. هەندێ لایەنی تر کە ژمارەی دانیشتوانەکەی تورکیایە کە دەگاتە ٨٠ ملیۆن کەس وەکو ئاستەنگێك لەبەردەم بە ئەندام بوونی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپا لە قەڵەم دەدەن و ئاماژەش بەوە دەکەن کە ٨٪ی خاکی تورکیا لەنێو ئەورووپا دایە.**

**٥. ئاستەنگی کلتووری:**

تورکیا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە نوێنەرایەتی کلتووری رۆژهەڵاتی بەتایبەتی ئیسلام دەکات، کەسانێکی وەکو "ساموێل هانتینگتۆن" و هەندێك لایەن لە ئەورووپادا پێیان وایە کلتووری ئەورووپی ناتوانێت تورکیایەکی موسڵمان لەخۆ بگرێت، بۆیە پێشنیاری " هاوبەشی جیاواز " دەخەنە پێشەوە[1].

(١) زریان محمد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥.

# بەشی دووەم

# پرسی کوردەکانی عێراق

نەجات عەلی سالح





PDF 4 KURD

## ٢-١- چۆنیەتی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق:

لە ١١ی ئادار ( مارس )ی ١٩١٧، بەغدا لەلایەن ژەنەراڵ مۆدی بەریتانییەوە داگیر کراو دواتر لە ١ی تشرینی یەکەم ( ئۆکتۆبەر )ی ١٩١٨ هێزەکانی بەریتانی بە یارمەتی عەرەبەکان دەستیان بەسەر سوریاش داگرت و بەم شێوەیە ناوچە عەرەبییەکانی عوسمانی لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانی هاتە دەرەوە، عێراق دوای داگیر کردن تا تشرینی یەکەمی ١٩٢٠ ز، لە چوارچێوەی بەرپرسیارەتی سەرۆکی ناوەندی گشتی هێزەکانی بەریتانیا دابوو کە لەلایەن "مادونش" راسپێردراوی پایەبەرزی وڵات بەڕێوە دەچوو[1]، لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٢١ مەلیك "فەیسەڵ" کە یەکێك لە کوڕەکانی حسێن شەریف پاشای حیجاز بوو و بۆ شای عێراق هەڵبژێردرابوو و پێشتر شای سوریا بوو، هاتە ناو بەسراوە و لە ٢٣ی ئابی ١٩٢١ بوو بە شای عێراق، بەریتانیاییەکان دواتر بە بیانووی رەچاوکردنی دیموکراسی و شەرعیەت دانیان بەو کارەیان راپرسییەك سەبارەت بە هەڵبژاردنی شا فەیسەڵ ئەنجامدەدەن، بەڵام ناوچە کوردییەکانی سلێمانی و کەرکوك لەم هەڵبژاردنە رواڵەتییەدا کە ئامانجی سەرەکی ئەو رەوا بەخشین بە کردەوەکانی بەریتانیا بوو بەشداریان نەکرد، بەریتانیا لە ساڵی ١٩٢١سوپایەکی بۆ عێراق دامەزراند کە ژمارەیان ١٣٠٠ کەس بوو، بەڵام وورد‌ە وورد‌ە ژمارەیان زیادی کرد بەشێوەیەك کە لە ساڵی ١٩٢٥ گەیشتە ٧٥٠٠ کەس، هەروەها رۆژ لەگەڵ رۆژ ژمارەی هێزەکانی بەریتانیا کەم دەبۆوە و دەوڵەتی بەریتانیا پتر لە رێگای ئاسمانی و بە یارمەتی فرۆکە و ئەفسەرە بەرزەکان فەرماندەیی سەرکردەی عێراقی دەکرد و لە شەڕ کردن یارمەتی عێراقییەکانی دەدا، بەم شێوەیە لەژێر سەرپەرشتی بەریتانیا وڵاتی نوێی عێراق دامەزرا، و تا شۆڕشی ساڵی ١٩٥٨ کە لەلایەن ژەنەراڵ "عبدالکریم قاسم" ئەنجامدرا، عێراق هەر لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیا مایەوە و بەرژەوەندییەك و قازانجێکی زۆری بۆ دەوڵەتی بەریتانیا دابینکرد.[2]

(١) ایستیون همزلی کانگرینگ، عراق ١٩٠٠ – ١٩٥٠ تاریخ سیاسی اجتماعی و اقتصادی، مترجم علی درویش، مشهد، آستان قدس رضوی، ١٣٧٦، ص ٢٠٠.

(٢) د. ساڵح مەلا عومەر عیسا، قەیران خولقێنی زلهێزەکان لە کوردستانی عێراق، وەرگێڕان لە فارسییەوە سلێمان تاشان، هەولێر: مەکتەبی ناوەندی دیراسات و پێگەیاندنی حیزبی، ٢٠٠٨، ل ٥٧ تا ٦٠.



## ٢-٢- هەڵکەوتەی جواگرافیایی و سنووری کوردستانی عێراق:

لە جەنگی یەکەمی جیهانییەوە کوردستان بەسەر پێنج دەوڵەت دابەشکراوە، لەمانە بەشی گەورە بەر تورکیا کەوتووە (٤٣٪) و ئێران (٣١٪) و عێراق (١٨٪) و سوریا (٦٪) و (٢٪) بەر یەکێتی سۆڤیەتی جاران کەوتووە[1]، کوردستانی عێراق لە رۆژئاوای ئاسیا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین کە نزیکەی دوو لەسەر سێی نەوتی جیهانی تێدایە، و لە یەك لە ناوچە ستراتیژییەکانی جیهان هەڵکەوتووە، کورد تەنها نەتەوەیەکە کە لە بواری جواگرافیایی سیاسی جیهانییەوە لە چوار ناوچەی جیاواز هەڵکەوتووە، لە جیهانی عەرەب لە سوریا و عێراق، ناتۆ لە وڵاتی تورکیا، ناوەندی باشوری ئاسیا لە ئێران، یەکێتی سۆڤیەتی جاران و ئاسیای ناوەڕاست و قەفقازیش لە وڵاتەکانی ئەرمینیا و ئازەربایجان و گورجستان هەڵکەوتووە، بۆیە پرسی کورد لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ئاڵۆزە.[2]

بەپێی بەندی ٢ لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانی عێراق سنووری هەرێمی کوردستان لە پارێزگاکانی دهۆك و هەولێر و سلێمانی و کەرکوك و بەشێك لە پارێزگای نەینەوا (موسڵ) لە شارەکانی خانەقین و مەندەلی لە پارێزگای دیالە و قەزای بەدرە و ناحیەی جەسان لە پارێزگای واست بەو ناوچانەی کە لە ساڵی ١٩٦٨ کە لە سنووری کارگێڕییان دابوون، هەروەها ئەو ناوچانەی کە زۆرینەی دانیشتوانی کوردن، پێکدێت.[3]

(١) میهرداد ئیزەدی، چەردە باسێك لە بارەی کوردانەوە، بەشی زمان و شارستانیەتەکانی رۆژهەڵاتی نزیك/ زانکۆی هارڤارد، ئەمین شوان لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٧، ل ٢٨.

(٢) د. ساڵح مەلا عومەر عیسا، قەیران خولقێنی زلهێزەکان لە کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٨.

(٣) د. ساڵح مەلا عومەر عیسا، ئەتنیکگەرایی و دەوڵەتی نەتەوەیی لە چەرخی بە جیهانیبووندا، کوردستانی عێراق وەك نموونە، وەرگێڕانی لە فارسییەوە ئازاد وەڵەدبەگی، هەولێر: لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی دیراسات و پێگەیاندنی حیزبی، ٢٠٠٨، ل ١٦٩.

## ٢-٣- كورتە مێژووی پرسی کوردەکانی عێراق تا شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ی عێراق:

لە سەدەی بیستەمدا، هاوکات لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی نەتەوە موسڵمانەکان یەك لەدوای یەك سەربەخۆییان وەرگرت بەشێوازێکی نوێ، واتە لەسەر بنەمای بیری ناسیۆنالیستی و نیشتمانپەروەری، نەك بیری مەزهەبی[(١)]، ناسیۆنالیزمی شۆڤینیەتی تورك لەگەڵ نەتەوەی کورد بە توندی بەرەو ڕووەوە بوو، بۆیە کوژرانی ژمارەیەکی زۆری کوردی لێکەوتەوە، ئەم کارە توند و تیژە چەندین کارەساتی دڵتەزێنی لە کوشتنی ئەرمەنی و کوردی لە ساڵەکانی ١٩٢٥ و ١٩٣٠ و ١٩٣٥ی لێ کەوتەوە[(٢)]، لە ساڵی ١٩١٨ بەریتانیا بەبێ ئەوەی هیچ سەرنجێکی پەیمانی "مۆندرۆس" و بەندەکانی بدات، هێرشی کردە سەر ویلایەتی موسڵ و سەرانسەری کوردستانی باشوری داگیرکرد[(٣)]، بەریتانیا بۆ ئەوەی کە چەند پارێزگایەکی نیمچە خودموختار بەڵام نە زۆر سەقامگیری کوردی دروستبکات، تا خۆی لە پێکدادانە شاخاوییەکان دوور بخاتەوە لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی کوردی تەنانەت لەگەڵ "شێخ مەحمودی بەرزنجی"دا پەیوەندی بەرقەرار کرد، بەڵام "شێخ مەحمودی بەرزنجی دەیویست دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دروستبکات، لەلایەکی تر سیاسەتی بەریتانیا ئەوە بوو کە ویلایەتی موسڵ (کوردستانی باشور) بە عێراقەوە بلکێنێ، نەوەك بەپێی خواستەکانی "شێخ مەحمود" دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دروستبکات، ئەوە بوو لە ٢٥ی تەمموزی ساڵی ١٩١٩ جەنگ و پێکدادان لە نێوان

(١) حمید عنایت، اندیشە های سیاسی در اسلام معاصر، ترجمە بهاالدین خرمشاهی، تهران: انتشارات خوارزمی، چاپ ٣، ١٣٧٢، ص ١٩٩.

(٢) د. ساڵح مەلا عومەر عیسا، قەیران خوڵقێنی زلهێزەکان لە کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩.

(٣) کاوە بیات، شورش کرد های ترکیە و تأثیر آن بر روابط ایران، تهران: نشر تاریخ ایران، ١٣٧٤، ص ١٦.



هێزەکانی بەریتانیا و "شێخ مەحمود" روویدا و لە نزیك سلێمانی "شێخ مەحمود" بریندار کرا و بە دیلیان گرت، پاشان بۆ هیندستان دووریان خستەوە[(١)]، بەریتانیایەکان بۆ پشتگیری لە کەمبوونەوەی نفوزی تورکەکان ناچار بوون لە ٢٣ی ئەیلولی ١٩٢٢ "شێخ مەحمود" بۆ کوردستان بگەڕێننەوە[(٢)]، ویلایەتی موسڵ خاڵی ناکۆکی تورکیا و بەریتانیا بوو، لە ماددەی ٣ی ڕێکەوتنامەی لۆزاندا هاتووە ئەگەر دوو حکومەتی تورکیا و بەریتانیا بۆ چوونە ناو ویلایەتی موسڵ لە ماوەی ٩ مانگی دوای مۆرکردنی ڕێکەوتنامەکە نەگەیشتنە هیچ ڕێگەچارەیەك، ئەوا کێشەی ویلایەتی موسڵ بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو دەنێردرێتە کۆمەڵەی نەتەوەکان، هەر ئەمەش وای کرد ئەم پرسە بخرێتەبەر کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە، لە ٣٠ی نیسانی ١٩٢٤ کۆمیسیۆنێك بە بەشداری وڵاتانی کۆمەڵەی نەتەوەکان پێکهات.[(٣)] و لە ١٩٢٥/٧/١١ ئاکامی لێکۆڵینەوەکەی بڵاوبۆوە کە ویلایەتی موسڵ بکەوێتە کۆنترۆڵی کۆمیتەی نێودەوڵەتی بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ، لەهەمان کاتدا زمانی کوردی فەرمی بێت و ویلایەتی موسڵ کورد ئیدارەی بکات، بەڵام لەداویی کۆمەڵەی گەلان لە ١٩٢٥/١٢/١٦ بڕیاریدا بە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە دەسەڵاتی شانشینی عێراق و سەرپەرشتی کردنی لەلایەن بەریتانیا، بەمەرجێ مافەکانی کورد دابینبکرێت، ئەوە بوو کە تورکیاش لە ١٩٢٦/١/٥ دانی بەوەدا نا کە ویلایەتی موسڵ سەر بە عێراق بێت، لە ١٩٢٦/١/١٣ باشوری کوردستان بەتەواوەتی لکێنرا بە شانشینی عێراقی دروستکراو لەلایەن بەریتانیاوە[(٤)]، بەریتانیا بۆ بەرەو پێش بردنی ئامانجە سیاسی و ئابورییەکانی

(١) د. ساڵح مەلا عومەر عیسا، ئەتنیکگەرایی و دەوڵەتی نەتەوەیی لە چەرخی بە جیهانیبووندا کوردستانی عێراق وەك نموونە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦١ و ١٦٢.

(٢) ڕەفیق حیلمی، یادداشت، کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، بەغدا: مطبعة معاریف، ١٩٥٧، بەشی دوو، ص ٥٤٣.

(٣) د. ساڵح مەلا عومەر عیسا، ئەتنیکگەرایی و دەوڵەتی نەتەوەیی لە چەرخی بە جیهانیبووندا کوردستانی عێراق وەك نموونە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٦ و ٦٧.

(٤) عەلی کەندی، فەرهەنگی ڕووداوەکانی کوردستان و وڵاتانی جیهان، هەولێر: دانەر، ٢٠٠٥، ل ٤١.



PDF 4 KURD

خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شۆڕشی کوردەکانی سەرکوت کرد کە خوازیاری بەدەستهێنانی مافەکانی خۆیان بوون بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، بەریتانیا و هێزەکانی دیکەش بوونە هۆی ئەوەی کە کوردستانی ژێر دەسەلاتی عوسمانی لە نێوان عێراق و تورکیا و سوریادا دابەشببێت تا کوردەکان نەتوانن دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ خۆیان دابمەزرێنن، لە کوردستانی عێراق "شێخ ئەحمەدی بارزانی" پاش لە سێدارەدانی "شێخ عەبدول سەلام" برا گەورەکەی ڕێبەرایەتی بارزانییەکانی لە ئەستۆ گرت، لە ساڵی ١٩٢٨ کاتێك کە ئینگلیزەکان ویستییان نەستۆرییەکان لە ناوچەی بارزان نیشتەجێ بکەن، بەریتانیا لە چالاکییەکانی "شێخ ئەحمەد" ئاگادار بوو و لە ساڵی ١٩٣١ هێرشی کردە سەر بارزان، بەڵام خۆڕاگری بارزانییەکان بۆ بەرگری لەسەر زەوی خۆیان بووە هۆی شکستی هێزە حکومییەکان و بەریتانیا(١)، دواتریش "مەلا مستەفای بارزانی" نەمر لە ساڵی ١٩٤٣ کە لە سلێمانیدا دەست بەسەر کرابوو گەڕایەوە بارزان، "مەلا مستەفا" بوو بە ناودارترین و پایەدارترین شۆڕشگێڕی ناسیۆنالیستی کورد، تاوەکو ئەو کاتەی کۆچی دوایی کرد لە ساڵی ١٩٧٩.(٢)

(١) د. ساڵح مەلا عومەر عیسا، ئەتنیکگەرایی و دەوڵەتی نەتەوەیی لە چەرخی بە جیهانیبووندا کوردستانی عێراق وەك نموونە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٤.

(٢) نادر انتصار، مافیای قدرت و دفن دموکراسی (بررسی ناسیونالیسم قومی و نژادی کردها)، ترجمه د. عرفان قانعی فرد، تهران: ناشر:مولف، ١٣٨٥، ص ١١٦.



## ٢-٤- پرسی کوردەکانی عێراق لە پاش شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ی عێراق:

### ٢-٤-١- شۆڕشی ئەیلول:

لە پاش کودەتای سەربازی ١٤ی تەمموزی "عبدالکریم قاسم" و کۆتایی پێ هێنانی ڕژێمی پاشایەتی عێراق، و بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لە یەکەم ڕاگەیەنراو کە بڵاوی کردەوە یەکسانی مافەکانی کورد و عەرەبی ڕاگەیاند، بەم جۆرەش پاش دوانزە ساڵ لە حەوتی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ "مەلا مستەفای بارزانی" گەڕایەوە بۆ عێراق و وەك قارەمانێك کە ساڵەها دژ بە کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا و حکومەتەکانی پاشایەتی عێراق و ئێران جەنگا بوو، لەلایەن گەلی عێراقەوە پێشوازی لێکرا.(١) ئەوە بوو کە هیوایەکی زۆر بۆ کورد دروستبوو و ئەوە ئاسۆیەکی گەش بوو بۆ گەلانی عێراق بەتایبەتی کورد، لە ماددەی ٣ی دەستووری کاتی عێراق لە ١٩٥٨/٧/٢٧ دەڵێت : (کۆمەڵی عێراق لەسەر بناغەی هاوکاری هەموو هاوڵاتیان و لەسەر بناغەی ڕێزگرتن و مافی ئازادی ئەوان دانراوە، عەرەب و کورد لەم وڵاتەدا هاوبەش و شەریکن، دەستووری عێراقی مافی نەتەوەییان لە چوارچێوەی وڵاتی عێراقدا دابیندەکات)(٢)، بەڵام پاشان "عبدالکریم قاسم" بەڵێنی بەخشینی یەکسانی بە نەتەوەکانی کورد و عەرەبی لەبیرکرد، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی پەیوەندی نێوان مەلا مستەفای بارزانی و عبدالکریم قاسم ئاڵۆز بێت، لە کۆتایی ١٦ی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ ناوچەی بارزان لەلایەن فڕۆکە عێراقییەکانەوە بۆردومان کرا و لەو ڕۆژەدا سوپای عێراق لە بەرامبەر بارزانییەکان تووشی شکست بوو، و شۆڕشی

(١) د. ساڵح مەلا عومەر عیسا، ئەتنیکگەرایی و دەوڵەتی نەتەوەیی لە چەرخی بە جیهانیبووندا کوردستانی عێراق وەك نموونە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٤.

(٢) کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، وەرگێڕانی لە فارسییەوە حەمە کەریم عارف، هەولێر: چاپخانەی شڤان، چاپی سێیەم، ٢٠٠٦، ل ٢٥٧.

کوردەکان بە ناوی شۆڕشی ئەیلول دەستپێکرد[1]، لە بەرامبەر سیاسەتە هەڵەکانی حکومەت پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٦١/٩/١١ دا بە ناچاری خەباتی چەکداری لە دژی حکومەت ڕاگەیاند هەرچەندە پارتی و سەرکردایەتییەکەی ئامادە باشییان لە ڕووی ماددی و قایمکارییەوە بۆ بەرپاکردنی نەبوو، بۆیە بەو بارودۆخە تا ڕاددەیەك سەرسام بوون، هەرچەندە لە ڕووی ئاراستە کردنی بیروباوەڕ لە بارێکی باشتر دابوو، لە ڕاستیدا پارتی نەیدەویست پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتدا تێکبدات و دەست پێشخەر بێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریدا، بەڵام سیاسەتەکانی حکومەت لە دژی گەلی کوردستان ئەو ڕێگەچارەیەی سەپاند[2]، لە ڕاستیدا ئەو جەنگەی کە لە ساڵی ١٩٦١دا دەستپێکرد، ناو بە ناو بۆ ماوەی کەم نەبێ تا ساڵی ١٩٧٥ بەردەوام بوو و سەرەنجام هیچ شتێکی حەل و فەسڵ نەکرد، ئەم جەنگە کە بەمانای وشە جەنگ بوو، بریتی بوو لە زنجیرە جەنگێکی بچووك کە ناو بە ناو ئاگربڕێکی کەم تا زۆر یان بە پێی گۆڕانکاری بارودۆخی سیاسی عێراق دەکەوتە بەین، هەڵبەتە ئەم بارودۆخە سیاسیانەش دەکەوتنە ژێر کاریگەری ئەو جەنگانە و هەندێ جاریش بارودۆخە سیاسییەکان دەبوونە مایەی هەڵگیرسانی جەنگەکان، لە ماوەی ئەم ١٤ ساڵەدا بەلای کەمەوە چوار ڕژێم بە زەبری چوار کودەتای کەم و زۆر خوێناوی جێی یەکتر دەگرنەوە و لە بەغدا دێنە سەر حوکم، لە دوای هەر کودەتایەك ئەو گرووپە تازەیەی دێتە سەر حوکم، پەیوەندی بە کوردەکانەوە دەکات و ئاگربەست قبوولدەکەن، ئەم ئاگربەستە دەرفەتی ڕێبەرانی تازەی بەغدا دەدات کە دەسەڵاتی خۆیان قایم بکەن، بەڵام ڕژێمی تازە کە هەستی کرد ئیدی پێویستی بە کورد نەماوە، بە هەمان سەر سەختی ڕژێمی

(١) مەسعود بارزانی، مبارزات ازادی بخش ملت کرد، قیام ملا مصطفی بارزانی، ترجمە احمد محمدی، سنندج: ناشر مترجم، ١٣٨١، ص ١٥٣ و ١٥٤.

(٢) د. واحد عومەر محێدین، دانوستاندنەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد و حکومەتەکانی عێراق ( ١٩٢١ – ١٩٦٨ )، سلێمانی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، ٢٠٠٦، ل ٢٠٢.



پێشووەوە دێتە مەیدان و جەنگ و پێکدادان دەست پێ دەکاتەوە، جێگای ئاماژەیە کە بگوترێت پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ دامەزرا بوو، بە تایبەتی دوای شەستەکانەوە بوو بە یەکێك لە چالاکترین پارتە سیاسییەکانی کورد[1]، کاتێك کە لە ناوەڕاستی ١٩٦١ گرژی و ناکۆکی لە نێوان بارزانییەکان و عەشیرەتی زێبارییەکان دروستدەبێت، "عبد الکریم قاسم" بە بۆمباران کردنی گوندەکانی بارزان تۆڵە دەکاتەوە، و کاتێکیش لە هەمان ساڵ "مەلا مستەفای بارزانی" داوای پێدانی خودموختاری واقعی بۆ کوردەکان دەکات و پەیوەندی نێوان ئەو و "عبدالکریم قاسم" تێکدەچێت، لە ئەنجامدا ئەو جەنگەی کە لە ئەیلولی ١٩٦١ لە نێوان هێزەکانی عێراقی و پێشمەرگەکانی "مەلا مستەفا" دەستپێکرد تاکو ساڵی ١٩٦٣ واتە کاتێك کە ئاگربەست ڕاگەیاندرا درێژەی هەبوو ئەوەش بە هۆی ئەوەبوو کە لە ساڵی ١٩٦٣ پێشمەرگەکانی کورد توانیان گورزێکی کوشندە لە دەسەڵاتی ناوەندی عێراق بدەن، و ئەو ئاگربەستەش "عبدالکریم قاسم" بۆ کەمکردنەوەی گوشاری سەر "عبدالکریم قاسم" خۆی بوو کە دەیەویست خۆی لە باتلاقی کوردستان ڕزگار بکات، و هێزی خۆی بۆ سەرکوتکردنی دوژمنەکانی لە نێوان بەعسییەکان و ناسرییەکان و گرووپە ناسیۆنالیستەکانی تر دابنێت، و لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ کاتێك کە ڕژێمی "عبدالکریم قاسم" لە ڕێگای کودەتایەکی خوێنین بارەوە ڕووخێنرا.[2] ئەنجامدەرانی کودەتاکە لە یەکەمین بەیاننامەیاندا لە ١٩٦٣/٢/٨دا ڕووخاندنی حکومەتی کۆماری یەکەم و پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ بە سەرکردایەتی (ئەنجوومەنی نیشتمانی سەرکردایەتی شۆڕش) ڕاگەیاند[3]، لە دوای ڕووخانی حکومەتەکەی "عبدالکریم قاسم" لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ حیزبی بەعس دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت، و لە سەرەتادا کە پێگەی لاواز بوو باس لە مافی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردان و یەکسانی کورد و

(١) میهرداد ئیزەدی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨٠.

(٢) نادر انتصار، همان منبع، ص ١٣١ تا ١٣٣.

(٣) واحد عومەر محێدین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٢.

عەرەبی دەکرد، بەڵام کاتێك کە دەسەڵاتەکەیان سەقامگیر بوو لە ٩ی حوزەیرانی ١٩٦٣ بەبێ هیچ پاساوێك هێرشیان کردە سەر کورد، پاش ئەوەی کە شکستیان هێنا داوای ئاگربەستیان کرد، لە ١٨ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٣ "عبدالسلام عارف" دەسەڵاتی حیزبی بەعسی رووخاند، ئەویش لە سەرەتادا پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ کوردەکان هەبوو و ئاگربەست لە نێوانیان هەبوو[1]، جێگای ئاماژەیە لە مانگی ٤ی ١٩٦٢ دا خەبات ئۆرگانی رەسمی حیزبی دیموکراتی کوردستان پاش ئەوەی ئەم لایەنە دووپات دەکاتەوە کە بزافی کوردی بە تەما نییە کوردستانی باشور لە عێراق جیا بکاتەوە و ئامانجە سەرەکییەکانی شۆڕشی کورد بە رێبەرایەتی رۆڵەی ئەمەکداری عێراق بارزانی قارەمان بەم جۆرە دیاریدەکات:

١. کشانەوەی هێزی عێراق بۆ ئۆردوگاکانی بەر لە دەست پێکردنی جەنگ و هەڵوەشانەوە و چەککردنی جاشەکان.

٢. ئاوەدان کردنەوەی ناوچە بۆردومان کراوەکان.

٣.ئازاد کردنی زیندانییە سیاسییەکان.

.لابردنی حوکمی عورفی و کۆتایی هێنان بە قۆناغی رەوتەنی (انتقالی) و دابینکردنی ئازادییە دیموکراتییەکان.

٥.دانانی دەستورێکی تازە لەلایەن کۆمیتەیەکەوە کە نوێنەری هەموو هێزە سیاسییەکانی عێراقی تێدا بێت، بە مەبەستی سەقامگیری رژێمێکی شوورایی و بە مەبەستی دانی ئۆتۆنۆمی بە گەلی کورد لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا.

٦.ئەنجامدانی ریفۆرمی زەوی و زار لە کوردستاندا بە پێی هەلومەرجی ناوچەکە و بە مەبەستی پشتیوانی کردنی جوتیاران، بایەخدان بە بواری پیشەسازی لە کوردستاندا و

(١) د. سالح مەلا عومەر عیسا، ئەتنیکگەرایی و دەوڵەتی نەتەوەیی لە چەرخی بە جیهانیبووندا کوردستانی عێراق وەك نموونە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٦.



بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان و بژێوی گەلی کوردستان و ... هتد، زاراوەی ئۆتۆنۆمی سەرەنجام وەکو بەشێکی داواکاری کورد دیاردەکەوێت.[1]

دە مانگ بەسەر کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ تێنەپەڕی بوو، ناکۆکی لە نێوان سوپایی و حەرەس قەومی و بەعسی و ناسرییەکاندا پەرەی سەند، بەعسییەکان دەستیان بەسەر هەلومەرجەکاندا گرت و کۆمەڵێکیان لە ئەفسەرە ناسرییەکان گرت و لە گرتووخانەیان توندکردن و هەندێکیان بە بیانووی ئەوەوە کە نیازیان بووە کودەتایەك لە دژی بەعس بکەن لە ژێر ئازار و سزاداندا لەناویان بردن، لە کاتی بەسترانی کۆنگرەی هەرێمایەتی شەشەمدا لە بەغدا ناکۆکییەکی توندوتیژ لە نێوان ئەوانەدا کە بە بەعسی راستڕەو و ناسرابوون و ئەوانە بە بەعسی چەپڕەو ناسرابوون روویدا، بەعسی راستڕەو بەسەرکردایەتی "احمد حسن بکر" و "سالح مهدی عماش" و بەعسی چەپڕەو بەسەرکردایەتی "علی سالح سعدی" بوو، جەنگ لە شەقامەکان لە نێوان سوپا و حەرەس قەومیدا هەڵگیرسا، و "عبدالسلام عارف" کەوتە راوکردنی یەك بە یەکیان[2]، لە ١٨ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٣ کە "عبدالسلام" دەسەڵاتی حزبی بەعسی رووخاند، بەهۆی هەندێ کێشەوە ناکۆکی کەوتە ناو حیزبی دیموکراتی کوردستان، "عبدالسلام" ئەو هەلەی قۆستەوە لە ساڵی ١٩٦٥ هێرشی کردە سەر کوردەکان، بۆ ئەوەی بەیەکجاری لەناویان بەرێت، بەڵام لە کۆتاییدا "عبدالسلام عارف" بە هۆی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەکەی لە ١٣ی نیسان گیانی لە دەستدا[3]، "عبدالرحمن عارف" برای "عبالسلام عارف" جێگای گرتەوە پاش ئەوەی کە هێزەکانی حکومەت لەبەرامبەر کوردەکاندا تووشی شکست هاتن، سەرەنجام حکومەت لە ٢٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦ لە بەیانێکدا کە لە رادیۆ و تەلەفزیۆن

(١) کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، سەرچاوەی پێشوو ل ٢٨٣.

(٢) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، (شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١ — ١٩٧٥)، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ٢٠٠٤، ل ١٥٣.

(٣) بابا مردوخ رۆحانی، تاریخ مشاهیر کرد، تهران: انتشارات سروش، ١٣٧١، ص ٥٤٥.

بڵاوکرایەوە و لە ١٢ بەند پێکدەهات دانی بە بەشێك لە مافەکانی کورد ناوە، لە پاش ساڵی ١٩٦٧ هەم دەوڵەت و هەم ئەرتەشی عێراق لاوازتر لەوە بوون کە هەڕەشەیەك بن بۆ سەر شۆڕش، ئەوەش دەتوانیٚ بەهۆی شوکی جەنگی شەش رۆژەی (عەرەبەکان و ئیسرائیل)، هەروەها هۆکارێکی نویٚ کە هاتبووە ناو گۆڕەپانەوە ئەویش ئەوە بوو کە بەغدا ئاگاداری ئەو خاڵە بووەوە کە کاتێك دەتوانێت شکست بە کوردەکان بهێنێت کە سنووری عێراق و ئێران دابخات، چونکە کوردەکان لە کاتی پێویست دەیانتوانی لە سنوور بپەڕنە دەرەوە و لە سنوورەوەش یارمەتیان بۆ بێت، ئەوەش وای دەکرد کە بتوانن بۆ ماوەیەکی نادیار درێژە بە جەنگ بدەن، هەوڵەکانی بەغدا بۆ بڕینی یارمەتییەکانی ئێران بۆ کوردەکان بە جێگایەك نەگەیشت و لە کۆتاییدا دەوڵەتی عێراق کە لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ شۆڕشی کورد زۆر لاواز ببوو، لە ١٧ی تەممووزی ١٩٦٨ بەعسییەکان کودەتایەکی سەرکەوتوویان ئەنجامدا و "عبدالرحمن عارف"یان لەسەر کار لادا[١]، ژەنەراڵ "حسن البکر" دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت و بۆ بەدەستهێنانی رەزامەندی کورد رۆژی نەورۆزی بە پشووی رەسمی لە سەرانسەری عێراقدا راگەیاند، کە جەژنێکی دێرینی کوردە، ئەویش هەوڵی دا کە تا سەرنجی کورد بۆ لای خۆی رابکێشێت، بەڵام پاش سەقامگیر بوونی دەسەڵاتەکەی لە ساڵی ١٩٦٩ بە سوپایەکی (٦٠,٠٠٠) کەسی کە خۆی رێبەرایەتی دەکرد هێرشی کردە سەر کورد، لە ئەنجامدا ٣٠٠٠ گوندی کوردیان لەناو برد، بەڵام ئەوان نەیانتوانی (کورد) لەناو ببەن، هەر بۆیە سەرەنجام ناچار بوون دەست بە گفتوگۆ بکەن، و لە ١١ی ئاداری ١٩٧٠ حکومەتی عێراق رێکەوتنێکی لە ١٥ بەند لەگەڵ کوردەکاندا واژوو کرد، بەعسییەکان گوتیان کە ئەوان دەیانەوێت بۆ ماوەی چوار ساڵ هەوڵی ئاوەدان کردنەوەی کوردستان بدەن و ئەو بەربەستانە هەڵبگرن کە لە نێوان کورد و عەرەبدا دروستبووە، پاش چوار ساڵ ئینجا رێکەوتنەکە لەناو دەستووری

(١) دیڤید مك داول، تاريخ معاصر كرد، ترجمه ابراهيم يونسى، تهران: انتشارات پانيذ، ١٣٨٣، چاپ دووەم، ص ٤٩٨.



عێراقدا جێگیر دەکەن[١]، ئەو خودموختارییە مانۆڕێك بوو بۆ دەوڵەتی عێراق بۆ ئەوەی کە بتوانێت بە رادەیەك هێز وەرگرێت کە حکومەتی خۆی بەڕێوەبەرێت و لەناو چوارچێوەی خودی حیزبی بەعسدا دژایەتی لەگەڵ دانی ئەو ئیمتیازانە بە کوردەکان زۆر بوو، هەروەها بەهۆی سەرچاوەکانی نەوت لە کەرکوك، هیچ لایەك نەرمی لەم بارەیەوە نەدەنواند، لەلایەکی تریش سەرکردەی شۆڕشی کورد مەلا مستەفای بارزانی نەمر لە نیاز خراپی ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئاگادار نەبوو[٢]، ماددەی ١٤ لە رێکەوتنامەکە بریتییە لە داننان بە مافی ئۆتۆنۆمی گەلی کورد، ئەم رۆژە بوو بە خۆشترین رۆژی عێراق بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەت، بەڵام دوای چوار ساڵ و کەڵك وەرگرتنی بەعس لەم ماوەیە زۆرە بوو بە هۆی خۆ بەهێزکردن و پێگەیاندنی کادر و ئەفسەری زۆر، هەمیشە لە هەوڵدانی دروستکردنی کێشە بوو بۆ سەرکردایەتی شۆڕش، دوای رێکەوتنی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ حکومەتی عێراق یەك لایەنە لە شەوی ١٩٧٤/١٢/١١ بڕیاری دانی ئۆتۆنۆمی دەرکرد، بەڵام سەرکردایەتی شۆڕش ئەوەی رەتکردەوە[٣]، کریس کۆچێرا لەم بارەیەوە دەڵێت: رێکەوتنامەی ١٩٧٠/٣/١١ نقوستانییەکی گەورەی هەبوو، ئەویش ئەوە بوو زوو بە زوو جێبەجیٚ نەکرا، دیاریکردنی سنووری هەرێمی ئۆتۆنۆمی بە سەرژمێرییەك سپێردرا بوو، تا ئەو ناوچانە دیاریبکات کە زۆربەی دانیشتوانی کورد بوون، هەروەها سەبارەت بە رێکخستنی بونیادی سیاسی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و چۆنیەتی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بە تەواوەتی بیٚ دەنگ بوو[٤]، حکومەت کە نیازی جێبەجیٚ کردنی ئەو مافە کەمەشی بۆ گەلی کوردستان نەبوو، لە ساڵی ١٩٧٤دا

(١) د. ساڵح مەلا عومەر عیسا، ئەتنیکگەرایی و دەوڵەتی نەتەوەیی لە چەرخی بە جیهانیبووندا کوردستانی عێراق وەك نموونە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٧.

(٢) دیڤید مك داول، همان منبع، ص ٥٠٥.

(٣) محەمەد ساڵح ئاکرەیی، کورد و دەوڵەتی سەربەخۆ، دهۆك: چاپخانەی خانی، ٢٠٠٧، ل ١٧٤.

(٤) کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦٠.

یەکلایەنە پرۆژە نوێیەکەی خۆی ڕاگەیاند بۆ خودموختاری کوردان، کە ماوەی ١٥ رۆژ مۆڵەت بە کوردەکان دەدا کە رازی بن بەوە، جێگای ئاماژەیە کە بە خۆماڵی کردنی کۆمپانیای نەوتی عێراق لە ساڵی ١٩٧٢ پەیوەندییەکانی کورد و دەوڵەتی ناوەندی زۆرتر ئاڵۆز کرد بەهۆی ئەوەی کە کاریگەری لەسەر مەیدانە نەوتییەکانی کەرکوك هەبوو، "مەلا مستەفای بارزانی"یش گوشاری خستەسەر حکومەت کە بەشێوەیەکی عادلانە داهاتەکانی نەوت دابەشبکرێت.(١) ئەوە بوو کە لە ٨ی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٤دا کە دەوڵەتی ناوەندی بەغدا بەهێز ببوو هێرشێکی بەربڵاوی کردە سەر کوردستان لە دوو بەرەوە، یەکیان لە بەرەی چیای گۆڕەز بەرەو ناوچەی باڵەك و ئەوی تریان لە کۆڕەکەوە بۆ ناوچەی بێخاڵ، بەڵام هەردوو هێرشەکە بەربەست کران و هێزەکانی حکومەت توشی شکست هاتن(٢)، لەلایەکی ترەوە دەوڵەتی بەغدا لە دوا هەفتەکانی هێرشی پایزی سوپای عێراقدا، دام و دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی دامەزراند، و لە ١٩٧٤/٩/٢٤ دا "هاشم عقراوی" کرا بە سەرۆکی لیژنەی جێبەجێ کردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی، ئەندامەکانی دیکەی ئەنجوومەن هێشتان دانەمەزرا بوون، لە ١٩٧٤/١٠/٥ دا دەوڵەت لە مەراسیمێکی رەسمیدا یەکەمین کۆبوونەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی سازدا.(٣)

### ٢-٤-٢- رێککەوتنامەی جەزائیر ١٩٧٥/٣/٦:

سەرۆك مەسعود بارزانی لە کتێبی بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورددا دەڵێت: رۆژی ٨ی ئاداری ١٩٧٤ سەدام بە ئیدریسی وت ((ئەگەر ناچاربین دەست لە شەتول لعەرەب هەڵبگرین بۆ ئێران تاوەکو عێراقمان لە دەست نەچێ هیچ دوو دڵی

(١) نادر انتصار، همان منبع، ص ١٥٥.

(٢) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، ( شۆرشی ئەیلول ١٩٦١ — ١٩٧٥ )، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، ل ١٥٣.

(٣) کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩٨.



ناکەین))، ئەوەی بە ئاشکرا لەم قسەیەوە بەدەردەکەوێت ئەوەیە رژێم هەر لەو کاتەوە خۆی ئامادە کردبوو مامەڵەیەکی وا بکات.(١)

شای ئێران کە کێشەی سنووری لەگەڵ عێراقدا هەبوو ئەم هەلەی قۆستەوە، لە هەقیقەتدا شای ئێران لە هەیڤی ٢ی ١٩٧٢ بەم لاوە لە رێگای وەزیرێکی دەرەوەی وڵاتێکی جیهانی سێیەمەوە کە بێگومان تورکیایە دەوڵەتی عێراقی تێگەیاند ئەگەر دەوڵەتی عێراق قەبووڵبکات پەیمانی ساڵی ١٩٣٧ دەربارەی شەتول عەرەب کە ئێران سێ ساڵان لەوەوبەر یەکلایەنە بەتاڵی کردبۆوە بە ئاشکرا بەتاڵ بکاتەوە، ئەویش (شای ئێران) ئامادەیە کارێکی وا بکات ئاشتی باڵ بەسەر دەڤەرەکەدا بکێشێت، سازمانی (CIA)ی ئەمریکی لەم کەین و بەینەدا ئاگادار بوو، بەڵام کوردەکان بێ خەبەر بوون، بەڵام وێڕای ئەمەش هەندێك ئاماژەی مایەی نیگەرانی هەبوون کە دەبوایە کوردەکان کە پێشتر ببوون بە قوربانی ئاشتی بەعس و سۆڤیەتەکان لەوە حاڵی بووبان کە رێکەوتنی نێوان شا و سەدام کارێکی مەحاڵ نییە، کە پەیوەندی دیبلۆماسی نێوان عێراق و ئێران تازە کرایەوە لە دووەم رۆژی هێرشی رەمەزان (مەبەست هێرشی سوپای میسرە لە ١٠ی ١٩٧٣) بەم لاوە وەزیرانی دەرەوەی بەغدا و تاران ناوە بە ناوە لە ئەستەنبۆڵ دیداریان دەکرد، لە هەمان کاتدا هەندێ پەیوەندی لە رێکخراوی نێودەوڵەتیشدا ئەنجامدەدرا.(٢) شای ئێران لە ١٩٧٥/١/٦ دا بەدیدارێکی رەسمی سێ رۆژە چووە عەممان، و لە ١٩٧٥/٢/٨ چووە قاهیرە و لەوێ زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکرا، بەتایبەت کە بەر لە هاتنی بۆ میسر بەڵێنی پێدانی ئیعتبارێکی یەك ملیار دۆلاری بە وڵاتانی نێوبراودا دابوو، ئەم هەوڵانە تا کۆنگرەی سەرانی ئۆپێك بەردەوام بوون، کۆبوونەوەی سەرانی ئۆپێك لە ١٩٧٥/٣/٤ "بومەدین" سەرۆکی ئەو کاتەی جەزائیر بوارێکی رەخساند کە شا و سەدام پێك

(١) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، ( شۆرشی ئەیلول ١٩٦١ — ١٩٧٥ )، بەشی دووەم، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٧.

(٢) کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١٤.

بگەیەنێ، لەو کۆبوونەوانەدا "بومەدین" هەستیکرد کە سەدام بەهای جەنگی کوردستان دەزانێت کە بە گوتەی عێراقییەکان بریتییە لە کوژرانی (١٠,٠٠٠) کەس و نزیکەی چوار ملیار دۆلار خەرجی، شای ئێرانیش دەمێك بوو لە نیسانی ١٩٧٢ـەوە واتە لەکاتی مۆرکردنی پەیمانی دۆستایەتی عێراق و یەکێتی سۆڤیەت، دەیویست یەکێتی سۆڤیەت لە دەڤەرەکە وەدەرەوە بنێت، هەروەها شای ئێران بە چاکی دەیزانی کە پشتیوانی بۆ کوردستان یارییە بە ئاگر چونکە لە ئێراندا ٥ ملیۆن کورد هەبوون هیچ جۆرە مافێکیان نەبوو، "بومەدین" لە کۆتایی کۆبوونەوەی سەرانی ئۆپێکدا رایگەیاند کە رێکەوتنی تێروتەسەل لە مەڕ ناکۆکی نێوان هەردوو وڵاتی برا!! کراوە، و شا و سەدام لەبەر چاوانی سەرانی ئۆپێکدا یەکتریان لە ئامێز گرت، ئەگەر چی دەوری "سادات" سەرۆکی ئەو کاتی میسر لەم رووداوەدا گرینگ بوو، بەڵام "بومەدین" دەوری سەرەکی گێڕا، مەبەستی "سادات" روون بوو عەرەب نەیاندەتوانی لە پاڵ رووبەڕووبوونەوەی ئیسرائیلدا بەرەی دووەم لەخۆیان بکەنەوە، مەلیك "حسێن" پاشای ئەو کاتەی ئوردن هەمان مەبەستی هەبوو، بەڵام پرۆژەی "بۆمەدین" لەوە بەرینتر بوو و هەوڵیدەدا دەسەڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت لە کەنداوی فارس و رۆژهەڵاتی ناڤین کەمبکاتەوە، جا بۆ وەدی هێنانی ئەم ئاواتە دەبوایە کۆتایی بە جەنگی کوردستان کە بەلەز و بە جۆرێکی ترسناك گەشەی دەسەند بهێنرێ، رێکەوتنامەی ١٩٧٥/٣/٦ی جەزائیر بەرەسمی چوار مادده بوو کە ئەم خاڵانەی گرتبووە خۆ:

١. دیاریکردنی سنووری زەمینی لە نێوان عێراق و ئێران بە پێی قەواڵە نامەکانی ساڵی ١٩١٣ی قوستەنتنییە، کارەکانی کۆمیتەی ساڵی ١٩١٤.
٢. دیاریکردنی سنووری ئاوی بەپێی خەتی ناوەڕاستی (Thalweg) شەتولعەرەب.
٣. چاودێری توند بۆ کاریگەری سنوورەکان بە مەبەستی نەهێشتنی دزەکردنی "خەراپکاران".



٤. ئەم خاڵانە بناغەیەکی گشتگیرن و هەر لادانێك لەم خاڵانە رۆحی ئەم رێکەوتنامەیە دەخاتە خەتەرەوە.[1]

رێکەوتنی جەزائیر رێکەوتنێکی سادەی سنووری نەبوو بەڵکو رێکەوتنێکی بنەڕەتی و ستراتیژی بوو، چەند سەعاتێك دوای ئەو رێکەوتنامەیە هێزەکانی ئێران لە کوردستانی عێراق هاتنە دەرەوە و گەڕانەوە بنکەکانی خۆیان و هێزەکانی عێراقیش بەرەو دۆڵی چۆمان هەڵکشان و مەترسیان خستەسەر حاجی ئۆمەران و عێراقیش بەپێی ئەو رێکەوتنامەیەی لەگەڵ ئێران کردبووی لە ١٣ی مارس تا ١ی ئاپرێل ئاگربەستی راگەیاند بۆ ئەوەی کە هێزی پێشمەرگە یان خۆی بدات بەدەستەوە یان پەناهەندەی ئێران بێت[2]، پاش راگەیاندنی ئاگربەست لە ١٣ی مارس هەموو سەرانی سوپای کورد و زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی حیزب سوور بوون لەسەر ئەوەی وێڕای برانی کۆمەگی ئێران درێژە بە جەنگی خۆیان بدەن، بەڵام کریس کۆچێرا دەڵێت: بەگوێرەی هەندێك سەرچاوە پاش کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی ئێران و عێراق (عەباس عەلی خەلعەتبەری و سەعدون حەممادی) ئێرانییەکان هەڕەشەیان کرد کە ئەگەر کورد درێژە بە جەنگی سوپای عێراق بدات سوپای ئێران بێ دەنگ نابێت و دەستەوئەژنۆ دانانیشێت، یەکێك لە فەرماندەکانی لەشکری کوردستان بەناوی "حەمید بەرواری" بە رۆژنامەوانێکی بێگانەی وت (ئێستا ئەگەر جەنگ بکەین نەك لەگەڵ یەك دەوڵەت بەڵکو دەبێت لەگەڵ چەندین دەوڵەت جەنگ بکەین)، هەروەها (هەیکەل) رۆژنامەنووسی بەناوبانگی میسری لە دیمانەیەکەیدا لەگەڵ ژەنەراڵ "بارزانی" کە هۆی کۆتایی هێنان بە شۆڕشی لێ دەپرسێ، ژەنەراڵ "بارزانی" ئاوا وەڵامی دەداتەوە: (تەنانەت ئەگەر سنوورەکانیشیان دابخستایە من هەر لەگەڵ بەردەوام بوونی شۆڕشدا بووم، بەڵام وام بە چاك زانی نەبمە مایەی رشتنی خوێنی گەلی کورد و عێراق)، هەروەها ژەنەراڵ "بارزانی" دەڵێت :

(١) کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، سەرچاوەی پێشوو ل ٤١٧ تا ٤٢٠.
(٢) دیڤید مك داول، تاريخ معاصر كرد، همان منبع، ص ٥٢٨.

(من تەسلیم نەبوومە، پێم باشتر بوو جارێ بەشێوەیەکی کاتی شۆڕش رابگرم)[1]، هەروەها لە هەڤپەیڤینێکدا کە لە سێبتەمبەری ١٩٧٦ ئەنجامدراوە "مەلا مستەفای بارزانی" لە بارەی خیانەتی شا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دەڵێت: (ئێمە بە پشتیوانییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دڵگەرم بووین بەڵام هیچ کاتێك باوەڕمان بە شا نەبووە).[2]

### ٢-٤-٣- شۆڕشی کوردەکانی عێراق لە پاش رێکەوتنامەی جەزائیر تا کۆتایی دەیەی هەشتا ( شۆڕشی گوڵان/ نوێ ١٩٧٦ ):

دەوڵەتی بەغدا لەلایەك یاسای خودموختاری خۆی بۆ کوردەکان جێبەجێ دەکرد و لەلایەکی ترەوە بۆ ئەوەی کە لە داهاتوودا هیچ شۆڕشێکی تری کورد سەرهەڵنەداتەوە، دەستیکرد بە سیاسەتی "بە عەرەب کردنی" کوردستان و هەر لە ساڵی ١٩٧٥ـەوە دەستی دایە راگواستنەوەی بە کۆمەڵی کوردەکان بۆ باشوری عێراق، لە ساڵی ١٩٧٦ دا دەوڵەتی ناوەندی لە سنوورەکانی عێراق لەگەڵ تورکیا و ئێران دەستی دایە راگواستن و چۆڵکردنی گوندەکانی سنوور بە قووڵایی ١٠ تا ٢٠ کیلۆمەتر، لە ساڵی ١٩٧٧یشدا سیاسەتێکی نوێ راگەیەنرا کە ئەویش گوندنشینەکانیان لە ئۆردوگا زۆرەملێیەکان یان گوندە ئیستراتیژییەکان نیشتەجێ دەکرد.[3] بە خیانەت کردنی شای ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرامبەر بە کورد، شۆڕشی ئەوان بە یەکجاری سەرکوت نەکرا، چونکە شۆڕشی ئەوان شۆڕشی خۆرسکی نەتەوەی کورد بوو، بۆ رزگاربوون لە زوڵم و ستەمی رژێمە

(١) کریس کۆچێرا، کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، سەرچاوەی پێشوو ل ٤٢٤ تا ٤٢٦.

(٢) غلام رضا نجاتی، تاریخ سیاسی بیست و پنج سالەی ایران ( از کودتا تا انقلاب )، تهران: موسسه خدمات فرهنکی رسا، ١٣٧١، جلداول، چاپ سوم، ص ٣٦٢.

(٣) مارتین وان بروین سن، جامعە شناسی مردم کرد ( اغا، شیخ و دولت )، ساختارهای اجتماعی و سیاسی کردستان، مترجم ابراهیم یونسی، تهران: نشر پانیذ، ١٣٨٣، چاپ سوم، ل ٤٩.



ناوەندییەکانی بەغدا، بە وردبوونەوە لە مێژووی سیاسی کوردەکانی عێراق بۆمان دەردەکەوێت کە تەنها پاش ساڵێك شۆڕشی کورد بە پشت بەستن بە هێزی پێشمەرگە سەری هەڵدایەوە، لە ساڵی ١٩٧٦ پارتی دیموکراتی کوردستان بەشێوەیەکی کاتی هێزەکانی خۆی رێکخست کە بە سەرکردایەتی کاتی (القیادة المؤقتة) ناوبانگی دەرکرد و سەر لە نوێ جەنگی پارتیزانی دژ بە حکومەتی ناوەندی دەستی پێ کردەوە، لە ساڵی ١٩٧٩ پاش کۆچی دوایی "مەلا مستەفای بارزانی" پارتی دیموکرات لە کۆنگرەی نۆیەمی خۆی "مەسعود بارزانی" وەك سەرۆکی پارتی دیموکرات هەڵبژارد و لەسەر خەباتی خۆیان دژ بە رژێمی ناوەندی بەردەوام بوون، لە ساڵی ١٩٧٦یش سێ گرووپی چەپ لە دیمەشق یەکیان گرت و یەکێتی نیشتمانی کوردستانیان دامەزراند، ئەوانیش خەباتی خۆیان دژ بە رژێمی بەغدا دەستپێکرد، هەر چوار ساڵ پاش ئەو رێکەوتنەی کە ببووە هۆی ئاوارە بوونی هەزاران کورد و سەرهەڵدانی جەنگی عێراق و ئێران و کوژرانی دەیان هەزار کەسی بێ تاوان گەلێك حزبی تری ئایینی و نائایینی دامەزراند.[1] "جەلال تاڵەبانی" کە لە ژوئەنی ساڵی ١٩٧٦ پێکهێنانی یەکێتی نیشتمانی لە سوریا راگەیاند، لەسەرەتای ساڵەکانی یەکەمی دەستپێکردنی شۆڕشەوە نوێنەرایەتی سێ بزووتنەوەی جیاوازی دەکرد، رەوتی سەوز و کۆمەڵەی مارکسیست لینینیسیت و بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان[2]، لە سێبتەمبەری ساڵی ١٩٨٠ کاتێك عێراق هێرشی کردە سەر ئێران دوژمنانی رژێمی عێراق هاوپەیمانانی خۆیان لەناو کوردەکان هەڵبژارد، لەناوەڕاستی نۆڤەمبەر چەند گرووپێکی جیاواز کە بنکەیان لە دیمەشق بوو پێکهێنانی (بەرەی دیموکراتیکی نیشتمانی عێراق) کە ئامانجی رووخاندنی رژێمی بەعس بوو، راگەیەندرا ئیمزاکەرە سەرەکییەکانی ئەم راگەیاندراوە برتیی بوون لە ( یەکێتی نیشتمانی

(١) د. ساڵح مەلا عومەر عیسا، ئەتنیکگەرایی و دەوڵەتی نەتەوەیی لە چەرخی بە جیهانیبووندا کوردستانی عێراق وەك نموونە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٠.

(٢) نادر انتصار، همان منبع، ص ١٦٠.

کوردستان، حزبی کۆمەنیستی عێراق، حزبی سۆسیالیتی کوردستان و حیزبی بەعسی لایەنگری سوریا )[1] ، لە ساڵی ١٩٨٣ لە ناوەندی جەنگی ئێران و عێراق، کۆماری ئیسلامی ئێران بەهاوکاری پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، هێرشێکی گرینگی لە دژی بنکەکانی عێراق لەناو خاکی کوردستاندا ئەنجامدا.[2] لەلایەکی تر "سەدام حسێن" بۆ ئەوەی کە پێشمەرگەکانی کورد لە ئێران جیابکاتەوە هەوڵیدەدا کە پەیوەندی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبەکانی تر بکات، "سەدام" زۆر بەباشی دەیزانی کە کۆنترۆڵکردنی جادەی هاملتۆن کە لە حاجی ئۆمەرانەوە بۆ رەواندز و شەقڵاوە کێشراوە چ گرینگییەکی هەیە و ئەگەر ئەو جادەیە دەگیرا هەولێر و دەشتی هەولێر ئیتر جێگایەکی ئەمین نەبوون بۆ هێزەکانی عێراق، هەروەها لە نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٨٦ "مەسعود بارزانی" و "جەلال تاڵەبانی" بە مەبەستی پێکهێنانی بەرەیەك لە تاران کۆبوونەوە و مانگێك دواتر حیزبی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان نوێنەریان ناردە کۆنفرانسی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق لە تاران، و لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٨٧ حیزبی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان راگەیاندراوێکی هاوبەشیان راگەیاند، کە مەبەستی پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی کوردستان و بەرەی نیشتمانی ئۆپزسیۆنی عێراقی بوو، و لە بورای عەسکەریدا پەیمانیاندا کە هێزەکانی پێشمەرگە لەیەك بەرەدا رێکبخەن، لە مانگی ئاداری ١٩٨٧ بەرەی کوردستانی کە لە پێنج گرووپی سەرەکی کورد واتە (حیزبی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، جیزبی سۆسیالیستی کوردستان، حیزبی دیموکراتیکی گەلی کوردستان، پاسۆك، حیزبی زەحمەتکێشان، حیزبی شیوعی و بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوورییەکان ) پێکهات، کە ئەوەش بۆ عێراق مانای زۆر بوونی مەترسی بوو[3]، لەلایەکی ترەوە رژێمی بەعس دەستی دایە کۆمەڵێك چالاکی

---

(١) دیڤید مك داول، همان منبع، ص ٥٤٠.

(٢) نادر انتصار، همان منبع، ص ١٦١.

(٣) دیڤید مك داول، همان منبع، ص ٥٤٤ تا ٥٤٩.



بۆ لەناوبردنی کوردان، یەکێك لە سیاسەتەکانی رژێمی بەعس پاکتاوکردنی رەگەزی کوردەکان و شاردنەوەی ئەوانە لە گۆڕە بە کۆمەڵەکاندا کە بە "ئەنفال" ناسراوە، هەروەها لە ساڵی ١٩٨٦ لە ئەنجامی هێرشی کیمیایی بۆ سەر شاری هەڵەبجە زیاتر لە (٥٠٠٠) کورد شەهید کران، رژێمی بەعس لەسەر بنەمای سورەتی "ئەنفال" لە قورئانی پیرۆز پاساوی بۆ زاراوەی ئەنفالی دەهێنایەوە و دەیگوت کوردەکان دەبێت بکوژرێن، لە درێژەی زنجیرە کردارێکی رژێمی بەعس کە لە هەشت قۆناغدا ئەنجامدرا کە لە ١٩٨٨/٢/١٨ تا ١٩٨٨/٩/١٦ درێژەیان کێشا و بەشێوەیەکی راستەخۆ لەژێر چاودێری "سەدام حسێن" و لە ژێر فەرماندەیی "عەلی حەسەن مەجید" ئەنجامدران، سەرجەم (١٨٢,٠٠٠) کەس لەو پرۆسەیەدا کوژران و پتر لە (٥٠٠٠) گوند کاولکران[1]، شایەنی ئاماژە پێکردنە کە زیاتر لە دووسەد کۆمپانیای جۆراوجۆر و زیاتر لە بیست وڵات کە زۆربەیان لە وڵاتانی ئەوروپی بوو، بەشداریان لە پڕ چەککردنی عێراق بە چەکی نوێ کرد و پەرەیان بە تواناکانی دا بۆ بەرهەمهێنان و بەدەستهێنانی چەکی کیمیاوی، بەم شێوەیە کۆمەکی رۆژئاوا هۆکاری سەرەکی بوو بۆ ئەوەی رژێمی عێراق چەکی کۆکوژ و کیمیاوی بەرهەم بهێنێت، کە دواتر رژێمی بەعس تراژیدیای هەڵەبجەی قەوماند و لە ١٩٨٨/٣/١٦ دانیشتوانی ئەو شارەی قڕ کرد، هەر رۆژێك دوای روودانی کارەساتی هەڵەبجە "تاریق عەزیز" وەزیری دەرەوەی ئەو کاتەی عێراق ئاماژەی بەوەدا کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوا باشە و ئەوان هەڵوێستیان بەرپرسیارانەیە!!، هەرچەندە بەریتانیا یەکێك بوو لەو دەوڵەتە رۆژئاواییانەی کە جووڵەیەکی دیبلۆماسی کرد، ئەوە بوو کە لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٨ داوای ئەوەی کرد کە لەهەر شوێنێك کە دەوڵەتان تاوانبارکران بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دەبێت لێکۆڵینەوەیەکی نێودەوڵەتی بۆ ئەنجامبدرێت، هەروەها رۆڵێکی پێشەنگانەی لە دەرکردنی بڕیاری ٦٢٠ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی

---

(١) د. ساڵح مەلا عومەر عیسا، ئەتنیکگەرایی و دەوڵەتی نەتەوەیی لە چەرخی بە جیهانیبووندا کوردستانی عێراق وەك نموونە، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٩.

بینی، کە لە ٢٦ی ئابی ١٩٨٨ ڕاگەیەندرا، ئەو بڕیارە سەرکۆنەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دەکات و داوای ئەوە دەکات کە لە هەر شوێنێك بەکارهێنرا دەبێت ڕێوشوێنی گورج و گۆڵانە و بەپەلە وەربگیرێ، کەچی دوای ٤٨ سەعات لە پەسەند کردنی بڕیارەکە جارێکی تر عێراق بەکاری هێنایەوە و لە مانگی ئەیلول و تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ دووبارەی کردەوە، بەبێ ئەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێوشوێنی توند وەربگرێ و بەکارهێنەر سزا بدەن.[1] دڕندایەتییەك کە بەغدا لە هەڵەبجە نیشانیدا، گورزێکی کاریگەری لە ناخی کوردەکان دا، بەڵام ئێستا بۆ خەڵکی جیهان ڕوون بۆوە کە "سەدام حسێن" بۆ لەناو بردنی کورد دەستی داوەتە کوشتارێك کە پێشتر لە خەیاڵی هیچ کەسێك نەدەگونجا و لە پاش ئەم کارە دڕندەیە لە ساڵی ١٩٨٨ زیاتر لە (٦٠,٠٠٠) کورد بەرەو تورکیا ڕێگایان گرتەبەر، ئەمە جگە لە ئەو ژمارە زۆرە کوردەی ئاوارەی ئێران بوون[2]، پاش شەڕی ئێران و عێراق، ڕژێمی عێراق لە ١٩٩٠/٨/٢ کوێتی داگیر کرد و بووە هۆی دروستبوونی بارودۆخێکی نوێ لە نێوان ڕژێمی عێراق و وڵاتانی عەرەبی، هەروەها دروستبوونی مەترسی و بارودۆخێکی نوێ لەناو عێراق، بەتایبەتی کوردستان، چاوەڕوانکردنی گۆڕانکاری زیاتر بەهۆی ئاگادارکردنی دەسەڵاتی ناوەندی عێراق بە کشانەوەی لە کوێت لە ڕێگەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و ...هتد، ئەوە بوو کە لە ١٩٩١/١/١٧ هێزی سوپای هاوپەیمانان پەلاماری سوپای عێراقی دا بەناوی گەردەلولی بیابان بە سەرکردایەتی ژەنەڕاڵ "سوارشکۆف" لە ئەنجامدا بووە هۆی دەرپەڕاندنی سوپای عێراق لە کوێت و شکانی سوپای عێراق و کشانەوەی بەرەو بەغدا، ڕۆیشتنی هێزی هاوپەیمانان تا قووڵایی خاکی عێراق، لە ١٩٩١/٢/٢٨ شەڕی کەنداوی دووەم کۆتایی هات و بووە هۆی ڕاپەڕینی گەلانی

(١) عومەر نورەددینی، سیستەمی نوێی جیهانی و دۆزی کورد، (کوردستانی عێراق وەك نموونە)، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم، ٢٠٠٣، ل ١٠٧ تا ١٠٨.

(٢) دیڤید مك داول، همان منبع، ص ٥٥٩ تا ٥٦٣.



عێراق، بەتایبەتی شیعە لە باشوری عێراق و کورد لە باکوری عێراق واتە باشوری کوردستان، لە ١٩٩١/٣/٥ بە ڕزگارکردنی شار و شارۆچکەکانی ڕانیە و قەڵادزێ بە ناوی دەروازەی ڕاپەڕین، دوا بەدوای ڕزگارکردنی شارەکانی هەولێر لە ٣/١١ و سلێمانی لە ٣/١٧ و کەرکوك لە ٣/٢٠، هەروەها دهۆك و شارۆچکەکانی تری کوردستان بە ڕاماڵینی دام و دەزگا سیخوڕی و سەربازی و ئەمنی ڕژێمی بەعس و تێکشکاندنیان.[1] ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ بوو بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی کوردەکان لە کوردستانی عێراق و دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ لە خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لەم بەشەی کوردستان و کۆتایی پێهێنانی دەسەڵاتی بەعس لەسەر زۆربەی خاکی کوردستانی عێراق و بەردی بناغەی دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان.

(١) عەلی کەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨ و ٤٩.

# بەشی سێیەم

## تورکیا و پرسی کوردەکانی عێراق لە پاش شەڕی دووەمی کەنداو ١٩٩٠

نەجات عەلی سالح

## ٣-١- كورد و پەناگەی ئارام لە هێڵی پانی ( ٣٦ و ٣٢) پلە:

شكست و هەڵوەشانەوەی ئیمپڕاتۆریای سۆڤیەتی و پاشكۆكانی لە نێوان ساڵانی (١٩٨٩ تا ١٩٩١) بە یەكێك لە گرینگترین سەردەم و وەرچەرخانی جیهانی دادەنرێت، لە بواری ناسیۆنالیزم و سەركەوتنی دیموكراسی و لیبرالیزم، وەكو مۆدیلی سەرەكی لە جیهانی نەتەوەكان و مافەكانی مرۆڤ و دەوڵەتی مۆدێرندا، لە نێوان ئەم ساڵانەدا بەهێزترین بزاڤی نەتەوەیی لەسەرتاسەری جیهاندا لە سەدەی بیستەمدا بەرپا بوو، هەروەها زۆرترین توندوتیژی و مرۆڤ كوژی بەكۆمەڵ بەهۆی هۆكار و ئامانجی ناسیۆنالیستییەوە پێشكەش بە مرۆڤایەتی كرا، و دیاردەی جینۆسایدی نەژاد و نەتەوەكان و قڕكردنی یەهوودی لە جەنگی دووەمی جیهانی وەبیر مرۆڤایەتی دەهێنایەوە، لە نێوان ئەم ساڵانەدا چەندین دەوڵەتی نەتەوەیی دامەزران (چیك، سلۆڤاكیا، سربیا، كرواتیا، سلۆڤینیا، وڵاتانی ئەوروپا و ئاسیای جیابوو لە ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەتی) و چەند دەوڵەتی دیكەش لە سۆسیالیزمەوە دیسان وەرچەرخانەوە بۆ نەتەوایەتی (بولگاریا، هەنگاریا، پۆڵۆنیا، یەكگرتنەوەی هەردوو ئەڵمان)[1]، هەروەها ئەنتۆنی گیدینز زانای گەورەی كۆمەڵناسی سیاسی دەڵێت: (لە جیهانی ئێستادا نەتەوەی بێ دەوڵەت یەكێكە لە كێشە دیارەكانی دنیای مۆدێرن، لە ماوەی سەد ساڵی رابردوو بەردەوام بووە، نەتەوەی بێ دەوڵەت ئەو خەڵكانە دەگرێتەوە كە خۆیان لە كۆمەڵگەیەكی تایبەتی وێناكراو دەناسێنن، و وابەستەن بەو نەتەوە دڵخوازە یان تایبەتمەندییە هاوبەشەكانی نەتەوە (خاك، زمانی هاوبەش، فەرهەنگ، و مێژووی تایبەتی، تا رادەیەكیش بونیادی هاوبەش)، پایە گرنگەكانی ئەم دڵخوازییەی وێنای نەتەوەن و نەتەوەی كورد یەكێكە لەوان و لە چەند وڵاتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دابەشكراون، ئەوان دەیانەوێت كوردستان دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت، بەڵام تا ئێستا نییانە، بۆیە بەردەوام تێوەگلاون لە جەنگ و توندوتیژی،

(١) ئەكرەمی میهرداد، ناسیۆنالیزم (گۆڕانكاری، تیۆری، رەخنە)، سلێمانی: مەكتەبی بیر و وشیاری (ی.ن.ك)، ٢٠٠٦، ل ٢٠٧.



هەڵبەت نەتەوەی بێ دەوڵەت یەكێكە لە سەرچاوەكانی نائارامی و جەنگ).[1]
هاوكات لەگەڵ هێرشی رژێمی بەعس و چوونی هێزەكانی عێراق بۆ كوێت و هێرشی هێزەكانی هاوپەیمانان بۆ سەر عێراق و كەمبوونەوەی هێزەكانی بەعس و پەیمانی "جۆرج بۆش" بۆ گەلی عێراق، جەماوەری كورد لە سەرانسەری عێراق دژ بە هێزەكانی بەعس راپەرین و هێزەكانی پێشمەرگەش كە لە دەرەوەی عێراق واتە لە ئێران سەقامگیربوون هەستان بە كردارێكی سەربازی دژ بە پاشماوەكانی هێزەكانی عێراقی لەناو شارەكاندا، ئەوان توانیان شكست بە هێزەكانی بەعس بهێنن لە كوردستاندا و تەنانەت شاری كەركوكیشیان ئازاد كرد، لە باشوری عێراقیش شیعەكان راپەڕین و توانیان گەلێك لە شارەكان بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، بە ئاگربەستی هێزە هاوپەیمانەكان رژێمی بەعس تانك و فرۆكەی دژ بە هێزە راپەڕیوەكانی شیعە و كورد بەكارهێنا و بە ئەنجامدانی تاوان و كرداری كۆمەڵكوژی بەردەوام توانیان راپەرینی شیعەكان شكست پێ بهێنن و هەموو شارە شیعەكانیان خستە ژێر كۆنترۆڵی خۆیان[2]، كاتێك شەپۆڵی راپەرین زۆربەی شار و ناوچەكانی عێراقی گرتەوە و لە كۆی ١٨ پارێزگا ١٤یان كەوتنە ژێر دەسەڵاتی كورد و شیعە و جەماوەری راپەریوەوە، كورد توانییان بۆ یەكەمجار لە مێژووی عێراقدا پارێزگای كەركوكی بەزۆر تەعریب كراو ئازاد بكەن، كە ئەمە بۆ كورد مانایەكی سیاسی و نەتەوەیی هەبوو، دەوڵەتە هەرێمییەكانی دراوسێی عێراق كەوتنە ئەنجامدانی چالاكی دیپلۆماسی و گوشاریان خستەسەر واشنتۆن تا دەست لە هاریكاری ماددی و مەعنەوی راپەڕیوان هەڵبگرێت، لەناو ئەم دەوڵەتانەدا توركیا و سعودیە رۆڵێكی دیاریان هەبوو، یەكەمیان ترسی هەبوو لە دامەزراندنی دەوڵەتێكی كوردی و هی دووەمیان لەوە دەترسا ئەگەر شیعەكان بەسەر ئاییندەی عێراقدا زاڵبن ئەوا لە زۆر

(١) هەمان سەرچاوە، ل ٢٢٧.

(٢) د. ساڵح مەلا عومەر عیسا، ئەتنیكگەرایی و دەوڵەتی نەتەوەیی لە چەرخی بە جیهانیبووندا كوردستانی عێراق وەك نموونە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٠.

لاوە سەرئێشە بۆ سعودیە دروستدەبێت، وەك پرۆفیسۆر نادری ئینتسار دەڵێ: کاتێك ڕاپەڕینی کوردەکان بەدوای ڕاپەڕینی شیعەکاندا هات ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ترسی ئەوەی هەبوو کە بەغدا لە ڕووی سەربازییەوە بە تەواوەتی تێك بشکێ، هەروەها نەیدەویست عێراق بە دەردی لوبنان بچێت، جگە لەوەش کاریگەری زۆری سەرکەوتنی ڕاپەڕینی کوردەکان لە عێراق و کاردانەوەی لەسەر سەقامگیری ڕەوشی تورکیا بوو بە یەکێك لەو هۆکارانەی وای لە "جۆرج بۆش" کرد هەڵوێستێکی بێ لایەنە وەربگرێت[١]، بەڵام سەرکەوتنی کوردیش تەمەن کورت بوو کاتێك کە ڕاپەڕینی باشور کۆنترۆڵ کرابوو سەدام حسێن بە خێرایی هێزەکانی خۆی واتە (حەرەس جمهوری) بە پشتیوانی فڕۆکە و چەکی قورس و تانك بۆ باکور نارد، ئەم ڕێگا پێدانە بە سەدام حسێن لەبەر ئەوە بوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا حەزی لێ نەبوو وڵات نەك هەر لە دەستی حکومەتی بەغدا بچێتە دەرەوە بەڵکو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێی خۆش بوو "تورکیا و عەرەبستانی سعودی" دڵنیا بکاتەوە کە نە یارمەتی کوردەکان دەدات و نە یارمەتی شیعەکان دەدات[٢]، لە ئەنجامدا لە ١٩٩١/٣/٣١ دا ڕژێمی بەعس بە دڕندەترین شێوە هێرشی کردە سەر کوردستان و کۆڕەوی ملیۆنی کورد دەستیپێکرد و خەڵکی کوردستان ناچار بوون خانوو و سامانیان بەجێ بهێڵن و ڕابکەن بەرەو چیاکان بۆ خۆپاراستنیان لە کوشتن و برین[٣]، "ئێمە دۆستێکمان نییە بێجگە لە چیاکان" ئەم ڕستە کۆنە کوردییە کە لەسەر زاری هەموو کوردێکە بەڵام لە ساڵی ١٩٩١ لە کۆڕەوە ملیۆنییەکەی کورددا هەر ئەو چیایانە هەزاران کوردی تێدا کوژران، بۆ یەکەمجار کورد لەو بارودۆخە نالەبارەدا هەستیانکرد کە جگە لە چیاکان دۆستی تریشیان هەیە و کۆمەڵە کەسانێك

(١) عومەر نورەددینی، سەچاوەی پێشوو، ل ٣٥٥ و ٣٥٦.

(٢) دیڤید مەکداول، مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕان ئەبوبەکر خۆشناو، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٣، ل ٦١٢.

(٣) محەمەد سالح ئاکرەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٢.



وەکو خێزانی سەرۆك کۆماری ئەو کاتەی فەرەنسا، سەرۆك کۆماری ئەوسای تورکیا، یەکێك لە وەزیرانی کابینەی فەرەنسا، ئەندامێکی دەست ڕۆیشتووی سنا لە واشنتۆن، یەکێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی ئەعیانی بەریتانیا، دیپلۆماتە باڵاکانی بەریتانی و فەرەنسا و ڕۆژنامە نووسە بەناوبانگەکان...هتد، و بەهۆی تەکنەلۆژیای ڕاگەیاندنەوە گەلی فەرەنسا و بەریتانیا ئاگاداری ڕەوشی کوردەکان بوون و گوشاری ڕای گشتی بووە هۆکارێك بۆ ئەوەی کە لەندەن و پاریس بۆ ئەم تراژیدیایە بکەونەخۆ[١]، زیاتر لە ملیۆنێك و نیو کورد ڕوویان کردە ئێران و تورکیا و لەسەر ڕێگای کۆچڕەوەکەش هەلیکۆپتەرەکانی ڕژێمی سەدام خەڵکیان دەکوشت، ئەوە بوو کە لە ١٩٩١/٤/٥ ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری ژمارە ٦٨٨ی دەرکرد، ئەم بڕیارە سەرکوت کردنی خەڵکی مەدەنی کە لە زۆربەی ناوچەکانی عێراق بەتایبەتی ناوەندەکانی دانیشتوانی کوردستان بەڕێوە بوو مەحکوم دەکا و لە عێراق داوا دەکا بۆ یارمەتیدان بە لابردنی هەڕەشە لەسەر ئاشتی و ئاسایشی جیهانی لە ناوچەکە بە زووترین کات کۆتایی بەو سەرکوتکارییە بهێنێت و ئاسانکاری بۆ چالاکی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە مرۆڤ دۆستەکان دەستەبەر بکات و یارمەتییان بدات، ئەو بڕیارەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دوو ڕووەوە بڕیارنامەیەکی مێژوویی بوو، یەکەم: کە لە کۆمیسیۆنی دادوەری کۆمەڵەی گەلان لە ساڵی ١٩٢٦ بەولاوە ئەوە یەکەمجار بوو ناوی کوردەکان بهێنرێت و بەو شێوەیە بار و پێگەی کوردان لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا بەرزکردەوە، دووەم: ئەوە یەکەمجار بوو کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) لەسەر مافی خۆتێکەڵکردن لە کاروباری وڵاتێکی ئەندام سوور دەبوو. ئەو لایەنە دەربڕی ئەوە بوون کە (UN) بەرەبەرە خەریك بوو چاوی بە مەبدەئی گشتی خۆتێکەڵ نەکردن لە کاروباری وڵاتاندا دەخشاندەوە، ئەمە شتێك بوو بۆ ئایندەی کوردان و تێکڕای کەمینە نەتەوەییەکان کە

(١) جاناتان رندل، با این رسوائی چه بخشایشی؟ ( تحلیل مسائل سیاس کردستان )، ترجمه ابراهیم یونسی، تهران: نشر پانیذ، ١٣٨٣، چ٣، ل ٧٨.

رووبەڕووی مەترسی دەبوونەوە ئومێد بەخش بوو، بەڵام جێگەی ئاماژەیە کە ئەنجوومەنی ئاسایش هەوڵیدا کە بڕیاری ناوبراوی کە لەژێر فەسڵی حەوتی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرکردبوو نەبەستێتەوە بە گەرەنتییەکی ئیجرائی[1]، ئەوە بوو کە هێڵی پانی (٣٦) پلە بۆ کوردەکان و هێڵی پانی (٣٢) پلە بۆ شیعەکان "پەناگەی ئارام" دامەزرا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی دەبا لە یارمەتییەکانی تورکیاش کەڵکی وەرگرتبا چونکە ئەگەر ویستبای پێش بە هێرشە وشکایی و ئاسمانییەکانی عێراق دژ بە کورد و شیعەکان لە پەناگەی ئارام بگرێت پێویست بوو لە بنکەیەکی ئاسمانی تورکیا کە نزیکترین دراوسێی عێراقە کەڵك وەربگرێت[2]، هێرشی ئابی ١٩٩٠ی عێراق بۆ سەر کوێت بووە هۆی ئەوەی کە لەناو دراوسێیەکانی عێراقدا تورکیا لەگەڵ هەڵبژاردنێکی ئاستەم بەرەوڕوو بێت، تورکیا لەناو ساڵەکانی ١٩٨٠ بۆ ١٩٩٠ زۆرترین پەیوەندی سیاسی و ئابووری لەگەڵ عێراق هەبووە جگە لە ڕۆیشتنی هێڵەکانی بۆری نەوتی عێراق بۆ بەندەرەکانی تورکیا، ئەم دوو وڵاتە سەبارەت بە کوردەکانیش لە چوارچێوەیەکی ئەمنیدا کاریان دەکرد، ئەم چوارچێوە ئەمنییە ڕێگای بە سوپای تورکیا دەدا تاکو بۆ مەبەستی ڕاوەدوونانی کوردە جیاخوازەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بێتە ناو باکوری عێراقەوە[3]، تورکیا ڕێگەی بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دا لە بنکەی ئەنجەرلیك بە مەبەستی هێرش بردنە سەر عێراق کەڵك وەربگرێت، هەروەها هەر شەش مانگ جارێك ڕێگەدانی سوود وەرگرتنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بنکەی ئینجەرلیك لە لایەن

(١) دیڤید مك داول، تاریخ معاصر کرد، همان منبع، ل ٥٨٤.

(٢) د. ساڵح مەلا عومەر عیسا، قەیران خولقێنی زلهێزەکان لە کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو, ل ٢١٣.

(٣) جواد انصاری، ترکیه در جستجوی نقشی تازه در منطقة، تهران، دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی، ١٣٧٣، ص ٣٣٨.



پەرلەمانی تورکیا نوێبکرێتەوە، ئەم ڕێکەوتنە تا ئەو کاتەی کە بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بخوازێت لەلایەن تورکیاوە درێژ دەکرێتەوە بە پێکهاتنی ناوچەی ئەمن دوو ملیۆن ئاوارەی کورد لە ئێران و تورکیاوە گەڕانەوە کوردستانی عێراق، جێگای ئاماژەیە زۆربەی ناوچە نەوتییەکانی کوردستانی عێراق بە تایبەتی کەرکوك نەکەوتنە ناو هێڵی پانی (٣٦) دەرەجەوە[1]، د. ساڵح عومەر مامۆستای زانکۆی سەلاحەددین کۆلێژی زانستە رامیارییەکان دەڵێت: ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەبێ ئەوەی بۆ بەندی ٢ لە پاژی ٧ی جاڕنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بگەڕێتەوە کە باس لەوە دەکات هیچ وڵاتێك مافی ئەوەی نییە دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتێکی تردا بکات، بۆ یەکەمین جار ئەم دەستتێوەردانە بەپێی بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کاروباری ناوخۆی عێراق ئەنجامدرا بۆ پاراستنی کورد و شیعە، ئەم پەناگە ئارامە بووە بەردی بناغەی دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان.[2]

### ٣-٢- دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن کوردەکانی عێراق:

دوای هێرشی سەدام بۆ سەر کوێت، و شەڕی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ناتۆ دژی عێراق و ئاشکرا بوونی تاوانەکانی سەدام حسێن لەلایەن ڕاگەیاندنە گشتییەکانی ڕۆژئاوا، و هاتنەکایەی پەناگەی ئارام ( ناوچەی ئەمن ) بۆ کوردستانی عێراق، هەلێکی گونجاو بۆ کوردەکانی عێراق ڕەخسا تاکو جارێکی دیکە بۆ

(١) د. ساڵح مەلا عومەر عیسا، قەیران خولقێنی زلهێزەکان لە کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٤.

(٢) د. ساڵح مەلا عومەر عیسا، ئەتنیکگەرایی و دەوڵەتی نەتەوەیی لە چەرخی بە جیهانیبووندا کوردستانی عێراق وەك نموونە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦٧.

بەدەستهێنانی مافەکانیان دەست بەکاربن[1]، کوردە ئاوارەکان کاتێك زانیان نەتەوە یەکگرتووەکان ناوچەیەکی ئارامی بۆ دابینکردوون و لە تاوانەکانی رژێمی بەعس پارێزراون گەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان، رژێمی بەعس لە ٢٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٩١ گەمارۆی ئابووری خستەسەر کوردەکان و دام و دەزگای حکوومی و خزمەتگوزاری لە کوردستان کێشایەوە، رژێمی بەعس هیچ پارە و خزمەتگوزارییەکی بۆ کوردەکان دابین نەدەکرد و رەوشی ئەوان بۆ رێکخستنەوەی ناوچەکانیان زۆر دژوار بوو، دابینکردنی ئاسایش زۆر دژوار بوو و بۆشایی بڕیاردان دروستبوو[2]، لەلایەکی تر ئەو هێزە (٥٠٠٠) کەسیەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا کە لە تورکیا لە ژوئیەی ١٩٩١ لە ژێر ناوی (چەکوشی تعادل) لە ناوچەی سلۆپی تورکیا دامەزرابوو، کە وەك هێزێك بۆ کاردانەوەی خێرا لە بەرامبەر هەر دەستێوەردانێکی عێراق و مەترسی بۆ سەر کوردەکان، کاری دەکرد، بوو بە هۆی نارەزایەتی راگەیاندن و ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا[3]، لە لایەکی تر رێبەرانی حیزبە سەرەکییەکانی کوردستان لە ئاپریلی ١٩٩١ بەو بیرۆکەیە کە دەیانزانی "سەدام حسێن" نە تەنیا لە جەنگی دووەمی کەنداو گیانی رزگار بووە بەڵکو هاوپەیمانانیش ئیتر نایانەوێت حکومەتەکەی بروخێنن، دەستیان بە دانوستاندن لەگەڵ رژێم کرد[4]، هەروەها جێگای سەرنج و تێڕوانینە لە کاتێکدا کە لە سەرەتاکانی دەیەی هەشتا بوونی کورد (سەرەڕای پرسی کورد) لە تورکیا بە توندی حاشای لێدەکرا، لە کاتی راپەرینی ١٩٩١ی کوردەکان لە عێراق "تۆرگۆت ئۆزاڵ" سەرۆك کۆماری تورکیا دەستی دایە کارێکی بێ وێنە لە

(١) د. سالح مەلا عومەر عیسا، قەیران خولقێنی زلهێزەکان لە کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٦.

(٢) د. سالح مەلا عومەر عیسا، ئەتنیکگەرایی و دەوڵەتی نەتەوەیی لە چەرخی بە جیهانیبووندا کوردستانی عێراق وەك نموونە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠١.

(٣) نادر انتصار، همان منبع، ص ٢٨٩.

(٤) مارتین وان بروین سن، همان منبع، ص ٥٦.



رابردوودا و رێبەرانی کوردی عێراقی بۆ گفتوگۆی نیوە فەرمی بۆ تورکیا بانگهێشت کرد و پێی گوتن، چاکترین رێگای چارەسەری پرسی کورد لە عێراق پێکهێنانی حکومەتێکی فیدراڵە، "تورگۆت ئۆزاڵ" ماوەیەك لەوە پێشتر قەدەغە بوونی بەکارهێنانی زمانی کوردی هەڵگرتبوو، هۆکاری سەرەکی ئەو گۆڕانە ناوخۆییەی سیاسەتی تورکیا چالاکی گوشاری پەکەکە بوو لەسەر تورکیا، کە تورکیا دانبەوەدابنێت کە کێشەیەکی بەناوی پرسی کورد هەیە، ئەوەش دوای شکستی هەوڵەکانی تورکیا لەسەرکوت کردنی بزاڤی کوردی بوو لە تورکیا.[1] کوردەکان کە لە پێناو بەدەستهێنانی مافەکانیان خەباتێکی درێژیان دژی "سەدام" دەستپێکردبوو، لەم بارودۆخە نوێیەدا بەر لە ئەنجامدانی هەرکارێك لەگەڵ "سەدام" کەوتنە دیالۆگ و گفتوگۆوە، کوردەکان خوازیار بوون لە چوارچێوەی وڵاتی عێراق و بەو شێوەیەی کە خۆیان حەزیان لێ بوو بژین، واتە دوور لە ژێر دەستی و زوڵم و زۆری و لە دەستدانی تایبەتمەندی نەتەوەییان، کوردەکان کە لە چوارچێوەی فیدراڵی بۆ کوردستانی عێراق خوازیاری مافی نەتەوەییان بوون، سەدام حسێن کە گرینگترین ناوچەی دەوڵەمەند بە نەوتی کوردستانی عێراقی لە ژێر دەستدا بوو لە جیابوونەوەی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کوردەکان نەدەترسا، ناوبراو گەمارۆی ئابووری خستەسەر کوردستان و بە بەڕێوەبەرانی کوردی راگەیاند ئەگەر خوازیاری ئەوە بن دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی لە کوردستانی عێراقدا دابمەزرێن، ئەو بەیەکەم دەوڵەت دەبێت کە بە رەسمی بیناسێت، سەدام حسێن بە شوێن ئەوە بوو کە کوردەکان هیوا بڕاو بکات، چونکە دەیزانی هیچ کاتێك وڵاتانی ناوچە رێگە بە دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ لە عێراق نادەن[2]، دوای شکستی گفتوگۆیەکان لە نێوان بەرەی کوردستانی و رژێمی سەدام، بەرەی کوردستانی کە لە ئامانج و مەبەستەکانی سەدام حسێن ئاگای هەبوو

(١) پیشین، ص ٥٧.

(٢) د. سالح مەلا عومەر عیسا، قەیران خولقێنی زلهێزەکان لە کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٧.

و دەشیزانی ئەگەر لەو بۆشاییەی دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی دەسەڵاتێکی کوردی سەربەخۆیان ڕاگەیاندبا دەبووە هۆی کاردانەوەی توندی تورکیا و ئێران و ڕۆژئاوا و سوریا، بۆیەش حیزبە کوردییەکان کە سەرەکیترینیان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە دیمەشق کۆبوونەوەیان لەگەڵ گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی کرد و ڕایانگەیاند کە دەیانەوێت لەناو دەوڵەتی عێراقی بمێننەوە، بۆ ئەوەی بونیادێك بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی عێراق لە تاراوگە دابڕێژن و "مەسعود بارزانی" کە ئاگاداری هەڕەشە و مەترسی دەوڵەتانی دراوسێی عێراق بوو، دروشمی خودموختاری بۆ کوردستان و دیموکراسی بۆ عێراق بەرزکردبۆوە[1]، لەلایەکی تر بۆ قەرەبووکردنەوەی بۆشایی بڕیاردان لە کوردستان "مەسعود بارزانی" وەك ڕێبەرێکی ناوچەیی بۆ ڕێکخستنەوەی ڕەوشی کوردستان پێشنیاری کرد هەڵبژاردنی پەرلەمان و هەڵبژاردنی ڕێبەری کوردستان ئەنجامبدرێت، تا لەم ڕێگایەوە بۆشایی بڕیاردان و گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان و دابینکردنی ئاسایش بۆ هاوڵاتیان پڕبکرێتەوە، بەرەی کوردستانی کە خاوەن ڕەوایی بوو کە حیزبە کوردییەکان تێیدا بەشدار بوون ڕەزامەندی خۆی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەربڕی، سەرەنجام لە ١٩ی ئایاری ١٩٩٢ هەڵبژاردن ئەنجامدراو چاودێرانی نێودەوڵەتیش چاودێری هەڵبژاردنەکەیان کرد، هەڵبژاردنی کوردستان یەکەمین هەڵبژاردنی ئازاد و دیموکراسی بوو لە سەرانسەری مێژووی عێراقدا[2]، شایانی باسە بەرەی کوردستانی هەر لە ساڵی ١٩٨٨ەوە دامەزراندنی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە کردبووە بە یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی خۆی، هەر لەگەڵ ئازاد بوونی بەشێکی زۆری کوردستانی عێراق لە ئادار و نیسانی ١٩٩١ بەرەی کوردستانی وەك دەسەڵاتی

(١) دیڤید مك داول، تاریخ معاصر کرد، همان منبع، ص ٥٩٤.

(٢) د. ساڵح مەلا عومەر عیسا، ئەتنیکگەرایی و دەوڵەتی نەتەوەیی لە چەرخی بە جیهانیبووندا کوردستانی عێراق وەك نموونە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٢.



شەرعی لەلایەن دام و دەزگا خزمەتگوزاری و یاسایی و ئیدارییەکانەوە قەبووڵکرا[1]، پەرلەمانی کوردستان ١٠٥ کورسی هەبوو، کە ٥ کورسیان بۆ کەمینەی ئاشووری و کەلدانی تەرخانکرابوو، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەنگی پێویستیان بۆ بردنەوەی کورسییەکان بەدەستهێنابوو، پارتی دیموکرات ٥١ کورسی و یەکێتی نیشتمانی ٤٩ کورسی بەدەستهێنا، چاودێرانی نێودەوڵەتی ئەنجامە بەدەستهاتووەکانیان بە یاسایی ڕاگەیاند، حیزبە بەشداربووەکانی تر لە هەڵبژاردن نەیانتوانی ڕێژەی ٧٪ بەدەستبهێنن، کە پێویست بوو بۆ بەدەستهێنانی کورسی پەرلەمان، بۆ سەرۆکایەتی کوردستانیش بەدەستهێنانی زۆرینەی ڕەهای دەنگەکان پێویست بوو، کە "مەسعود بارزانی" (٤٦,٦٪) و "جەلال تاڵەبانی (٤٤,٣٪) دەنگەکانیان بەدەستهێنا، بەم جۆرە کەسیان نەیتوانی (٥١٪)ی دەنگەکان بەدەستبهێنن و وەك سەرۆکی کوردستان هەڵبژێردرێن، پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ویستی خۆی کورسییەکی پەرلەمانی دا بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بەم جۆرە ناکۆکییەکانی خۆیانیان چارەسەر کرد، و یەکەمین حکومەتی نوێی ئیئتلافیان پێکهێنا، سەرۆکی پەرلەمان "جەوهەر نامق" ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، سەرۆك وەزیرانیش "فوئاد مەعسوم" لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو و جێگری پەرلەمان لە یەکێتی و جێگری سەرۆك وەزیران لە پارتی بوو، هەموو وەزارەتەکان ( ٥٠ بە ٥٠ ) لە نێوان دوو حیزبەکە دابەشکران، هەروەها وەزارەتێك بە ئاشووریەکان و وەزارەتێکیش بە حیزبی شیوعی درا، بەم جۆرە بۆ یەکەمین جار هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەنجامدرا و حکومەتی کوردستان دامەزرا[2]، لەسەر ئاستی دەوڵەتانی ناوچەکە و دەورو پشت، هەریەکە لە عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا هەم لە پێش کاتی هەڵبژاردن هەم لەکاتی ئەنجامدان و لەگەڵ دامەزراندنی پەرلەمان و

(١) عومەر نورەددینی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٦.

(٢) د. ساڵح مەلا عومەر عیسا، ئەتنیکگەرایی و دەوڵەتی نەتەوەیی لە چەرخی بە جیهانیبووندا کوردستانی عێراق وەك نموونە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٢ تا ٢٠٣.

حکومەتی هەرێمیش بە راشکاوی دژایەتی خۆیان بەرامبەر ئەم وەرچەرخانە سیاسییەی دەڤەرەکە راگەیاند و هەوڵە سەربازی و دیپلۆماسییەکانی خۆیان بۆ شکست پێهێنانی وەگەڕخست[1]، نیگەرانی و هەڵوێستی توندی تورکیا دەرهەق بە هەڵبژاردن و دامەزرندنی پەرلەمان و حکومەتی کوردی جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ هەڵوێستی عێراق نەبوو، لە ١٣ی مایسی ١٩٩٢ واتە تەنها یەك هەفتە لە پێش ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن وتەبێژێك بەناوی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا رایگەیاند: هەڵبژاردنەکەی کوردستانی عێراق لەگەڵ سیاسەتی تورکیا بەرامبەر عێراق و ناوچەکە ناگونجێت، هەر رۆژێك دوای ئەو لێدوانە، فرۆکە جەنگییەکانی تورکیا کەوتنە بۆمباران کردنی ژمارەیەك لە گوندەکانی دۆڵی سیدەکان و ناوچەی بادینان، ئەمەش هەڕەشەیەکی دیار و ئاشکرا بوو و پەیامێك بوو کە دژایەتی تورکیای بۆ پرۆژەی سیاسی کورد دەگەیاند[2]، هەمیشە تورکیا ترسی ئەوەی هەبووە کە بوونی پەناگەی ئارام و نەوای ئارام دەبنە چەترێك بۆ دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی کوردی، بەلای تورکیا ئەمە مانای وەدیهاتنی قەوارەییەکی سیاسی سەربەخۆیە بۆ کوردەکانی عێراق و ئەو هەنگاوەش راستەخۆ کاردەکاتە سەر کوردەکانی تورکیا و بۆ بەردەوام بوون لەسەر هەمان سیاسەت و بەهێزکردنی گیانی جواداخوازی هانیاندەدا و دەیان ورووژێنی[3]، ئەم کێشەیە وایکرد یەکگرتوویەکی ئەمنی لە نێوان تورکیا و ئێران و سوریا بێتەکایەوە، بۆیە هەرسێ وڵات هەڵسان بە پێکهێنانی چەندین کۆبوونەوەی هاوبەشی پەیوەندیدار بە پرسە ئەمنییەکان، لە رۆژنامەی سەلام لە ٢٥ی ئابانی ١٣٧١ی کۆچی هەتاوی لە وتەیەکی عەلی ئەکبەری ویلایەتی (وەزیری

(١) عومەر نورەددینی، سەچاوەی پێشوو، ل ٣٠٨.

(٢) رودهوف، میخیل لیزنیترك، بیتر مولر، انتخابات کوردستان العراق فی ١٩ مایس ١٩٩٢ تجربە دیموقراطیة، مکتبە الدراسات و البحوث المرکزی الحزب الدیموقراطی الکوردستانی، (دراسە ٢٧)، اربیل: مطبعة وزارە التربیە، ١٩٩٦، ص ٤٧.

(٣) عومەر نورەددینی، سەچاوەی پێشوو، ل ٣٠٩.



دەرەوەی ئەو کاتی ئێران) بەم شێوەیەدا هاتووە: "یەکەم دانیشتنی وەزیرانی دەرەوەی ئێران و تورکیا و سوریا لەسەر پێشنیاری کۆماری ئیسلامی ئێران لە بەهاری ١٩٩١ هاوکات لەگەڵ بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکانی وەزیرانی دەرەوە لە ئیستەنبۆڵ دەستپێکرد و بڕیاردرا ئەم کۆبوونەوانە لە ماوەیەکی کورتترا بەڕێوەبچن". ناوبراو لە شیکردنەوەی هەڵوێستی هەر سێ وڵاتی ئێران و تورکیا و سووریا سەبارەت بە گۆڕانکارییەکانی باکوری عێراق وتی: ((هەر سێ وڵات بەشێوەیەکی یەك دەنگ و پێداگر و راشکاوانە دژی دابەشبوونی عێراق و دامەزراندنی هەر جۆرە دەوڵەتێکی سەربەخۆن لە بەشێکی عێراق))، وەزیرانی دەرەوەی هەر سێ وڵات گۆڕانکارییەکانی باکوری عێراقیان زۆر گرینگ و مەترسیدار لە قەڵەم دا[1]، یەکێك لە رێچکەکانی نەخشەی سێ قۆڵی تورکیا و ئێران و سووریا بۆ پووکاندنەوەی ئەزموونی دیموکراتی کوردستان خۆشکردنەوەی نێوان و بووژاندنەوەی دەمارەکانی پەیوەندی کردن بوو لەگەڵ بەغدا، سەرەتای ئەم پەیوەندییانە لە رێگای ناردنی وەفدی پەرلەمانی و حیزبی وەگەرکەوت، ئەوە بوو کە لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٩٢دا چوار وەفدی عێراقی سەردانی ئەنقەرەیان کرد، ئەم وەفدانە سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی پەرلەمانی تورکیایان بینی[2]، لە ساڵی ١٩٩٣وە سیماکانی زیاتر توندوتۆڵبوونەوەی پەیوەندی لە نێوان عێراق و تورکیا زیاتر روون بۆوە و لە نیسانی هەمان ساڵدا پەیوەندی دیپلۆماسی چڕتر وەگەرکەوتەوە سەردانی نوێنەرانی هەردوولا زیادی کرد و تورکیا بە روون و رەوانی باسی ئەوەی دەکرد، کە پێی گرفتێکی سەرەکی نییە بەرامبەر هەر هەوڵێك کە بەغدا بیدات بۆ گەڕانەوەی دەسەڵاتی خۆی بۆ سەر کوردستان[3]، تورکیا

(١) د. ساڵح مەلا عومەر عیسا، قەیران خوڵقێنی زلهێزەکان لە کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٩.

(٢) عومەر نورەددینی، سەچاوەی پێشوو، ل ٣١٢.

(٣) محمد احسان، کوردستان و دوامة الحرب، اربیل: دار اراس للطباعة و النشر، مطبعة وزارة التربیة، الطبعة الثانیة، ٢٠٠١، ص ١١٣.

که لەلایەکەوە بەشدار بوو لە پرۆسەی پارێزگاری کوردەکانی عێراق و جێبەجێ کردنی "پەناگەی ئارام" و پەیوەندییەکی لە مێژینەی لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوا هەیە و تاکە دەوڵەتی ئیسلامی ئەندامە لە پەیمانی ناتۆ و هەمیشەش دۆستێکی دێرین و گوێ لەمستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە بەڵام ئەویش وەك ئێران و سوریا ژمێردرا و لە رێزی دەوڵەتانی نەیار و بەرەی شەڕ و تاقیگەی سیاسەتی تەنگ پێ هەڵچنینی واشنتۆن کەوتە گلەیی و گازندە لە رۆژئاوا، لەدوای کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی تورکیا و ئێران و سوریا لە تاران لە ٨ی ئەیلولی ١٩٩٥ دیسانەوە هەر سێ لا شێلگیرانە دژی هەر هەوڵێکی دابەشبوونی عێراق وەستان و نیگەرانی خۆیان بۆ زۆربوون و بڵاوبوونەوەی چەك لە کوردستانی عێراق دەربڕی و لە کاتی چاوپێکەوتنی وەزیری ئابووری و دارایی ئێران (مورتەزا محمدخان) لەگەڵ (سلێمان دمیرێل)ی سەرۆکی تورکیا لە ئەنقەرە لە ١٩٩٥/١١/١٧ ئەمەی دواییان وێڕای نیشاندانی رازی بوون و بەردەوام بوون لەسەر ئەو کۆبوونەوە سێ قۆڵیانە ئەوەشی دووپاتی کردەوە کە دەوڵەتانی رۆژئاوا دەیانەوێت دەوڵەتێکی کوردی بە پشتیوانی جودایی خوازان دابمەزرێنن[1]، کوردەکانی عێراق لەگەڵ کێشەیەکی زۆر بەرەوڕوو بوون، حیزبە کوردیەکانی عێراق هەوڵیاندا وڵاتانی ناوچە لەوە دڵنیا بکەنەوە کە خوازیاری دابەشبوونی عێراق و دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ نین، بەڵکو تەنها دەیانەوێت لە چوارچێوەیەکی فیدراڵی و لە عێراقێکی یەکگرتوودا مافەکانیان دەستەبەر بکەن، و لەلایەنی ئەوانیشەوە هیچ مەترسییەك بۆ سەر وڵاتانی ناوچە لە ئارادا نییە، حیزبە کوردییەکان پەیوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتانی ناوچە پەرەپێدا چونکە تایبەتمەندییە جوگرافییەکان کاریگەریان بۆ سەر ئەم پەیوەندییانە هەبوو، ئێران بۆ ئەوەی باشتر بتوانێت بەرگری لە سنوورەکانی خۆی بکات و رێگە بگرێت لە چالاکییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پەرەی بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی

(١) روبرت اولسن، المسئلة الكردية في العلاقات التركية و الايرانية، ترجمة و تعليق محمد احسان رمضان، اربيل: دار اراس للطباعة و النشر، مطبعة وزارة التربية، ٢٠٠١، ص ٦٧.



کوردستاندا، تورکیاش لەو بۆشاییە دەسەڵاتەی کە بەهۆی چوونە دەرەوەی هێزەکانی رژێمی بەعس لە کوردستانی عێراق هاتبووە کایەوە، زۆر نیگەران بوو و لەوە دەترسا کە دزەکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) لە سنوورەکانی تورکیا پەرەبستێنێ، لە بواری جوگرافییەوە ناوچەکانی هاوسنووری تورکیا بەگشتی لە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقدا بوو، تورکیاش بۆ پاراستنی ئاسایش لە سنوورەکانی خۆی پەیوەندییەکی باشتری لەگەڵ پارتی دیموکراتی عێراقدا دامەزراند و ئامانجەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەیوەندی لەگەڵ تورکیا رەچاوکردنی ئەم سیاسەتە بوو، رەچاوکردنی ئەم سیاسەتە بریتی بوو لە:

١. سڕینەوەی نیگەرانییەکانی تورکیا بەو مەبەستەی دژی کوردەکانی عێراق کردەوەی سیاسی و سەربازی ئەنجامنەدات.

٢. دەستەبەرکردنی مافی فیدراڵی بۆ کوردستانی عێراق لەبەر ئەوەی کە تورکیا یەکێك لەو وڵاتانە بوو کە بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بەسترابۆوە و دەیتوانی لەسەر سیاسەتەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دژی کوردستانی عێراق رۆڵی پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤ بگێرێت.

١. بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی رۆژانەی خەڵکی کوردستانی عێراق کە لە سنوورەکانی تورکیاوە وەریدەگرت، بەم هۆیەوە کە کوردستانی عێراق لەگەڵ دوو گەمارۆی ئابووری یەکەمیان لەلایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ سەر عێراق کە هەموو ناوچەکانی دەگرتەوە و دووهەمیشیان لەلایەن رژێمی بەغداوە، بەرەوڕوو ببوو، وای کردبوو کوردەکانی عێراق بۆ دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی رۆژانەی خۆیان پێویستییەکی لە رادە بەدەریان لەگەڵ تورکیا هەبێت.[1]

(١) د. ساڵح مەلا عومەر عیسا، قەیران خولقێنی زلهێزەکان لە کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٠ و ٢٢١.

جێگای ئاماژەیە کە تورکیا لە ساڵەکانی ۱۹۹۲ و ۱۹۹۵ و ۱۹۹۷ هێرشی سەربازی کردۆتە سەر کوردستانی عێراق بە بۆنەی پەکەکەوە و ژمارەی هێزەکانی کە لەو هێرشانە بەشدارییان کردوو لە (۱۰,۰۰۰) نەفەر لە ساڵی ۱۹۹۲ گەیشتە (۵۰,۰۰۰ تا ٦۰,۰۰۰) نەفەر لە ساڵی ۱۹۹۷ و ئەنقەرە وەکو هەمیشە دەیویست کە پێشگیری لەوە بکات کە بارودۆخی کوردەکانی عێراق کاریگەری بکاتە سەر کوردەکانی تورکیا، هەر ئەوەش بوو وایکرد کە یەکەمجار پێشنیاری پێکهێنانی پەناگەی ئارام پێش لەوەی کە لەلایەن "جۆن مەیجەر" سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا بخرێتەڕوو، یەکەمجار لەلایەن "تورگۆت ئۆزاڵ" سەرۆك کۆماری ئەو کاتەی تورکیا هاتە ئاراوە.[۲]

## ۳-۳- شەڕی ناوخۆ لە کوردستانی عێراق و ڕێککەوتنامەی واشنتۆنی ۱۹۹۸/۹/۱۷:

لە ئایاری ۱۹۹٤ حیزبی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان جارێکی تر کەوتنە ناو شەڕێکی ئاشکراوە، ئەمەش بە تراژیدیایەك دەچوو کە کوردەکانی عێراق کە ساڵانێکی دوور و درێژ بۆ ڕەها بوون لە ژێر دەسەڵاتی عەرەب جەنگی توندیان تێپەڕکردبوو، ئێستاکە دەبێ پێویستیان بە هەوڵەکانی ناوبژیوانی (کۆنگرەی میللی عێراق) هەبێت کە گرووپێکن لە عەرەبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دژی حکومەتی عێراق[۳]، لەلایەکی تر ئابلۆقەی ئابووری کە حکومەتی بەغدا و ڕۆژئاوا خستبوویانە سەر کوردستان، هەروەها هێرشەکانی بچووك و گەورەی ئێران و تورکیا لە کوردستانی عێراق بیرۆکەی "پەناگەی ئارام"ی بۆ کوردەکان لە ناوەڕۆك بەتاڵ

(۱) رابرت السن، مسأله کرد و روابط ایران و ترکیة، ترجمه ابراهیم یونسي، تهران: نشر پانیذ، ۱۳۸۰، ص ٦٥.

(۲) دیڤید مك داول، تاریخ معاصر کرد، همان منبع، ل ٦۰٦.



کردبوو، ئێران بە بیانووی حیزبی دیموکرات و تورکیاش بە بیانووی شەڕ دژی پەکەکە[۱]، کاتێك شەڕی خۆکوژی ناوخۆ لە نێوان هەردوو پارتە سەرەکییەکەی کوردستانی عێراق (PDK) و (PUK) دا هەڵگیرسا، ئەو ڕەوشە ئارامەش شڵەژا و مەترسی لەبارچوونی ئاشتی زیادیکرد و کەلێنی ئەوتۆ بۆ دەوڵەتانی هەرێمی وەك تورکیا و سوریا و عێراق و ئێران دروستبوو، کە زیاتر ڕێ بۆ دەستێوەردانیان خۆشبکات و پێگە و هەژموونی خۆیان لە کوردستانی ئازاد قەیمبکەن، هەر بۆیە وردە وردە شەڕی ناوخۆی کوردستان کە لە ۱ی ئایاری ۱۹۹٤ پریشکەکەی داگیرسا، زیاتر ڕەهەندێکی هەرێمی وەرگرت و تا دەهات زیاتر سەرنجی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کێش دەکرد، بە جۆرێك کە بەلای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە ئەو شەڕە بە قەیرانێك لە قەڵەم دەدرا[۲]، دوای تێپەڕینی ماوەیەك لە شەڕ و پێکدادان لە نێوان (PDK) و (PUK) ئێران هەوڵیدا ئاشتیان بکاتەوە، بۆیە "ئاغای محمدی" نوێنەری کۆماری ئیسلامی ئێران کە ئەندامی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و بەرپرسی دۆسیەی عێراق بوو، سەردانی کوردستانی عێراقی کرد، تاوەکو لە نزیکەوە چاوی بەهەردوو ڕێبەری حیزبەکان بکەوێت، هەروەها بە مەبەستی ئەنجامدانی گفتوگۆ بۆ ئاشتی نوێنەرانی هەردوو حیزبی بۆ ئێران بانگهێشت کردن، و لەلایەکی تر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ئێران لە ناوچەکە نوێنەری خۆی واتە "ڕۆبێرت دۆیچ" بەرپرسی بەشی باکوری کەنداوی فارس لە وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای کردە بەرپرسی گفتوگۆکردنی لەگەڵ کوردەکان و لاوازکردنی ئێران لە ناوچەکە، ئەمەش دوو ڕێکەوتنامەی ئاگربەستی "وهویدا و دوبلینی" لە مانگەکانی ئاب و ئەیلولی ۱۹۹۵ لە نێوان ئەم دوو حیزبە و لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لێکەوتەوە، بەڵام هەنگاوەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش نەیتوانی ئاشتیان بکاتەوە و شەڕ و پێکدادان لە

(۱) جاناتان رندل، همان منبع، ص ۳۸٤.

(۲) عومەر نورەددینی، سەرچاوەی پێشوو، ل ۳۹۵.

کوردستانی عێراق هەر بەردەوام بوو[١]، لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٦دا تورکیا دەستی دایە هەوڵێك بۆ نزیك کردنەوەی هەردوو حیزبی ناکۆکی کوردستانی عێراق، کە بە (ئەنقەرە پرۆسێس) ناسرا، ئەم هەوڵانە لە خۆگری هەوڵەکانی ناوبژیوانی تورکیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا بوو، بەمەبەستی کۆتایی پێ هێنان بە جەنگی نێوان (PDK) و (PUK)، (ئەنقەرە پرۆسیس) گەیشتە بەهاری ساڵی ١٩٩٧ بەڵام ئەم هەوڵانە لەگەڵ هێرشی بەرفراوانی تورکیا بۆ ناو خاکی کوردستان کۆتایی پێ هات، یەکێکیش لە هۆیەکانی شکستی (ئەنقەرە پرۆسێس) دژایەتی ئێران بوو، کە ئێران رەخنەی لە سیاسەتەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەگرت و دەیگوت کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەیەوێت ئیسرائیلێکی تر لە باکوری عێراق دروستبکات[٢]، ئەمجارەیان رۆبێرت بللیترۆ، جێگری وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕی نێوان دوو حیزب، هەنگاوی نا و لە ئەنجامدا توانی رێبەرانی هەردوو حیزبی رکابەری کوردستانی عێراق بانگهێشت بکات. مەسعود بارزانی لە رۆژی ١١ و جەلال تاڵەبانی لە رۆژی ١٤ی ئەیلولی ١٩٩٨ گەیشتنە واشنتۆن و دوای چاوپێکەوتنیان بە وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لە ژێر چاودێری خانمی مادلێن ئۆلبرایت وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، رێککەوتنامەی ئاشتییان لەگەڵ یەکتری مۆر کرد. بەپێی ئەم رێککەوتنامەیە کە لە رۆژی ١٧ی ئەیلوول مۆر کرا، هەردوو حیزب ناکۆکییەکانی خۆیان وەلاوە ناو لەسەر ئەوە رێککەوتن کە بەشێوەیەکی هاوبەش ناوچە کوردییەکانی باکوری عێراق بەڕێوەبەرن[٣]، لەم بارەیەوە دوای گەڕانەوە لە سەفەری

(١) د. ساڵح مەلا عومەر عیسا، قەیران خولقێنی زلهێزەکان لە کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٨.

(٢) رابرت السن، مسأله کرد و روابط ایران و ترکیة، همان منبع، ص ٨٩.

(٣) د. ساڵح مەلا عومەر عیسا، قەیران خولقێنی زلهێزەکان لە کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٨.



ئیمزاکردنی رێککەوتنامەی واشنتۆن، بەڕێز "مەسعود بارزانی" وتی: ئەمە یەکەمجار بوو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێشوازیمان لێبکات، جاران کە دەچووینە واشنتۆن دەبوو لە چوارچێوەی وەفدێکی تر بچووباین، ئەوە یەکەمجارە ئەمریکییەکان بە راشکاوانە گوزارشت لەوە دەکەن کە دۆزی کورد دوزێکی سیاسییە و بەشێوەی سیاسی مامەڵەی لەگەڵ دەکەن[١]، رێککەوتنی واشنتۆن لە سێ رەهەندەوە بۆ کورد گرنگی تایبەتی هەبوو:

**١. لەسەر ئاستی ناوخۆ:**

لەسەر ئاستی ناوخۆی دۆزی کورد، رێککەوتنی واشنتۆن وەك سەرکەوتنێك بۆ ئەزموونی دیموکراتی کوردستان دەژمێردرێت، بەتایبەتی لەماوەی چوار ساڵی پێش رێککەوتنەکە بەهۆی شەڕی خۆکوژییەوە ئەو ئەزموونە تووشی ئیفلیجی ببوو، بەهۆی بوونی پیلانی رەنگاوڕەنگەوە هەڕەشەی لەباربردن و زیندەبەچاڵ کردنی لەسەر بوو.

**٢. لەسەر ئاستی ناوچەیی:**

رێکەوتنی واشنتۆن بووە مایەی داخوران و کزبوونی هەژموون و لەق بوونی پێگەی سیاسی و ئەمنی و سەربازی هەریەکە لە تورکیا و ئێران و حکومەتی ناوەندی عێراق لەناو هەرێمی کورستاندا و هەڵوێستی کورد لای ئەکتەرە ناوچەییەکانی وەك تورکیا و ئێران و سوریا بەهێز بوو، چونکە رێککەوتنەکە وەك پەیامێك وابوو بۆ ئەو دەوڵەتانە کە دەبێت پابەند بن بە سەقامگیری ئاسایش لە کوردستان و هەوڵنەدان بۆ تێکدانی پرۆسەی ئاشتی و نەشڵەقاندنی رەوشی ئارامی کوردستان.

**٣. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی:**

رێککەوتنی واشنتۆن وێستگەیەکی تری مێژوویی بە نێودەوڵەتی بوونی دۆزی کوردە و بە رووداوێکی کەم وێنەی مێژوویی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دەژمێردرێت، چونکە یەکەمجار بوو مەزنترین زلهێزی جیهان و سەرکردەی سیستەمی

(١) مسعود البارزاني، كفاح شعبنا اشرف على ان يؤتي ثماره، گولان العربي، العدد ٣٠، تشرين الثاني ١٩٩٨، ص ١٤.

نوێی جیهانی هەڵبستێ بەسەرپەرشتی کردنی پرۆسەی چەسپاندنی ئاشتی لە نێوان دوو پارتی سیاسی بە شەڕ هاتووی ناو بازنەی بزاڤی سیاسی نەتەوە و گەلێکی چەوساوە و بەش بەش کراو. دەبینین کە کاردانەوەی هەر ئەو رێککەوتنامەیە کە پیلانگێڕی ئەمنی و سەربازی و هەواڵدزی دەوڵەتانی ئیقلیمی و دەر و دراوسێ بەرامبەر بە ئەزموونی دیموکراتی کوردستان تاڕاددەیەك نەرم و خاو ببێتەوە، و ئاراستەی سیاسەتەکانیان بە ئاقاری پەرەپێدانی بازرگانی و ئابووری و کلتووری وەرسوڕاند، هەروەها لە سەرەتای کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٢ بەڕێز "مەسعود بارزانی" سەرۆکی (PDK) سەردانی کۆماری ئیسلامی ئێرانی کرد و لە باڵاترین ئاستدا پێشوازی لێکرا، بەهەمان شێوە لەلایەن سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیران و ئەمیری وڵاتانی سوریا و تورکیا و لوبنان و ئێران و کوێت پێشوازی لە سەرکردەکانی کورد کرا، پەیوەندی دیپلۆماسی و بازرگانی و رۆشنبیری هەرێمی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ پەرەی سەند و زیاتر لە جارن بووژایەوە و پیلانگێڕی ئەو دەوڵەتانە بۆ لەباربردنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم کەمبوونەوە.[1]

## ٣-٤- کوردستانی عێراق پاش رووخانی رژێمی بەعسی سەدام حسێن (جەنگی سێیەمی کەنداو):

### ٣-٤-١- رۆڵی کوردەکان لە رووخاندنی رژێمی عێراق:

رژێمی بەعس گەلێك تاوانی بەرامبەر بە کوردەکان ئەنجامدا، بەجۆرێك کە پتر لە دوو سەد هەزار کەس لەلایەن ئەم رژێمەوە شەهید کران، کاتێك کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەتەمابوو هێرش بکاتە سەر عێراق کوردەکان کەوتنە ناو هەلومەرجێکی پارادۆکس ئامێز، لەلایەکەوە بەدرێژایی ١٣ ساڵەوە دام و دەزگایەکی سەربەخۆیان لە بەغداوە پێکهێنا بوو، هەروەها کوردەکان سەرەتا راددەیەك بە

(١) عومەر نورەددینی، سەچاوەی پێشوو، ل ٤٠٣ تا ٤١٠.



ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رەشبین بوون، ئەوە بۆ ئەزموونی ساڵی ١٩٧٥ و ١٩٩١ دەگەڕایەوە کە لە ئەنجامدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وازی لە پشتگیری کردنی کوردەکان هێنا و رژێمی سەدامیش هەڵسا بە قەڵاچۆکردنی کوردەکان، لە لایەکی ترەوە دەوڵەتی تورکیا بە هەڕەشە لەسەر کوردەکان لە قەڵەم دەدرا، چونکە دەیویست لەگەڵ هێزە ئەمریکاویەکاندا بێتە کوردستانی عێراق و هەمموو ئەو شتانە لەناو ببات کە کوردەکان بۆ خۆیانیان دروستکردبوون، بەم جۆرە کوردەکان لەبەرامبەر تورکیادا دەکەوتنە جەنگەوە، کوردەکان وابیریان دەکردەوە رەنگە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بەرامبەر هێرشەکانی تورکیادا پشتگیری ئەوان نەکات[1]، سوپای تورکیا لەوە دەترسا کە دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی ببێتە هۆی هەڵگیرساندنی هەستی جودایی خوازی لە تورکیا، هەر بۆیە تورکیا دوو هێڵی سووری بۆ کوردەکان دانا کە بریتی بوون:

١. ئەگەر کوردەکان بچنە ناو کەرکوك تورکیا کرداری سەربازی دژ بە کوردەکان ئەنجامدەدات.
٢. ئەگەر کوردەکان سەربەخۆیی رابگەیەنن ئەوا تورکیا هێرشی سەربازی دەکاتە سەر کوردەکان.[2]

ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو کاتەی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا داوای لە تورکیا کرد کە بۆ کردنەوەی بەرەی جەنگی باکور لە دژی عێراق هاوکاری بکات و رازی بێت زەوی و ئاسمان و پێگە سەربازییەکانی تورکیا بەکاربهێنێت، و بە چەك و بە سوپا و بە سەرباز لە دامەزراندنی ئەو بەرەیەی جەنگە لە دژی عێراق بەشدار بێت، تورکیا گوشاری جۆراوجۆری خستەسەر ویلایەتە

(١) د. ساڵح مەلا عومەر عیسا، ئەتنیکگەرایی و دەوڵەتی نەتەوەیی لە چەرخی بە جیهانیبووندا کوردستانی عێراق وەك نموونە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٢.

(٢) پیتر گالبرایت، کردها و عراق پس از سەدام، ترجمە نشریە، تهران: مجلە ژرفنا، شمارە ٢٧، بهار ١٣٨٢، ص ٣٣٥.

یەکگرتووەکانی ئەمریکا، جگە لە داواکردنی هاوکاری ماددی کۆمەڵێك مەرجی سیاسی و ئاسایشی تری بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دانا، مەرجەکانیش بریتی بوون لە: چەککردنی کوردەکان و لەباربردنی ئەزموونی دیموکراسی کوردستان و دەست هەڵگرتنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە پڕۆژەی فیدراڵی کردنی عێراق و پێدانی پێگەیەکی سیاسی گرینگ بە تورکمانەکان و هاتنی سوپای تورکیا بە شێوەیەکی سەربەخۆ بۆ خاکی کوردستان، ئەمەش ترس و نیگەرانییەکی زۆری لای سەرکردایەتی سیاسی کورد و گەلی کوردستان پەیدا کرد[1]، لەگەڵ ئەم بارودۆخە کۆبوونەوەی شەش لایەنەی وڵاتانی دراوسێی عێراق لە ٢٠٠٣/١/٢٣ بە ئامادەبوونی وەزیرەکانی دەرەوەی تورکیا و ئێران و سعودیە و سوریا و ئوردن لە ئەنقەرەی پایتەختی تورکیا بۆ تاوتویێ کردنی بارودۆخی عێراق و ناوچەکە و دەسەڵاتی کوردی و مەترسی دوارۆژی ناوچەکە و دواتریش لە ٢٠٠٣/٢/٢٦ کۆبوونەوەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق لە مەسیف سەلاحەددین بەسترا بە ئامادەبوونی نوێنەری "کۆفی عەنان" و "زاڵمای خەلیل زاد" باڵوێزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی[2]، بەڵام لە ئەنجامی هەڵوێستی سەرکردایەتی سیاسی کورد و گەلی کوردستان لە بەگژداهاتنەوەی سیاسەتی دەستێوەردانی تورکیا و نارەزایی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی و هەڵوێستی دروستی یەکێتی ئەوروپا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دژایەتی دەستێوەردانی سەربازی تورکیای کرد، بە مەرجێ ئابووری و سەربازی و سیاسییەکانی رازی نەبوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە پەرلەمانی تورکیا رازی نەبوو لەسەر ئەوەی تورکیا خاك و پێگە سەربازییەکانی بخاتە خزمەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەکاریان بهێنێت، لەبەرامبەردا کورد پەیرەوی لە نەخشەیەکی سیاسی و سەربازی عەقڵانیانەدا کرد و بەشێوەیەك لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەوتە هەڵسوکەوت کردن کە توانی خۆی وەك

(١) عومەر نورەددینی، سەچاوەی پێشوو، ل ٣٨٤.

(٢) عەلی کەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢.



ئەلتەرناتیڤی تورکیا نیشانبدات، وەك د. قاسم جعفر پسپۆڕ لەکاروباری ستراتیژی ئاماژەی بۆ دەکات: کاتێك کوردەکان هەموو هێزی پێشمەرگەی خۆیان خستەناو چوارچێوەی نەخشەی سەربازی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دژی رژێمی عێراق هەنگاوێکی زیرەکانەیان هاویشت، چونکە نەیانهێشت گۆڕەپانەکە تەنها بۆ تورکیا چۆل ببێت، لەسەر ئاستی دیپلۆماسیش سەرکردایەتی سیاسی کورد بەتایبەتی بەرێزان "مەسعود بارزانی" و "جەلال تاڵەبانی" نامەیەکی هاوبەشیان ئاراستەی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا "جۆرج دەبلیو بۆش" کرد و بە ئاشکرا هەڵوێستی کوردیان لە مەڕ دژایەتی دەستێوەردانی تورکیا و رەتکردنەوەی مەرجە سیاسی و سەربازی و ئاسایشییەکانی تورکیایان خستبووەڕوو، لە وەڵامدا سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵوێستێکی باشی نواند و کوردی دڵنیا کردبۆوە لەوەی کە توشی سەرگەردانی و کارەساتی تریان ناکەنەوە[1]، سەرۆك "بۆش"یش لە وتەیەکدا کە ٦ی ئادار پێشکەشی کرد کە بەشێوەیەکی گشتی باسی پێکهاتەیەکی فیدراڵی کرد لە عێراقی پاش جەنگدا، ئەو لە درێژەی وتەکانیدا ئەوەی روونکردەوە کە کورد و شیعە وەکو یەك دەبنە خاوەن ئۆتۆنۆمی، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هۆشداری دایە تورکیا کە نابێت بچێتە ناو کوردستانی عێراق، یەکێك لە دیپلۆماتە بەرجەستەکانی خۆی رەوانەی ناوچەی کوردستان کرد تا کوردەکان لەوە دڵنیا بکاتەوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتیوانی لە کوردەکان دەکات و مەبەستی رووخاندنی رژێمی بەعسە، ئەم بابەتەش بووە هۆی دڵنیایی کوردەکان و هاوپەیمانبوونیان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەوان (١٠٠,٠٠٠) هێزی چەکداری رێکخراویان هەبوو و ناوچەیەکی بەربڵاوی عێراقیان بەدەستەوە بوو کە ئەوەش کرداری سەربازی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراقدا ئاسانتر دەکرد، هاوکاری کوردەکان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەیشتە ئاستێك کە جگە لە هێزی پێشمەرگە تەنانەت بنەماڵەی " مەسعود بارزانی " بۆ خۆیان لە

(١) عومەر نورەددینی، سەچاوەی پێشوو، ل ٣٨٥.

رێزی پێشەوەی بەرەکانی جەنگ دابوون، کە لە ئەنجامدا برا بچووکەکەی بەناوی "وەجیی بارزانی" و کوڕەکەی "مەنسوور بارزانی" بریندار بوون[٢]، بەم جۆرە لە ٢٠٠٣/٤/٩ کۆتایی بە ژیانی رژێمی بەعسی سەدام هات.

### ٣-٤-٢- رۆڵی کوردەکان لە دەوڵەتی عێراق پاش رووخانی رژێمی بەعس:

پاش جەنگی دووەمی کەنداوی فارس، کوردستانی عێراق بەشێوەیەکی دیفاکتۆ ببووە وڵاتێکی سەربەخۆ، بەر لەوەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێرش بکاتە سەر عێراق هەموو وایان دەزانی کە پاش هێرشکردنە سەر عێراق کوردەکان سەربەخۆیی خۆیان رادەگەیەنن و لەم بارەیەوە کێشمەکێشمێکی زۆر لە نێوان تورکیا و کوردەکان لە ئارادابوو، بەڵام کوردەکان هەوڵیاندا، خواستەکانی خۆیان لە عێراقێکی دیموکراتیدا بەدەستبهێنن، یەکەمین: خواستی ئەوان پاراستنی قەڵەمڕەو و دەسەڵاتی ئێستایان بوو جگە لەوانەی کە بە دەوڵەتی فیدراڵ سپێردراوە. هەوڵی دووەمیان فراوانکردنی سنووری خۆیان بوو تا لە رێگای ریفراندۆمەوە ئەو ناوچانە بەخاکی خۆیانەوە بلکێنن کە زۆرینەی دانیشتوانی کوردن، خاڵی سێهەمیش: کۆنترۆڵی لۆکاڵییە لە بواری ئاسایشدا، کوردەکان خوازیاری پاراستنی پێشمەرگە بوون، پاشان وەك بەشێك لە سوپای عێراق پێکهاتەی خۆیان بپارێزن، هێزە چەکدارەکانی عێراق تەنها بە رەزامەندی پەرلەمانی کوردستان دەتوانن بچنە ئەو ناوچەیە، چوارەم: کۆنترۆڵی لۆکاڵییە لەسەر ئەو سەرچاوە سروشتیانەی کە تاکو ئێستا کەڵکیان لێ وەرنەگیراوە، پێنجەم: خۆ بەرێوەبردنی تەواوی دارایی بەڵام بەسیستەمێکی هاوبەش لە سەرانسەری عێراقدا. شەشەم ئەوەیە کە زمانی کوردی و عەرەبی زمانە سەرەکییەکانی عێراق بن، کوردەکان لە عێراقدا وەك نەتەوەیەك

---

(١) د. ساڵح مەلا عومەر عیسا، ئەتنیکگەرایی و دەوڵەتی نەتەوەیی لە چەرخی بە جیهانیبووندا کوردستانی عێراق وەك نموونە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٤.



لە قەڵەم بدرێن[١]، لە کاتی هەڵگیرسان و بەرێوەچوونی جەنگی سێیەمی کەنداو و ئۆپەراسیۆنی ئازادی عێراق لە ئادار و نیسانی ٢٠٠٣دا ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پابەندی ئەم گوتارە بوو بە کردەوە، کورد توانی رۆڵی هاوپەیمانێکی سەربازی و سیاسی خاوەن سەنگ و هێز لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وازی بکات، لەکاتی گرێدانی کۆبوونەوەی بەرپرسانی ئیدارەی ئەمریکی (د. زاڵمای خەلیلزاد نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ژەنەراڵ "جەی گارنێر" بەرپرسی دۆسیەی ئاوەدان کردنەوە و هاوکاری مرۆیی لە عێراق)، لەگەڵ لایەنە سیاسی کوردی و عێراقییەکان لە شاری ناسرییە و بەغدا لە نیسان و مایسی ٢٠٠٣ سەبارەت بە ئایندەی عێراق و دامەزراندنی حکومەتێکی کاتی ئینتقالی و دانانی هێڵە گشتییەکانی بنیادنانی سیستەمێکی دیموکراتی و فیدراڵی، لایەنی ئەمریکی سووربوو لەسەر رێزگرتن لە ئیدارەی ئازادیخوازی کورد و گەلی عێراق و هیچ چەشنە پاشەکشەیەکی لە بەرامبەر بە دیموکراتی کردن و بە فیدراڵی کردنی عێراق نیشاننەدا، بەڵکو بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ مەسەلەی دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراتی فیدراڵیان بردە ناو ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، و شەرعیەتی نێودەوڵەتیان بۆ مسۆگەرکرد، چونکە لە بڕگەیەکی تایبەتی بڕیاری ١٤٨٣ لە ٢٢ی نیسانی ٢٠٠٣ کە تایبەتە بە لابردنی ئابلۆقەی ئابووری لەسەر عێراق جەخت لەسەر پاڵپشتی لە بەیاننامەی ناسریە کە لە ١٥ی نیسانی ٢٠٠٣ لەلایەن کۆبوونەوەی حیزب و لایەنە سیاسی و کەسایەتییەکانی عێراقی بەسەرپەرشتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا راگەیاندووە، کراوەتەوە، لە بەیاننامەی ناوبراوییشدا هەموو لایەنەکان رەزامەندی خۆیان لەسەر بە فیدراڵی کردنی عێراق نیشانداوە[١]، لەدوای رووخانی رژێمی سەدام

---

(١) د. ساڵح مەلا عومەر عیسا، ئەتنیکگەرایی و دەوڵەتی نەتەوەیی لە چەرخی بە جیهانیبووندا کوردستانی عێراق وەك نموونە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٤.

(١) عومەر نورەددینی، سەچاوەی پێشوو، ل ٣٨٦ و ٣٨٧.

بۆ یەکەمجار نزیکەی ٤٠٠ کەس لە کەسایەتی و بەرپرسی پارت و ڕێکخراوەکان لە ٢٠٠٣/٤/٢٨ کۆنگرەی دامەزراندنی دەسەڵاتی کاتییان ئەنجامدا لە عێراق و بە ئامادەبوونی نوێنەری "کۆفی عەنان" ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، دوای ئەوە لە ٢٠٠٣/٤/٣٠ ئەنجوومەنی کاتی عێراق دامەزرا بە بەشداری شیعە و سوننە و کورد و نەتەوەکانی تر، لە ٢٠٠٣/٥/٦ "پۆڵ بریمەر" کرا بە دادوەری گشتی دەسەڵاتی کاتی عێراق لەلایەن هاوپەیمانان(٢)، کوردەکان لە پێکهێنانی ئەنجوومەنی حوکم، حکومەتی کاتی و حکومەتی گواستنەوە (ئینتقالی) بەشدارییەکی چالاکیان هەبوو، بەر لە هێرشی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ سەر عێراق لە هاوینەهەواری سەلاحەددین بە ئامادەبوونی نوێنەری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا "زاڵمای خەلیلزاد" هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی ئۆپۆزیسیۆن ئەنجامدرا، کە تێیدا "مەسعود بارزانی" دەنگی یەکەم و "عبدالعزیز حکیم" دەنگی دووەم و "جەلال تاڵەبانی" دەنگی سێیەمیان بەدەستهێنا، ڕۆڵی کوردەکان لە دروستکردنی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی ئۆپۆزیسیۆنی ڕژێمی بەعس زۆر گرینگ بوو، سەرەتا پێنج کەس وەك ئەنجوومەنی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق هەڵبژێردران، بەڵام پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس چەند کەسێکی دیکەشی بۆ زیاد کرا، هەر یەك لەوان بۆ ماوەی مانگێك بە پێی پیتی ئەبجەدی وەك سەرۆکی عێراق هەڵبژێردران، پاشان حکومەتێکی کاتی بەشێوەی ڕێککەوتن لە نێوان حیزبە عێراقییەکاندا پێکهات، لە حکومەتی کاتی سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆك کۆمار و جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە و چەند وەزارەتێکی تر بە کوردان دران، لە هەڵبژاردن بۆ حکومەتی گواستنەوەش لیستی هاوپەیمانی کوردستان ٧٥ کورسی پەرلەمانی بەدەستهێنا و کۆمەڵی ئیسلامیش ٢ کورسی، کە سەرجەم حیزبە کوردییەکان ٧٧ کورسی پەرلەمانیان لە کۆی ٢٧٥ کورسی بەدەستهێنا، لیستی حیزبە کوردییەکان (هاوپەیمانی کوردستان) لەگەڵ لیستی ئیئتلافی شیعەکان بە سەرۆکایەتی "عبدالعزیز

(٢) عەلی کەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢.



حکیم" و بەرێکەوتن لەگەڵ حیزبەکانی تر حکومەتی گواستنەوەی عێراقیان پێکهێنا، لە هەڵبژاردن بۆ حکومەتی هەمیشەیی لیستی هاوپەیمانی کوردستان ٥٣ کورسیان بەدەستهێنا و یەکگرتووی ئیسلامیش ٥ کورسی بەدەستهێنا، بەگشتی حکومەتی عێراق بە ڕێکەوتنی نێوان لیستی ئیئتلافی شیعە و لیستی حیزبە کوردییەکان (هاوپەیمانی کوردستانی) پێکدێت، کە پۆستی سەرۆك وەزیران بۆ لیستی شیعە و پۆستی سەرۆك کۆمار بۆ کوردەکان دەبێت، و سەرۆکی پەرلەمان و وەزارەتەکانی تریش بە ڕێکەوتن لە نێوان ئەوان و حیزبەکانی تر پێکدێت(١)، سەرەڕای ئەوە وڵاتانی دراوسێی عێراق بەردەوام بوون بەرامبەر ئەو بارودۆخەی عێراق و بوونی دەسەڵاتی کوردی و لە ڕێگەی کۆبوونەوە لە پایتەختی وڵاتەکانیان بۆ نموونە لە ٢٠٠٤/٧/٢١ لە قاهیرەی پایتەختی میسر بە ئامادەبوونی وەزیرەکانی دەرەوەی تورکیا و سوریا و ئوردن و سعودیە و ئێران و کوێت بەسەرپەرشتی وەزیری دەرەوەی میسر و ئامادەبوونی وەزیری دەرەوەی عێراق کە خاڵی بنەڕەتی ئەم کۆنفراسە پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراقە، یان سەردانی "غازی یاوەر" لە ٢٠٠٤/٨/١٦ بۆ تورکیا بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر بارودۆخی کورد و مافی تورکمانەکانی باشوری کوردستان و شاری کەرکوك(٢)، و ئەوەش بەردەوامە لە سەردانەکانی سەرۆك وەزیری پێشووی عێراق "ابراهیم جعفری" و سەرۆك وەزیرانی ئێستا "نوری المالیکی" بۆ تورکیا و وڵاتانی دراوسێ. لەلایەکی تر دووەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پاش ڕووخانی ڕژێمی سەدام هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە ڕێکەوتی ٢٠٠٥/١/٣٠ ئەنجامدرا، هەندێك گۆڕانکاری لە یاساکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەم جۆرەی خوارەوە ئەنجامدرا:

١) ژمارەی نوێنەران کە ١٠٥ ئەندام بوو بۆ ١١١ ئەندام زیادیکرد.

(١) د. سالح مەلا عومەر عیسا، ئەتنیکگەرایی و دەوڵەتی نەتەوەیی لە چەرخی بە جیهانیبووندا کوردستانی عێراق وەك نموونە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦١ و ٢٦٢.

(٢) عەلی کەندی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤.

٢) ٢٥٪ کورسییەکانی پەرلەمان بۆ ئافرەتان تەرخانکرا.
٣) لابردنی ڕێژەی ٧٪ بۆ بەدەستهێنانی کورسی پەرلەمانی.

نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان هەڵبژاردنی عێراق و کوردستانی بە هەڵبژاردنێکی خاوێن و ئازاد ڕاگەیاند، ئەمەش بۆ خۆی جۆرێکە لە ڕەوایی نێودەوڵەتی بۆ پەرلەمان و هەڵبژاردنی خەڵکی کوردستان، لە ڕێکەوتی ٢٠٠٥/٦/٤ یەکەم دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدرا، و "عەدنان موفتی" لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە سەرۆکی پەرلەمان هەڵبژێردرا، هەروەها پەرلەمانی کوردستان "مەسعود بارزانی" وەك سەرۆکی هەرێم هەڵبژارد، هەروەها هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی یەکیان گرتەوە و "نێچیروان بارزانی" تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ بە سەرۆك وەزیرانی کوردستان دەستنیشان کرا، و جێگرەکەشی لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، و پاش ٢٠٠٧ تا ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کوردستان پۆستی سەرۆك وەزیرن دەدرێت بە یەکێتی نیشتمانی و سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان دەبێت. لە داهاتووشدا هەر حیزبێك زۆرترین ژمارەی دەنگەکان بەدەستبهێنێت ئەوا پۆستی سەرۆك وەزیرانی بەر دەکەوێت.[1] هەرچەندە تا ئەو کاتەی ئێستا کاك نێچیروان بارزانی بەپێی ڕێککەوتنی نێوان یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان سەرۆك وەزیرانی کوردستانە.

---

(١) د. ساڵح مەلا عومەر عیسا، ئەتنیکگەرایی و دەوڵەتی نەتەوەیی لە چەرخی بە جیهانیبووندا کوردستانی عێراق وەك نموونە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٤ و ٢٠٥.



PDF 4 KURD

# بەشی چوارەم

## کاریگەرییەکانی سیاسەتی تورکیا لەسەر پرسی کوردستانی عێراق بەشێوەیەکی گشتی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی تایبەت

پەروێز رەحیم قادر

## ٤-١- سیاسەتی تورکیا لە شەڕی دووەمی کەنداو بەرامبەر بە کوردستانی عێراق:

تورکیا بەرلەوەی کە شەڕی یەکەمی کەنداو دروستببێت خوازیاری ئەوە نەبوو کە لە کاتی رووخانی رژێمی (سەدام) دا دەسەلآتێکی کوردی دروستببێت، ئەمەشی بەشێوەیەکی ئاشکرا رادەگەیاند، هەر لەبەر ئەوەش زیاتر لە هێرشی سەربازی دەرەکی بۆ سەر حکومەتی سەدام خوازیاری ئەوە بوو کە لە ناوخۆ گۆڕانکارییەك یا زەمینەی کودەتایەکی سەربازی فەراهەم بکرێت، بەڵام دوای ئەوەی کە حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، سوور بوونی خۆیان پێشاندا کە پێویستە سوپای عێراق خاکی کوێت بەجێ بهێڵێت، حیساب و هەڵوێستەکانی تورکیا لەسەر عێراق لەژێر کاریگەری تورگۆت (ئۆزاڵ) دا گۆڕا، تورکیا هەر لە یەکەم رۆژەکانی داگیرکردنی خاکی کوێت لەلایەن سەدامەوە بە گوێرەی سیاسەتەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی رەفتاری کرد و گواستنەوەی یەك لەسەر سێی گشتی نەوتی عێراقی لە رێگای خاکی وڵاتەکەیەوە راگرت، بێگومان چاوپۆشی کردنی تورکیا لە قازانجە ئابورییەکانی گواستنەوەی ئەو نەوتەی عێراق تەنیا لەبەر بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بوو و لەبەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەبوو، بەڵکو بەرپرسانی ئەنقەرە لە سەرەتاکانی جەنگ بڕوایان بەوە هێنا بوو کە ئەگەری ئەوە هەیە حکومەتی سەدام بە تەواوەتی لەناو بچێت و پەشێویەکی گەورە لە عێراق دروستببێت، ئەوانیش دەتوانن لەناو ئەو پەشێوییە ویلایەتی موسڵ ـ کەرکوك بخەنە سەر خاکی تورکیا[١]، جەنگی دووەمی کەنداو دەرفەتێکی زێڕین بوو بۆ هەندێ نێوەندی تورکی تا گوزارشت لە نیاز و تەماحەکانی دەرەوەی سنوور بکەن لە مەسەلەی موسڵ ـ کەرکوکیش کە ناوچەیەکی

(١) زریان رۆژهەڵاتی، سیاسەتی تورکیا بەرامبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، گۆڤاری دۆسێی تورکیا، سلێمانی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، ژمارە ٥، ئاداری ٢٠٠٧، ل ١١.



دەوڵەمەندە بە نەوت و زۆربەی دانیشتوانی کورد و تورکمانن، هەر بۆیە تورکیا لە ژێر سایەی حیزبی نیشتمانی دایك بڕیاری بەشدارییەکی چالاکانەی دا بۆ جێبەجێ کردنی گەمارۆ بۆ سەر عێراق، حیزبی نیشتمانی دایك بە ئاراستەی ئۆزاڵ تاکە حیزب بوو کە پشتیوانی هاوپەیمانانی کرد دژ بە عێراق، لەکاتێکدا "ئەجەڤید" و "ئینۆنۆ" و "دمیرێڵ" و "ئەربەکان" دەنگیان بەرز کردەوە بۆ بێ لایەنی کردنی تورکیا[١]، هەر بۆیەش لێپرسراوانی تورکەکان نکۆڵی لەوە ناکەن کە ئەو ئاستە نوێیەی کورد پێی گەیشتووە نەك هەر لە تورکیادا بەڵکو لە تەواوی ناوچەکەدا ئەنجامێکە لە ئەنجامەکانی شەڕی دووەمی کەنداو، بەڵام ناسیۆنالیستە تورکەکان لە نێویشیاندا "بولند ئەجەوید" هۆی رەنگدانەوەی مەسەلەی کورد لەسەر تورکیا دەگەڕێننەوە بۆ هەڵوێستەکانی سەرۆکی تورکی کوچ کردوو "تورگۆت ئۆزاڵ" و بە حکومەتەکانی حیزبەکەی، پارتی نیشتمانی دایك، و پاشان چۆك دانانی حکومەتەکەی "سلێمان دمیرێڵ" بۆ گوشارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەر لە ساڵی ١٩٩١ـەوە، و هەوڵنەدان بۆ رێگەگرتن بۆ کوردەکانی عێراق هەر لە هەڵبژاردنی پەرلەمانەوە تا پێکهێنانی حکومەتی کوردی لە ٤ی تشرینی دووەمی ١٩٩٢دا، چونکە ئۆزاڵییەکان تێڕوانینێکی سەرنجڕاکێشیان هەبوو بە رای ئەوان چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا و پاراستنی وڵات لە دابەشبوون لە رووی کۆمەڵایەتی و جوگرافییەوە لە دامەزراندنی کۆنفیدراڵییەکی فراوانەوە خۆی دەبینییەوە، کە کۆمەڵێك لەو دەوڵەتانە دەگرێتەوە کە زەویەکانیان بەر لە هەرەسی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە جەنگی جیهانی یەکەمدا بەشێك بوون لەم ئیمپراتۆریەتە، ئۆزاڵ بە ئاماژەکردن بانگەشەی بۆ دامەزراندنی فیدراڵیەتێك کرد لە نێوان کوردەکانی تورکیا و کوردەکاندا، هەروەها لە نێوان تورکیا و باکوری عێراقدا (باشوری کوردستان)[٢]، حکومەتی تورکیا پێی وابوو ئەگەر کێشەی کورد لە تورکیا چارەسەر بکات و

(١) محمد نورالدین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤.

(٢) محمد نورالدین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢.

کوردەکانی باشوریش رازیبکات ئاستەنگێکی گەورەی بەردەم فراوانکردنی وڵاتەکەی تا موسڵ و کەرکوك لادەبات، بەڵام دوای ئەوەی کە ئیدارەکەی بۆشی باوك لەناوبردنی حکومەتی سەدامی بە مەترسی زانی، نیگەران بوو لەوەی ئەگەر حکومەتی سەدام لەناو بچێت حکومەتی تاران بەهێز دەبێت، لە ئەنجامی پەشێویەکەی عێراقدا کاریگەری ئێران لە ناوچەکەدا زیاد دەبێت، ئەوسا ئاستەنگی تازە لەبەردەم "تورگۆت ئۆزاڵ"دا دروستبوو، هەر لەبەر ئەوەش "تورگۆت ئۆزاڵ" هەندێ هەنگاوی بوێرانەی سەربارەت بە مەسەلەی کورد لە تورکیا و ناوچەکە هەڵگرت کە نموونەیان لە مێژووی کۆماری تورکیا و دەوڵەتی عوسمانیشدا نییە، کە ئەم بابەتانەی لەخۆ دەگرت:

١. ڕێگەدان بە گەڕانەوەی ئەو کوردانەی کە مافی هاوڵاتیبوونیان لێ سەندرابوو.
٢. دانی مافی دروستکردنی پارتی تایبەت بە کوردەکان و بەشداری کردنیان لە پەرلەمانی تورکیا.
٣. ڕێزگرتن لە زمان و کلتووری کوردی.
٤. ڕێگەدان بە پەخشی رادیۆ و تەلەفزیۆنی کوردی.
٥. دواتریش ئامادەیی خۆی نیشاندا کە مەسەلەی کورد لە تورکیا لە رێی سیاسییەوە چارەسەر بکرێت و گفتوگۆش لەسەر فیدراڵیەتی کوردستان بکات.

لەگەڵ ئەوەشدا بۆ تورکیا لاوازبوونی حکومەتی بەغدا کە یەکێك لە گەورەترین سوپاکانی ناوچەکەی هەبوو و هەبوونی کارتێکی کوردی بۆ لاوازکردنی بەغدا گرنگی تایبەتی هەبوو، تەنانەت رۆڵێکی گرنگی هەبوو لەوەی کە ئیدارەی بۆش رازیبکات بۆ ئەوەی هێڵی (٣٦)پلە دروستبکات و رێگاشی دا پێگەی سەربازی ئەنجەرلیك بۆ پاراستنی کوردەکان بەکاربهێنرێت[٢]، لە ساڵی ١٩٩١دا بوو کە بۆ یەکەمجار گفتوگۆکردنی فیدرالیزم لە تورکیادا بوو بە شتێکی شیاو وەکو جۆرە ئەلتەرناتیڤێکی

---

(١) زریان رۆژهەڵاتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣.



شیاوی دامەزراندنی دەوڵەت[١]، ئۆزاڵ لە سەرەتای ساڵی ١٩٩١ پڕۆژی یاسایەکی پێشنیار کرد بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاسای ژمارە ٢٩٣٢ کە لە ساڵی ١٩٨٣ دەرچوو بوو بۆ قەدەغەکردنی ئاخاوتن و گوێگرتن لە مۆسیقای کوردی، پڕۆژەی یاساکەی ئۆزاڵ لە نیسانی ١٩٩١ پەسەند کرا، هەر لە چوارچێوەی ئەم بۆچوونانەدا "کامەران قەرەداغی" کە رۆژنامەنووسێکی کوردی پسپۆڕە لە بورای تورکناسیدا دەڵێت: ئۆزاڵ دەیویست سیستەمی سیاسی لە وڵاتەکەیدا تازە بکاتەوە بەوەی کە ئایین و دیموکراسی تێکەڵاوی یەکتری بکات هەروەها دەیویست سەقامگیری لە کۆمەڵگایەك دروستبکات بە دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئاشتیانە بۆ مەسەلەی کورد، بەڵام دیاربوو ئەم بەرنامەیەی ئۆزاڵ جێگای نارەزایی سوپا و دەزگای سیاسی تورکیا بوو[٢]، جەنگی کەنداو بەشێوەیەکی گەورە کێشەی کوردی بەرز کردەوە لە میانەی تاڵان و بڕینی سەدام حسێن دژی خەڵکی کورد، شەپۆلی زیاتر لە نیو ملیۆن هاوڵاتی کورد لە عێراقەوە بۆ تورکیا و پێکهێنانی هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردی پارێزراو لە باکوری عێراقدا، ئەنجامدانی هەڵبژاردنی بۆ حکومەتێکی کوردی لە ژێر چاودێری رۆژئاوا لە باکوری عێراق، جووڵەی بەردەوامی کوردەکان بەرەو ئیدارەی ئۆتۆنۆمی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیادا، و لەلایەك سیاسەتی ناوخۆی تورکیاش لە پرۆسەی گۆڕانێکی کە پێشتر لە وێنەدا نەبووە و داننان بەبوونی کەمایەتی کوردی و مافی ئەم کەمایەتییە بە بەکارهێنانی زمانی خۆی، ئەو پێشکەوتنەی ناوچە کوردییەکان بوو بە ناوەندێك بۆ هەر کۆششێك بۆ هێمن کردنەوەی ناوچەکە[٣]، هەروەها تورکیا لەوەش نیگەران بوو کە ئەگەر سەدام هێرش بکاتە سەر کوردەکان ژمارەیەکی زۆر لەو کوردانە ئاوارە دەبن و روو دەکەنە سەر سنوورەکانی تورکیا، ئەوەش هەم لە رووی

---

(١) پاووڵ بی هێنری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٩.

(٢) سامی شۆڕش، سەرچاوەی پێشوو،ل ٥٣.

(٣) گراهام فولێر، (ڕۆڵی پەرەسەندووی تورکیا لە جیهاندا)، جیۆپۆلەتیکی نوێی تورکیا، وەرگێران لە ئینگلیزییەوە: عەتا قەرەداغی، سلێمانی: بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، ٢٠٠٦، ل ٣٧٦.

ئابوورییەوە بۆ تورکیا بارێکی قورسە و هەم ئەگەری دەرکەوتنی نائارامی لێ دروستدەبوو لەناو کوردەکانی تورکیادا، هەر لەبەر ئەوەش پاراستنی کوردەکانی باشور بۆ ئەوەی جارێکی تر لە شوێنەکانی خۆیان ئاوارە نەبن لە قازانجی تورکیا بوو.[1] هەر ئەوەش بوو کە ئەو قەیرانەی کە تورکیا رووبەڕووی ببۆوە، لەلایەك تورکیا بۆ خۆی ئەندامی ئەو هاوپەیمانیییەی دژی عێراق و ئەندامی ناتۆ بوو، زۆر بوونی گوشاری نێودەوڵەتی تورکیا سنوورەکانی خۆشی بۆ ئاوارە کوردەکانی عێراق کردبۆوە، و لەلایەکی تریش داوای پێکهێنانی ناوچەی ئارامی بۆ کوردستانی عێراق کرد[2]، دواتریش دەبینین کە هەریەکە لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان نووسینگەی حیزبیان لە ئەنقەرە کردەوە، لەلایەکی تر لە ١٩٩٣ لە پاش کۆچی دوایی "تۆرگۆت ئۆزاڵ" سیاسەتی تورکیا ئەوە بوو کە دەستکەوتەکانی کورد لە دوای راپەرین پەرەنەسێنێت بەرەو ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا، سیاسەتی کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی کوردیان لە باشور لە رێگای ئابووری و سیاسی و تەنانەت هەڕەشەی سەربازیشەوە بە تاکە رێگا و چارەسەری گونجاو دەزانی[3]، هەرچەندە تورکیا لە مانگەکانی ئۆکتۆبەر و نۆڤەمبەری ١٩٩٢ هێرشێکی بەربڵاوی کردەسەر کوردستانی عێراق بۆ جەنگ دژی پەکەکە، و لە رۆژی ٢٩ی ئۆکتۆبەر هێزەکانی تورکیا ١٤ کیلۆمەتر هاتنە ناو خاکی کوردستانی عێراقەوە[4]، هەروەها هێرشی ساڵی ١٩٩٧ لە ١٣ی مانگی بۆ سەر بنکەکانی پەکەکە لە کوردستانی عێراق کە زۆر بەرفراوانتر بوو لە هێرشەکانی ساڵانی ١٩٩٢ و ١٩٩٥، هێزەکانی تورکیا کە (٥٠٠٠٠ تا ٦٠٠٠٠) مەزندە دەکرا و بە پشتیوانی زیاتر لە

(١) زریان رۆژهەڵاتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣.

(٢) دیڤید مك داول، تاریخ معاصر کرد، همان منبع، ص ٥٨٨.

(٣) زریان رۆژهەڵاتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤.

(٤) کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەی کورد و هیوای سەربەخۆیی، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئەکرەمی میهرداد، سلێمانی: سەنتەری چاپ و پەخشی تەما، ٢٠٠٢، بەرگی دووەم، ل ١٧٠.



دوو سەد تانك و سەدان نەفەرهەڵگر کە ١٠٠ تا ١٢٥ میل هاتنە ناو خاکی کوردستانی عێراقەوە[1]، بە گشتی دەتوانین بڵێین کە حکومەتی ئەنقەرە حکومەتی هەرێمی کوردستانی بەشێوەی "دۆژۆرە" بە فەرمی نەناسی، بەڵام دانی بە حکومەتی کوردەکان بەشێوەی "دۆفاکتۆ" نا، کە لەو کاتە سەرنووسەری رۆژنامەی حورییەت لە تورکیا رایگەیاند حکومەتی فیدراڵی کورد رۆژ بە رۆژ بۆ ئەنقەرە یاسایی تر دەبێت[2]، لەم بارەیەوە د. ساڵح مەلا عومەر عیسا مامۆستای زانکۆی سەلاحەددین دەڵێت: ((پەیوەندی کوردەکانی عێراق لەگەڵ تورکیا گەلێك هەوراز و نشێوی بەخۆیەوە بینیوە، بەجۆرێك تا بەر لە دەستگیرکردنی "عبدالله اوجلان" و بوونی ناکۆکی لە نێوان پەکەکە و هەندێ لە حیزبەکانی کوردستان، تورکیا پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ حیزبە کوردییەکان هەبوو، تەنانەت تورکیا بەشێوەیەکی راستەوخۆ رۆڵی لەوەدا هەبوو کە کوردەکانی عێراق بگەنە مافەکانیان و پەرلەمان و حکومەتی کوردستان دابمەزرێنن، لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە دوو فاکتەری سەرەکی بکەین کە بریتین لە:

١) تورکیا رێگای دا کە هێزە بیانییەکان بنکەی ئەنجەرلیك بەکاربهێنن، و لەو رووەوە یارمەتی کوردەکانی دا، چونکە هێزە بیانییەکان لە رێگای چاودێری ئاسمانییەوە ناوچەی ئارامیان دەپاراست بۆ ئەوەی کوردەکان لە هەڕەشەی رژێمی بەعس بپارێزن، کوردەکان لە ژێر سێبەری ئەو ئاسایشەدا توانیان پەرلەمان و حکومەتی کوردستان دابمەزرێنن.

٢) پەیوەندی بازرگانی لە رێگای دەروازەی سنووری ئیبراهیم خەلیل لەگەڵ کوردەکانی عێراق، لەلایەکەوە دەبووە هۆی ئەوەی کە دەروازەی ئەورووپا بەسەر کوردەکاندا بکرێتەوە، و کوردەکان بە ئاسانی بتوانن لەگەڵ شوێنەکانی دیکەی جیهاندا پەیوەندی گرێبدەن، لەلایەکی تریشەوە لە فرۆشتنی نەوتی قاچاغی عێراق و

(١) رابرت السن، مسأله کرد و روابط ایران و ترکیة، همان منبع، ص ١٠٩.

(٢) دیڤید مك داول، تاریخ معاصر کرد، همان منبع، ص ٦٠٢.

پارەی گومرگ کوردەکان قازانجێکی زۆریان دەستکەوت و دەیانتوانی گرفتە ئابورییەکانی خۆیان تارادەیەکی زۆر چارەسەر بکەن، بەڵام پاش دەستگیرکردنی "عبدالله اوجلان" پەیوەندی کوردەکانی عێراق و تورکیا بەرە بەرە رووی لە ئاڵۆزی کرد بە رادەیەك کە لە کاتی هێرشی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ سەر عێراق ( لە ساڵی ٢٠٠٣ ) قەیرانی پەیوەندی نێوان کوردەکان و تورکیا گەیشتە لوتکەی خۆی)).[1]

## ٤-٢- سیاسەتی تورکیا بەرامبەر بە کوردستانی عێراق پاش دەست پێکردنی جەنگی سێیەمی کەنداو و رووخانی رژێمی بەعسی سەدام حسێن لە ساڵی ٢٠٠٣:

دوای ئەوەی کە حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی رژێمی پێشووی عێراقیان رووخاند، بارودۆخێکی تایبەت لە عێراق دروستبوو کە لەو بارودۆخەشدا باشوری کوردستان وەکو پێگەیەکی جیۆپۆلەتیکی نوێ هەتا ئاستێکی جیاواز لە ناوچەکانی تری عێراق دەرکەوتە مەیدانەوە، هەر ئەوەش بوو بەهۆی زیادبوونی نیگەرانییەکانی تورکیا بەرامبەر بە گۆڕانی پرسی کورد لە عێراق[2]، هەمیشە تورکیا ترسی ئەوەی هەبوو کە بوونی ناوچەی دژە فڕێن (ناوچەی ئارام) دەبێتە چەترێك بۆ دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی کوردی، بەلای تورکیاوە ئەمەش مانای وەدیهاتنی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆیە بۆ کوردەکانی عێراق، ئەم هەنگاوەش راستەوخۆ کاردەکاتە سەر کوردەکانی تورکیا و بۆ بەردەوام بوون لەسەر

(١) د. ساڵح مەلا عومەر عیسا، ئەتنیکگەرایی و دەوڵەتی نەتەوەیی لە چەرخی بە جیهانیبووندا کوردستانی عێراق وەك نموونە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٢.

(٢) زریان رۆژهەلاتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥.



هەمان سیاسەت و بەهێزکردنی گیانی جوداخوازی هانیاندەدا و دەیانوەرووژێنیٚ[1]، ماوەیەك بەر لەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هێرش بکاتە سەر عێراق، بەرپرسانی ئەنقەرە رێککەوتنامەیەکیان لەگەڵ ئیدارەی بۆش مۆرکرد کە چەند لایەنێکی لەخۆ دەگرت:

أ. لایەنی سەربازی: بە گوێرەی رێکەوتنامەکە ئەگەر حکومەتی تورکیا هاوکاری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکات بۆ لەناوبردنی حکومەتی سەدام مافی ئەوەی هەیە کە سوپاکەی تا قووڵایی ٤٠ کیلۆمەتر لەناو خاکی عێراق جێگیر بکات، بەم شێوەیە سوپای تورکیا دەتوانیٚ لە دوو حاڵەتدا لە دژی کوردەکان هێز بەکاربهێنێت، یەکەم ئەو کاتەی کە کورد بیانەوێت کە خاکی کەرکوك و موسڵ بخەنە سەر هەرێمی کوردستان، دووەم ئەو کاتەی کە کوردەکان بیانەوێت پاکسازی ئەتنیکی بکەن و زیان بە تورکمانەکان بگەیەنن.

ب. لایەنی ئابووری: گرینگترین خاڵی رێککەوتنامەکە ئەوەیە کە حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە بڕی دوو ملیار دۆلار یارمەتی تورکیا دەدا و بۆ ماوەی ١٥ ساڵیشدا زیاتر لە ٢٤ ملیار دۆلار قەرزی دەدایە ئەو وڵاتە.

ج. لایەنی سیاسی: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەو رێکەوتنامەیەدا کە لە ساڵی ٢٠٠٣ لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی تورکیا مۆرکردبوو، لە رووی سیاسییەوە تەئکیدی لەسەر ئەوە کردبوو ئەگەر خەڵکی عێراق بیانەوێت دەکرێت سیستەمی سیاسی عێراق فیدراڵی بێت، بەڵام بە هیچ شێوەیەك رێگا نادات خاکی عێراق دابەشببێت، هەروەها ئاماژەشیان کردبوو کە ژمارەی هەموو تورکمانەکانی عێراقیش لە دەوروبەری ١٠٠٠٠٠ کەس دەبن، بەڵام تورکیا دڵنیا دەکاتەوە کە لەوەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەرگیز رێگە نادات دەوڵەتی سەربەخۆی کورد دروستببێت.[2] سوپای تورکیا لەوە دەترسا کە دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی

(١) عومەر نورەددینی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٩.

(٢) زریان رۆژهەلاتی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦.

ببێتە هۆی جولاندنەوەی هەستی جوداخوازی لە تورکیا، هەر بۆیە تورکیا دوو هێڵی سووری بۆ کوردەکان دانا کە بریتی بوون لە:

**٣)** ئەگەر کوردەکان بچنە ناو کەرکوك تورکیا کرداری سەربازی دژ بە کوردەکان ئەنجامدەدات.

**٤)** ئەگەر بێتو کوردەکان سەربەخۆیی رابگەیەنن ئەوا تورکیا هێرشی سەربازی دەکاتە سەر کوردستان.

کوردەکانیش لەم هەڵوێستەی تورکیا تورە بوون و لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی دژ بە تورکیا خۆپێشاندانیان کرد و ئاڵای ئەو وڵاتەیان سووتاند، کێشەکە گەیشتە ئاستێك کە وەزیری بەرگری تورکیا هەرەشەی ئەوەی کرد کە هێرش دەکەینە سەر کوردستانی عێراق و پێشمەرگە کوردەکان چەك دەکەین، لە وەڵامی ئەواندا بەرێز "مەسعود بارزانی" رایگەیاند کە ئەگەر تورکیا هێرش بکاتە سەر کوردستان، ئەوا کوردستان دەبێتە گۆڕستانیان، هەموو رۆژنامەکانی تورکیا ئەم وتەیەی "مەسعود بارزانی"یان کردە مانشێتی رۆژنامەکانی خۆیان، قەیرانی نێوان کوردەکان و تورکیا گەیشتبووە لوتکەی خۆی. بەگشتی، هەموو پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان تورکیا و کوردەکان بەر لە جەنگ، لە ئەنجامی یارییەکەدا هاتەوە سەر سفر. بەڵام پاش رووخانی رژێمی بەعس، پەیوەندی نێوان تورکیا و کوردەکانی عێراق بەرە بەرە رووی لە باشبوون کرد.[1] تورکیا لە پێش رووخانی رژێمی سەدام حسێن تەواوی هێزی سیاسی و سەربازی خۆی بەکارهێنا تا کوردەکان لە کوردستانی عێراق نەگەنە دەسەڵات و قەوارەیەکی فەرمی و نێودەوڵەتی پێکنەهێنن، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بوو تورکیا زۆر بە توندی نیگەرانی رووخانی رژێمی سەدام بوو و دەیویست ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هێرش کردنە سەر عێراق پاشگەز بکاتەوە، هەرچەندە تورکیا دەیزانی کە لە بنەڕەتدا ناتوانێت پشتگیری لە پێکهێنانی دەوڵەتی فیدراڵ کە

(١) د. ساڵح مەلا عومەر عیسا، ئەتنیکگەرایی و دەوڵەتی نەتەوەیی لە چەرخی بە جیهانیبووندا کوردستانی عێراق وەك نموونە، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٤.



داواکاری کوردەکان بوو بگرێت، هەر بۆیەش سەرکردەکانی تورکیا هەستیان بەو راستییەی کرد و تورکیا هەموو توانای خۆی بەکارهێنا تا کوردەکان دەست بەسەر کەرکوکدا نەگرن و کەرکوك نەخەنە ناو بازنەی حکومەتی فیدراڵ[1]، هەروەها لە پاش ئەوەی کە پەرلەمانی تورکیا رێگای بە سەربازەکانی سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نەدا بۆ ئەوەی کە خاکی تورکیا بۆ شەڕی عێراق بەکاربهێنن، حکومەتی حیزبی داد و گەشەپێدان کە لە نۆڤەمبەری ٢٠٠٢ هاتبووە سەر کار، بۆ ئەم قەیرانە کە لە نێوان تورکیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاتبووە کایەوە و بەهێزکردنەوەی پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەوروپا و ئامادەبوونی خۆی بۆ جێگیرکردنی ٥٠٠٠ سەرباز لەناو خاکی عێراق راگەیاند و دەستیکرد بە پاڵپشتی کردن لە تورکمانەکانی باکوری عێراق و پێگەی ئەوانی لە شاری (کەرکوك)دا بەهێز کرد، و زۆر بە ئارامی پشتێنێکی ئەمنی تورکمانی لە بەینی دوو ناوچەی کوردنشین و ناوەندی عەرەبنشین لە باکوری عێراق دروستکرد[2]، تورکیا لە سیاسەتی رەسمی نەتەوەییاندا هێشتا ویلایەتی موسڵ بە خاکی خۆیان دەزانن و بڕیاری کۆمەڵەی گەلان لە ١٩٢٦ سەبارەت بە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراق بە نارەوا دەزانن، نا رازی بوونی تورکیا لە ئەنجامەکانی کۆمیسیۆنی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ساڵی ١٩٢٦ بوو بەهۆی ئەوەی رێکەوتنامەیەك لە نێوان سێ وڵاتی تورکیا و عێراق و بەریتانیا ببەسترێت[3]، بەرپرسانی تورکیا لە رۆژی ٥ی حوزەیرانی ١٩٢٦ لە پەیمانی ئەنقەرە کە لەگەڵ بەریتانیا ئیمزایان کرد،

(١) منبع سایت خبری بازتاب ( کردهای عراق و ترکیه جنگی برای آینده)، مدیر سایت، ٢٠٠٨/٨/٢٥، بر گرفته از سایت اینترنیتی باشگاه اندیشه .comباشگاەاندیشەwww..

(٢) فرید هالی دی، (خاور میانه پس از سەدام حسین)، مترجم وحید رضا نعیمی، منبع ماه نامه همشهری دیپلماتیك، تیرماه ١٣٨٣، شماره ١٦، ٢٠٠٨/٨/٢٧.

(٣) د. ساڵح مەلا عومەر عیسا، قەیران خوڵقێنی زلهێزەکان لە کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧ تا ٦٧.

لەبەرامبەر ١٠٪ی نەوتی کەرکوك وازیان لە ئیدعاکانی تورکیا سەبارەت بە خاکی کەرکوك هێنا، دواتریش لە بەرامبەر ٥٠٠٠٠٠ لیرەی زێڕی بەریتانی وازی لەو بەشە نەوتەش هێنا کە لە پەیمانی ئەنقەرە پێی درابوو، لە پێش جەنگی سێیەمی کەنداو دیپلۆماتە تورکییەکانیش لەم رێکەوتنەی خۆیاندا حیسابیان وابوو ئەگەر سەرباز بهێننە کوردستان و تورکمانەکان بوورژێنن، دەتوانن بەشێك لە نەوتی کەرکوك وەربگرن کە ٤٠٪ نەوتی گشتی عێراقی هەیە، عێراقیش ١٢٠ ملیار بەرمیلی نەوتی یەدەگە، واتە ١٠,٧٪ نەوتی جیهانە کە یەکێکە لە وڵاتە فرە نەوتەکانی جیهان.[١] پاش ئەوەی کە پەرلەمانی تورکیا لە رۆژی ١ی مارتی ٢٠٠٣دا نارەزایی پێشاندا لە بەرامبەر رێگەدان بەهێزەکانی سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئەوەی کە لە خاکی تورکیاوە هێرش بکەنە سەر عێراق. لە دوای ٩ی نیسانی ساڵی ٢٠٠٣ کە رۆژی رووخانی عێراقە لەسەر دەستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تورکیا دەستی کورت بوو بۆ بۆ ئەوەی سوپا بنێرتە کوردستانی عێراق بە بیانووی راوەدونانی چەکدارانی پەکەکە، لەو کاتەدا عێراق بەپێی بڕیارێکی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەرانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە واتە لەو بڕیارە بەسەرەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە رووی یاسای نێودەوڵەتییەوە بەرپرس بوو لە پاراستنی ئاسایشی سنووری دەوڵەتی عێراق و هەر هێرشێکی سەربازی دەوڵەتانی تر بۆ سەر عێراق دەبوایە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەڵام بدرێتەوە، لەبەر ئەو بارە نێودەوڵەتییە تورکیا وازی لە هێرشی سەربازی هێنا، بەڵام کەوتە فشار هێنان بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە ئاراستەی ئەوەی کە گوایە پێویستە هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چەکدارانی پەکەکە لە کوردستانی عێراق دەربکەن، چونکە بە گوتەی ئەنقەرە ئەم حیزبەش ئەلقەیەکی رێکخراوە تیرۆریستییەکانە[٢]،

(١) زریان رۆژهەڵاتی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.

(٢) سامی شۆڕش، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٦.



بەڵام دەبینین کە لە شەوی ٢١ لەسەر٢٢ی شوباتی ساڵی ٢٠٠٨ لەشکرکێشی تورکیا بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان کە بەپێی بەیاننامەی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای تورکیا بوو هەرچەندە کورت و سنوورداریش بوو بەڵام بەڕێوەچوو، کە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی بە دەستدرێژی (Aggression) دادەنرێت، سەرۆك بارزانیش ئەم لەشکرکێشیەی وا وەسفکرد، و "گریگۆری سیس"ی وتەبێژی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ٢٢ی شوباتی ٢٠٠٨ رایگەیاند هێزەکانی تورکیا سنووری باکوری عێراقیان بەزاندووە و پێشتریش ئاگادارکراونەتەوە ( واتە بە ئاگاداری ئەوانەوە بووە)، بەڵام پرۆسەکە لەو ناوچانەدایە کە پەکەکەی لێیەو بۆ ماوەیەکی دیاریکراوە، دواتر پاشەکشە دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا بەریتانیا هەر زوو داوای لە تورکیا کرد بە زووترین کات خاکی عێراق بەجێبهێڵێت و گیانی هاوڵاتیان بپارێزێت، و کۆمیسیاری یەکێتی ئەوروپیش رایگەیاند کە پێویستە تورکیا رێز لە مافەکانی مرۆڤ و سەروەری یاسا بگرێت، "عەلی دەباغ"ی وتەبێژی فەرمی حکومەتی عێراقیش وتی: مالیکی داوای لە سەرۆك وەزیرانی تورکیا کردووە رێز لە سەروەری خاکی عێراق بگرێت، وەزارەتی دەرەوەی عێراقیش لەم بارەیەوە نارەزایی خۆی بە هەڵسوڕێنەری کاروباری تورکیا لە بەغدا راگەیاندووە کە مالیکی جەختیشی لەوە کردۆتەوە کە پەکەکە هەم دوژمنی تورکیا و هەم دوژمنی عێراقە.[١] ئەم مشتومڕە و ناکۆکییە هەر بەردەوامە لە نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق تاوەکو ئەو کاتەی ئێستا بەڵام بە هەڵکشان و راکشان لەلایەن هەردوو دەوڵەتی تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە.

(١) ئاسۆ کەریم، (چ لوغزێك لە پشت ئەو لەشکرکێشیەی تورکیا هەیە)، گۆڤاری گوڵان، ژمارە ٦٧٣، ٢٥ی شوباتی ٢٠٠٨، ل ١٧.

## ٤-٣- پاساوەکانی دەستێوەردانی سەربازی تورکیا لە هەرێمی کوردستان:

### ٤-٣-١- پاساوی بوونی پەکەکە لە هەرێمی کوردستانی عێراق:

تورکیا وەك وڵاتێکی دیاری هاوسێی عێراق تا ئێستا بە گومانەوە دەڕوانێتە دۆخی ئێستای عێراق و مەترسی ئەوەی هەیە کورد زیاترین دەسەڵات بۆ خۆی مسۆگەر بکات، لەو چوارچێوەیەشدا چەکدارانی پەکەکە لە ناوچەکانی سەر سنوور بە هەڕەشە دەزانێت و لەلایەکی تریش وەك کارتێك تەماشای دەکات بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا بەکاری بهێنێت[1]، پارتی کرێکارانی کوردستان پاش ریزێك کۆبوونەوەی نهێنی لە ساڵانی ١٩٧٧و ١٩٧٨ (مێژووی رەسمی دامەزراندنی پەکەکە دەگەڕێتەوە بۆ ٢٧ی نۆڤەمبەری ١٩٧٨) لە دیاربەکر لەلایەن "عبدالله اوجلان" دروستبوو کە ئایدیۆلۆژیان لە پارتە چەپەکانی تورکیا وەرگرتبوو، خەباتی چینایەتی و ناسیۆنالیزمیان تێکەڵ کردبوو و لە ١٥ی ئابی ١٩٨٤ چالاکی چەکداریان راگەیاند[2]، هەر لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٧ بەسەرەوە پەشێوییەکی زۆر کەوتە نێوان تورکیا و کوردستانی عێراق لەسەر مەسەلەی پەکەکە، لە مانگی تشرینی هەمان ساڵ کار گەیشتە ئەو ئاستەی سوپای تورکیا پتر لە هەشتا هەزار سەرباز لەسەر سنووری کوردستانی عێراق بڵاوبکاتەوە و هەڕەشەی هێرشی سەربازی لە پەکەکە و کوردستانی عێراق بکات، هەر لە دوای دروستبوونی پەکەکە لە ساڵی ١٩٧٨ حکومەتی تورکیا بە دوو ئاراستە سیاسەتەکانی خۆی لەبەرامبەر کورد جێبەجێ دەکات، یەکەم ئاراستەی سیاسەتی شەڕی خوێناوی دژی کورد لەناو خاکی

(١) ابراهیم سعید، (تورکیا و پەکەکە لە هاوکێشە سیاسییەکانی ئێستای عێراقدا)، گۆڤاری دۆسیەی تورکیا، سلێمانی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، ژمارە ٢، ئەیلولی ٢٠٠٥، ل ٩.

(٢) کریس کۆچێرا، بزووتنەوەی نەتەوەی کورد و هیوای سەربەخۆیی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٠.



تورکیادا، دووەم ئاراستەی پاڵنان بە چەکدارانی ئەو حیزبە بۆ ئەوەی بچنە دەرەوەی سنووری تورکیا و ناو خاکی وڵاتانی دراوسێوە بە تایبەتی خاکی کوردستانی عێراق، بەرپرسانی ئەنقەرە پێیان وایە ئەگەر پەکەکە لە چوارچێوەی سنووری دەوڵەتی تورك چووە دەرەوە ئەوا بە ئاسانی هەلومەرجی ئەوە دەخولقێت بە یارمەتی دەوڵەتانی دیکە بنکە و چەکدارانی لەناو بەرن، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی دەوڵەتانی دراوسێ ببنە مەیدانی شەڕی پەکەکە یاخود دەوڵەتەکان ناچار بکرێن ئەوانیش لای خۆیان بکەونە شەڕکردنی ئەو حیزبە کوردییە لە ژێر پەردەی یاسای نێودەوڵەتی و پاراستنی ئاسایشی ناوچەیی، یان ناچار بن رێگە بە ئەنقەرە بدەن کە سوپا بنێرێتە ناو خاکیان تا هێرش بکاتە سەر بنکەکانی پەکەکە کە ئەمەش شەڕ و پێکدادان لە خاکی تورکیادا دوور دەکاتەوە و وا پێشاندەدات کە ئەم حیزبە کوردییە دیاردەیەکی ناوخۆیی نییە، بەڵکو دەستکردی دەوڵەتانی دەورووپشتە.[1]

### ٤-٣-٢- پاساوی بوونی رێککەوتنامەی ئەمنی نێوان عێراق و تورکیا:

تورکیا بۆ هێرش کردنە سەر کوردستانی عێراق هەموو کاتێك پاساوی ئەو رێککەوتنامە دوو قۆڵی یان چەند قۆڵی لەنێوان تورکیا و عێراق یان تورکیا و وڵاتانی دراوسێ دەهێنێتەوە، بۆ نموونە پەیمانی (سەعدئاباد) لە مانگی حوزەیرانی ١٩٣٧ د.رشدی ئاراس وەزیری دەرەوەی تورکیا و د.ناجی اسیل وەزیری دەرەوەی عێراق و سەردار فەیز محمدخان وەزیری دەرەوەی ئەفغانستان لە تاران چاویان بە یەکتر کەوت و دوای وتووێژ لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێرانی لە رێکەوتی ١٩٣٧/٧/٢٧ پەیمانی دەستێوەرنەدانی لەکاروباری یەکتری لە دواتر بە پەیمانەمەی (سەعدئاباد) لە نێوانیان مۆرکرا، قەیرانی کوردستانی عێراق و تورکیا یەکێك لە هۆکار و ئامانجەکانی ئەم دوو وڵاتە بۆ پێکهێنانی پەیماننامەی

(١) سامی شۆڕش، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧١.

(سەعدئاباد) بوو[1]، یان ئەو پەیماننامە ئەمنییەی کە لە نێوان تورکیا و عێراق لە ئۆکتۆبەری ١٩٨٤ ئیمزا کرا، کە رێگە دەدات بە تورکیا لە کاتی راوەدونانی چەکدارانی کورد بێتە ناو قووڵایی سنووری عێراقەوە[2]، ئەم رێککەوتنامە ئەمنییە هەم بۆ رێگەگرتن بوو بۆ هەڵکشانی چەکدارانی پەکەکە بۆ کوردستانی عێراق و هەم بۆ هەڕەشە بوو لە سوریا کە ئەو ساڵ لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی عێراق و تورکیا پەیوەندی ناخۆش بوو[3]، لە ساڵی ١٩٢٦ـەوە تورکیا و عێراق نزیکەی ٢٠ رێکەوتنامەی ئەمنییان مۆرکردووە دواترینیان لە ساڵی ١٩٨٩ بوو کە بە تازەکردنەوەی رێککەوتنامەی ساڵی ١٩٨٤ دەژمێردرێت، (هەروەها رێککەوتنامەی ئەمنی نێوان وەزیری ناوخۆی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٧ کە لە پەرلەمانی عێراق رەزامەندی لەسەر نەدرا چونکە گومانی ئەوەی لێدەکرا کە رێگە بە سوپای تورکیا دەدات بۆ هاتنە ناو خاکی کوردستان )، رێککەوتنامە ئەمنییەکە رێگەی بە هەردوو سوپای تورکیا و عێراق دەدا کە هەرەیەکەیان بۆ راوەدونانی پێشمەرگە تا قووڵایی ١٥ کیلۆمەتر مافی چوونە ناو خاکی یەکتریان هەبێت، هەندێك چاودێر پێیان وایە ئەم رێککەوتنامەیە لە کاتی مۆرکردنیدا لایەنگری ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشی لەگەڵدا بووە، لەبەر ئەوەی کە رێککەوتنامەکە یارمەتی عێراق دەدا تا درێژە بە جەنگی خۆی بدات دژی ئێران، ئەویش لەبەر ئەوەی ئێران لەلایەن رۆژئاواوە بە لایەنگری تیرۆری نێودەوڵەتی لە قەڵەم دەدرێت، بە تایبەتی لە لوبنان و دەوڵەتانی ناوچەی کەنداو، ئەم رێککەوتنامە ئەمنییانەش دوای داگیرکردنی کوێتیش لەلایەن سوپای عێراقەوە لە رۆژی ٢ی ئابی ١٩٩٠ مەوجوودیەتێکی یاسایی و نێودەوڵەتی بە سوپای تورکیا دەدات تا دەست لەکاروباری عێراقی

(١) د. سالح مەلا عومەر عیسا، قەیران خولقێنی زلهێزەکان لە کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٧.

(٢) رابرت السن، مسأله کرد و روابط ایران و ترکیه، همان منبع، ص ٥٣.

(٣) سامی شۆڕش، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٥.



سەردەمی سەدام حسێن وەربدات، کە ئەوەش بە قازانجی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بوو، هەرچەندە مەبەستی تورکیا لەو رێککەوتنامەیە پەکەکە بوو بەڵام مەبەستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا عێراق و ئێران و سوریا بوو، لەلایەکی ترەوە ئامادەییە سەربازییەکەی تورکیا لە ناوچەکەدا مسۆگەر دەکرد، لەلایەکی تر لەکاتی سەپاندنی سزای نێودەوڵەتی بەسەر عێراقدا لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشەوە سوودی بە بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەوروپا دەگەیاند و لەلایەکی تریشەوە قازانجی ئەوەی هەبوو کە نرخێك، یان باجێك بوو دەدرایە تورکیا لە بەرامبەر رێگە دانی بە بەکارهێنانی فرۆکەخانەی ئینجیرلیکی تورکی بۆ پاراستنی ناوچەی سەرووی هێڵی ٣٦ پلە لە کوردستانی عێراق[1]، لەلایەکی تر وەزیری ناوخۆی عێراق لە ٢٨ی ئەیلولی ٢٠٠٧ "جواد بۆلانی" رێککەوتنامەیەکی ئەمنی لەگەڵ وەزیری ناوخۆی تورکیادا مۆرکرد، تیایدا دانی بە رێککەوتنامەکانی ساڵی ١٩٢٦ و ١٩٤٦ و ١٩٨٩ کە لە نێوان عێراق و تورکیادا مۆرکراوە دانیان پێدانا، لە دوای ئەو رێککەوتنامەیەش هەندێ لە بەرپرسانی تورکی وتیان ئەو رێککەوتنامەیە بنەمایەکی یاساییە بۆ هێرش و پەلاماری سنوور بەزێن بۆ ناو باکوری عێراق[2]، جگە لە رێککەوتنامەی بەغدا (پەیمانی بەغدا) لە ساڵی ١٩٥٥ کە لە نێوان عێراق و تورکیا دواتریش پاکستان و ئێران هاتنە ریزی ئەو رێککەوتنامەیە، عێراق لە ساڵی ١٩٥٩ بە فەرمی لەم پەیمانە هاتە دەرەوە و ئەندامانی پەیمانەکە ئەندامییەتی خۆیان گواستەوە بۆ پەیمانێکی جێگرەوەی پەیمانی بەغدا کە بە (پەیمانی سنتۆ) کە بنکەکەی لە ئەنقەرە بوو.[3]

(١) سامی شۆڕش، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٥.

(٢) ئاسۆ کەریم، (چما کات قات بوو ئێستا نەبێ)، گۆڤاری گوڵان، ژمارە ٦٥٩، تشرینی دووەمی ٢٠٠٧، ل ٤٣.

(٣) نادر انتصار، همان منبع، ص ٢٢٠ و ٢٢١.

**٤-٣-٣- پاساوی پێشێلکردنی مافی تورکمانەکان لە باکوری عێراق:**

گومان لەوەدا نییە کە مەسەلەی تورکمان تەنیا بیانوویەکە بۆ حکومەتی تورکیا، حکومەتی تورکیا لەلایەکەوە ئامادە نییە پەیوەندییەکەی لەگەڵ دەوڵەتی تورکمانستان بەهێز بکات، بەڵام لەلایەکی ترەوە باسی پارێزگاری مافی تورکمانەکانی کەرکوك دەکات، تاقە وەڵامێکی ئەم پارادۆکسەی سیاسەتی تورکیا بەرامبەر تورکمانەکان ئەوەیە کە تورکیا مەسەلەی تورکمانەکانی کەرکوك بۆ بەرژەوەندی خۆی لە عێراق و کوردستان بەکاردەهێنێ[1]، دەربارەی تورکمانیش سەرچاوەی مێژوویی هەیە بەوەی ئەم کەمینەیەی کە ئێستا لە کوردستان دەژین و لە کەرکوك نیشتەجێن لەو گەلەن پێیان دەوترێت تورکمان، لە گەلانی ئاسیای ناوەڕاست و لە رووی زمانەوەش بە یەکێك لە زاراوەکانی زمانی تورکی دادەنرێت، کە تورکیش زمانێکی ئۆراڵ ـ ئاڵتیکییە، و لەسەدەی نۆی زایینیدا کە دەکاتە ساڵی **٨٣٣**ی زایینی لەلایەن خەلیفەی عەباسی (معتصم بالله) بۆ پارێزگاری خۆی دژی بەرهەڵستکارانی لە خۆراسان و وڵاتی ئەودیوی دەریاوە هێناویانی بۆ بەغدا[2]، هەروەها "ئیسماعیل بێشکچی" لەم بارەیەوە دەڵێت: (ڕاگەیاندنی تورکیا لەسەر سووربوونی فیدرالیزم بۆ کەرکوك هەڵەی زۆر و هەڵوێستی نیاز خراپی هەیە، راگەیاندنی تورکیا بێ دەنگ مایەوە بەرامبەر بە سیاسەتەکانی سەدام حسێن سەبارەت بە دەرکردنی کوردەکان لە کەرکوك و هێنان و نیشتەجێ کردنی خێزانی عەرەب کە لە حەفتاکان دەستیپێکرد و لە هەشتاکان گەشەی سەند و خێراتر کرا، هیچ هەواڵ و شیکردنەوەیەك لەم بارەیەوە نەبینرا، ئێستاش کاتێك کە کوردە بەزۆر کۆچ پێکراوەکان و دەرکراوەکان دەگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان تورکیا کاردانەوەی لە بەرامبەردا نیشاندەدا گوایە قەوارەی کەرکوك دەگۆڕێت و لەلایەن گرووپێکی ئەتنیکییەوە تەداخول دەکرێت و دیمۆگرافیای دەستکاری دەکرێت، ئیجرائاتی

(١) زریان رۆژهەلاتی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩.

(٢) رەفیق شوانی، کێشەی کەرکوك و چۆنیەتی چارەسەرکردنی، هەولێر: چاپخانەی دەزگای ئاراس، ٢٠٠٧، ل ٤٢.



کورد لەو ناکۆکییەدا لە بەرامبەر پروپاگەندەی بەرەی تورکمانی عێراق هەڵوێستێکی لەجێی خۆی دایە، بەرەی تورکمانی عێراق دان بە دەرکردنی کورد لە کەرکوك دادەنێت بەڵام باس لەوە دەکات کە ژمارەی دەرکراوەکان زۆر کەمترە لەوەی کە باسی لێوە دەکرێت، "ئەحمەد موراد‌لی" نوێنەری بەرەی تورکمانی عێراق لە ئەنقەرە لە ڕیپۆرتاژێکدا لەگەڵ رۆژنامەی "وەتەن" لە ٢٠٠٥/١/١٧دا دەڵێ ژمارەی ئەو کەسانە (٥٠٠٠) پێنج هەزارن!! )[1] دوژمنانی کورد چ لە دەرەوەی عێراق و چ حکومەتەکانی عێراق لە پێناو دژایەتی کردنی کورددا هەردەم بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتی خۆیان بایەخیان بە تورکمانی کەرکوك داوە، بۆ نموونە زۆربەی هەرە زۆری فەرمانبەرانی دەزگاکانی کارگێڕی کەرکوك تورکمانن، و دەستیان لێ نەدراوە و وەکو کورد نەگوازراونەتەوە بۆ شارەکانی تر مەگەر بە دەگمەن کە یەکێك دژایەتی سیاسەتی بەعسی کردبێت، هەروەها رێگەدان بە چالاکی و رۆشنبیری و هونەری تورکمانەکان لە کەرکوك[2] و لە کاتی ئازاد کردنی عێراقیشدا تورکیا دەیویست رێگە لە پێشمەرگە بگیرێت لەوەی بچنە ناو کەرکوك و موسڵ بەڵام رێگە بە سوپای تورکیا بدرێت هەردوو شارەکە کۆنترۆڵ بکات، ئەنقەرە لەو ماوەیەدا هەمیشە ئەوەی دووپات دەکردەوە کە چوونی پێشمەرگە بۆ کەرکوك و موسڵ دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕێکی قورسی ناوەخۆ لە نێوان کورد و تورکمان و عەرەب لە کەرکوکدا، دواتریش واتە دوای رزگارکردنی عێراق و هاتنەکایەی دەستوورێکی تازە لە عێراقدا ئەم بەهانەیە گەورەترین کارتی دەستی ئەنقەرە بوو بۆ تەگەرە دروستکردن لەبەردەم چارەسەربوونی سیاسیانە و دەستووریانەی پرسی کورد لە عێراقدا.[3]

(١) اسماعیل بێشکچی، (لە وەڵامی پرسیارەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستاندا زانای گەورەی کۆمەڵناسی کورد اسماعیل بێشکچی)، گۆڤاری دۆسیەی تورکیا، سلێمانی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، مایسی ٢٠٠٥، ژمارە ١، ل ١١٧.

(٢) رەفیق شوانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٣.

(٣) سامی شۆڕش، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٢.

بەگشتی دەتوانین بڵێین سیاسەتی دەرەوەی رەسمی تورکیا لە بەرامبەر تورکمانەکان تا ساڵی ١٩٩٠ لەسەر بنەمای نکۆڵی و ئینکاری هەبوونیان لە عێراق دامەزرا بوو، ئەگەرچی رژێمەکانی بەغدا تورکمانەکانیان بۆ چەندین ساڵ لە ژێر هەلومەرجی زۆر دژواردا راگرتبوو و دەیچەوساندنەوە و سەرکوتی دەکردن بەڵام تورکیا هەرگیز کاردانەوەیەکی لە بەرامبەردا پیشاننەدا، بەڵام لە دوای شەڕی دووەمی کەنداو، تورکیا هەوڵی بەهێزکردنی پێگەی تورکمانەکانی دا بۆ ئەوەی وەکو ئامرازێك بەکاریان بهێنێت بۆ کەمکردنەوەی هێزی کوردەکان لە کوردستانی عێراق، بۆ ئەم مەبەستەش تورکیا یارمەتی تورکمانەکانیدا تاوەکو رێکخراو و پارتی سیاسی دامەزرێنن و تورکیا بە پشتیوانی ماڵی و لۆجستیکی بەمەبەستی بەرەو پێشەوە بردنی سیاسەتەکانی دژ بە ئەزموونی کورد لە کوردستانی عێراقدا ئەم پارتانەی ئاراستە دەکردن، بۆیەش دەبینین کە تورکمانەکان لە پرۆسەی سیاسی و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ بەشدارییان نەکرد بۆ ئەوەی کە ئەم دەسەڵاتە بە ناشەرعی پیشانبدەن، هەروەها تورکیا لەسەردەمی شەڕی ناوخۆی کوردەکاندا سوور بوو لەسەر ئەوەی کە تورکمانەکان بە زۆر بخاتە ناو پرۆسەی ئاشتی و هێزی (PMF)ی دامەزرند کە زۆربەیان لە تورکمانەکان پێکدەهات، ئەم هێزە لەلایەن هێزەکانی سوپای تورکیاوە راهێنرابوون و بە هەموو شێوە و ئامرازێك پشتیوانی دەکران و مافەکانی تورکمان یەکێك بوو لە هێلە سوورەکانی تورکیا لە دژایەتی کردن لەگەڵ پلانەکانی ئەمریکا بۆ شەڕ لە عێراق، بۆیەش هێشتا تورکیا پێداگری دەکات لە رێبەرایەتی و بەرگری لە مافی تورکمانەکان، کە ئەم سیاسەتەش بەردەوامە لە بڵاوکردنەوە و ناردنی وریاکردنەوەی هەڕەشە ئامێز بۆ کوردەکان و ئەمریکا تاکو نیشانی بدات کە تورکیا پابەندە بە پاراستنی تورکمانەکان و دەبێ دڵنیابێت لەوەی کە داهاتووی کەرکوك دەبێت فرە نەتەوەیی بێت نەك تەنیا کوردی، بۆیەش نابێت تەنیا وەکو کێشە و بابەتێکی ناوخۆیی رەچاو بکرێت.[1]

(١) مراد خۆشەڤی حەسۆ، گۆڕانکارییەکانی کوردستانی عێراق و پەیوەندییەکانی تورکیا و عێراق ١٩٩٠ـ ٢٠٠٥، هەولێر: چاپخانەی دەزگای ئاراس، ٢٠٠٨، ل ٢٠٥.



## ٤-٤- فاکتەرەکانی کاریگەر لەسەر دەستێوەردانی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان:

هەندێك فاکتەر هەن کە هانی تورکیا دەدات لە هەڵوێستەکانیدا بۆ دەستێوەردانی چ سەربازی و چ سیاسی لەناو هەرێمی کوردستاندا بەرزی یان نزمی تێدا بێت، یان کاردانەوەی تورکیا بەرامبەر بە پێشهاتە و گۆڕانکارییەکانی کوردستان نەرم یان توند بێت، لەمانە دەتوانین ئاماژە بە هەندێك فاکتەر بکەین بۆ نموونە:

### ٤-٤-١- فاکتەرە ناوخۆییەکانی تورکیا:

لەبەر ئەوەی تورکیا نەیتوانیوە لەسەر ئاستی ناوخۆ دەوڵەتێکی سەرکەوتووی هەبێت، ئەوەش وای کردووە لەسەر ئاستی ناوچەکە رەنگدانەوەیەکی نەگەتیڤی هەبێت، تورکیا کە زیاتر لە ٥٠ ساڵە ئەندامی ناتۆیە و وەکو گەورەترین دەوڵەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەژمار دەکرێت تا ئێستا بۆ هیچ پرۆسەیەکی سیاسی ناوچەکە وەکو پرۆسەی ئاشتی نێوان عەرەبەکان و ئیسرائیل بانگهێشت نەکراوە، لەکاتێکدا تورکیا تەنیا دەوڵەتی ئیسلامی گەورەی غەیرە عەرەبە کە لەگەڵ عەرەب و ئیسرائیل پەیوەندی باشی هەیە[1]، هەروەها ململانێ ناوەخۆیەکانی تورکیا لە نێوان باڵی سەربازی و ناسیۆنالیستەکان لەگەڵ هاتنەسەر کاری حیزبی عەدالەت و تەنمییە کە بە جۆرێك قەیرانی سیاسی لەو دەوڵەتە دروستکردووە، کە دوو ناوەندی سەرەکی دەسەڵات لە تورکیا واتە پەرلەمان و سەرۆکایەتی کۆمار کەوتە دەستی حیزبی داد و گەشەپێدان  کە بە حیزبێکی لیبراڵ ئیسلامی دەناسرێت، هەروەها بێ متمانەیی سوپا بەنسبەت دەسەڵاتدارانی ئێستای تورکیا کە ئەم حیزبە خەریکی گۆڕینی هەندێك بنەمای لائیك و کەمالیستی دەستووری تورکیان، کە سوپا و کەمالیستەکانی تورکیا خۆیان بە داکۆکی کاری ئەو بنەمایانە دەزانن، ئەم ململانێیەی نێوان سوپا و حیزبی

(١) گۆڤاری گوڵان، لە پەراوێزی هێرشە سەربازییەکەی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ژمارە ٦٧٣، ٢٥ی شوباتی ٢٠٠٨، ل ٢٠.

داد و گەشەپێدان وای لە سیاسەتمەدارانی ئەو حیزبە کرد کە ئاراستەی سوپا بگۆڕن بۆ ڕۆژهەڵاتی تورکیا (ناوچەی کوردستانی تورکیا) و ڕازی بن بەسەر دانی بودجەی سەرسوڕهێنەری ساڵانەی دە ملیار دۆلاری سوپا بە بیانووی شەڕ دژ بە پەکەکە بۆ ئەوەی کە مەترسی کودەتا و بەشداریان لە دەسەڵات و قەیرانی سیاسی لە پایتەخت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت لە خۆیانی دوور ڕابگرن، بۆیەش دەبینین لە ڕۆژی چوارشەمە لە ١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٧ پەرلەمانی تورکیا کە زۆرینەی کورسییەکانی لە ئیختیاری حیزبی داد و گەشەپێدان دایە، هەروەها سەرۆك وەزیران "ڕەجەب تەیب ئەردۆگان" و "عبدالله گوڵ" سەرۆك کۆماری تورکیا ڕێبەرایەتی ئەو حیزبەیان لە دەستە بە ٥٠٧ دەنگی موافق لە بەرامبەر ١٩ دەنگی مخالف بڕیاری هێرش کردنە سەر کوردستانی عێراقیان بە بیانووی ڕاوەدونانی گەریلاکانی پەکەکە دەرکرد[٢]، هەروەها بوونی کێشەی کورد لە تورکیا کە لە سەرەتای دامەزرانی دەوڵەتی تورکیاوە هەر بەردەوامە و هەر لە ساڵی ١٩٩١یشدا بوو کە پەرلەمانی تورکیا یاسایەکی لەبارەی قەلاچۆکردنی تیرۆرەوە پەسەندکرد کە بە یاسای ژمارە ٨ بەناوبانگە، کە وای کرد زۆربەی چالاکی سیاسی و ڕۆشنبیرەکانی کورد بکەونە خانەی تیرۆرەوە، یان شەڕ و کێشەی کورد وەکو ئەوەی قوبرس سەرچاوەیەکی زۆری بۆ بەردەوام بوونی هێز و دەسەڵاتی سوپا لە ئەنقەرە زامن کردووە، هەندێك سەرچاوە پێیان وایە تا دەزگای سوپا ئەو دەسەڵاتەی ئێستای لە تورکیادا هەبێت ڕەنگە مەحاڵ بێت کێشەی کورد بەشێوەیەکی سیاسییانە و ئاشتییانە چارەسەر بکرێت[١]، لەم بازنەیەدا پێویستە هێما بۆ ئەوەش بکرێت کە ئەنقەرە هەندێك جار وای لێکدەداتەوە گوایە شێوازی هەڕەشە کردنی سەربازی ڕەنگە چاکترین شێوازی سیاسەت کردن بێت نەك هەر لە بەرامبەر

(١) حسن رحمان پناه، احتمال حمله ارتش ترکیه به کردستان عراق، دلایل و راه کارها، منبع: سایت .comباشگاەاندیشه.www، 27/8/2008.

(٢) سامی شۆڕش، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٧.



پەکەکە بەڵکو بەرامبەر کوردستانی عێراقیشدا[١]، بەگشتی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی تورکیا لە هاتنە سەر کاری حیزبی ئیسلام گەرایی عەدالەت و تەنمیە لە ساڵی ٢٠٠٢، دووبارە سەرکەوتنیان لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٧ ژیانی سیاسی تورکیای گۆڕی بۆ ژیانێکی سیاسی دوو جەمسەری، واتە جەمسەری ئیسلام گەرایی و جەمسەری لائیزم، هەروەها پڕوپاگەندەکانی ڕاگەیاندنی حیزبی داد و گەشەپێدان لە هەڵبژاردنەکان بۆ چارەسەری ئاشتیانەی دۆزی کورد و هەوڵدانی حیزبی داد و گەشەپێدان بۆ گۆڕانکارییە دەستورییەکان، هەروەها کێشەی "ئەرگەنەکۆن"[٢] و بوونی پەیوەندی لەگەڵ پەکەکە و دروستبوونی ئەو ڕایە کە لە نێوان پەکەکە و ئەرگەنەکۆن پەیوەندی هەیە، هەروەها چالاکییەکانی ئەم گرووپە لە ناوەخۆی تورکیا بۆ شێواندنی دۆخی تورکیا هەر لە پیلانی تیرۆری سەرکردە حیزبیەکانەوە بگرە هەتا دەگاتە تێکدانی پەیوەندییەکانی حکومەتی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بەپێی بەڵگەنامەکانی ئەرگەنەکۆن تەواوی پەیوەندییەکانی پارتی و یەکێتی لەگەڵ تورکیا هەتا هاتنی پارتی (AKP) بۆ سەر دەسەڵات هەر لە چوارچێوەی هەوالگری دابووە و هیچ کاتێك نەیانتوانیوە لەو چوارچێوەیە دەرباز بن، هەروەها بەڵگەنامەکان دەریدەخەن کە ئەرگەنەکۆن دەستی هەبووە لە بردنی دۆسیەی پارتی (AKP) بۆ بەردەم دادگای باڵای ئەم وڵاتە، هەروەها هەوڵی تیرۆری هەندێك کەسایەتی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیر و نووسەر وەك "ئۆرهان پامۆك" تاکو سەقامگیری تورکیا تێکبدرێت، دەرکەوتنی ئەرگەنەکۆن لەو قۆناغە هەستیارەدا کە تورکیا لە هەوڵی گۆڕانکاری ناوەخۆییدایە کۆمەڵێك پرسیاری دروستکردووە، بەتایبەت لە دوای سەردانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا بۆ عێراق و کۆبوونەوەی لەگەڵ بەرپرسانی ئەم وڵاتە، کە لە بەرنامەی دابوو لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی هەرێم کۆببێتەوە، ئەم ڕێکخراوە کە لەسەر بنەمای فەلسەفە و تێڕوانینی کەمالیستەکانی تورکیا بنیاتنراوە، وایکردووە کاریگەریەکی زۆری هەبێت لەناو دەزگاکانی هەوالگری و سەربازی تورکیا کە زۆربەی هەرە زۆری

(١) هەمان سەرچاوە، ل ١٧٣.

(٢) مازیار اقا زاده، الزامات سیاست قطبی در ترکیه، برگرفته از روزنامه کارگزارا، منبع: سایت .comباشگاەاندیشه.www، 27/8/2008.

سەرکردەکانی ئەرگەنەکۆن ژەنەراڵ و ئەفسەری خانەنشین کراون.[١] سێ لایەنی گومان لێکراو هەن کە بەشێوەیەکی سەرەکی بەرژەوەندییان لە دروستکردنی پەشێوی دایە لە نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستاندا:

١. پەکەکەیە کە پەیوەندی بەهێزی ئابووری نێوان تورکیا و کوردستانی عێراق نیگەرانی دەکات، چونکە (٨٠٪)ی وەبەرهێنانی بیانی لە کوردستانی عێراقدا تورکیە، هەروەها ترسی پەکەکە لە هاتنەکایەی بزووتنەوەیەکی کوردی میانڕەو بە هۆی میانڕەویەتی ئەزموونی (AKP) لە تورکیا وای کردووە کە پەکەکە بڕیاری داگیرساندنی شەڕ و پێکدادان بدات.

٢. دووەم لایەن دەزگای سەربازی تورکیایە کە بەدوای هەلێکدا دەگەڕێت تاوەکو چالاکییەکانی پارتی (AKP) سنووردار بکات کە لە سەرووی هەمووشیانەوە تێکدانی ریفۆرمی دەستوورییە کە پارتی داد و گەشەپێدان دەیەوێت بیکات، بەتایبەت کە (AKP) هەوڵی داڕشتنی دەستوورێکی نوێ لە جێگای دەستووری ١٩٨٢ کە سوپا بەهۆی کودەتاوە سەپاندی، کە ئەم دەستوورە نوێیە تا ئاستێکی بەرز رۆڵی سوپا کەم دەکاتەوە لە ژیانی سیاسیدا، لەبەر ئەوە جەنگ دژی کورد دەرگایەکی زۆر گونجاوە بۆ سەپاندنی ئەجیندای سوپا بەسەر ئەجیندای مەدەنییە ئیسلامییەکان.

٣. لایەنی سێیەمیش پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیایە کە وا دەکات هەردوو لایەن گەمەکە بگوازنەوە بۆ گۆڕەپانێکی تر، کە هەر بارگرژییەك لە پەیوەندییەکانیان کاردەکاتە سەر ئاستی ئەم پەیوەندییانە، بۆ نموونە هەردوو لایەن هەوڵی بەکارهێنانی کارتی ئەرمەن و کورد بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان لە دژی یەکتری دەدەن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لە رواڵەتدا ئەم دوو دەوڵەتە هاوپەیمانی یەکترن.[٢]

(١) مەولود ئاڤان، ئەرگەنەکۆن و کودەتایەکی خاو لە تورکیادا، سەرچاوە: سایتی رێنیسانس، www.rinesans.com، 25/8/2008.

(٢) حەمید هەورامی، کێ لە پشت ناکۆکییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستانەوەیە، گۆڤاری دۆسێی تورکیا، ژمارە ٩، کانونی یەکەمی ٢٠٠٨، ل ٥٠.



### ٤-٤-٢- فاکتەرەکانی تایبەت بە هەرێمی کوردستان و عێراق:

بەرپرسانی تورکیا تا ئێستا بەشێوەیەکی رەسمی دانیان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەناوە، نیگەرانییەکانی تورکیا بەرامبەر بە کورد لە هەرێمی کوردستان لە ئاستێکدایە کە ئێستا بەهێزبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو هەڕەشەیەکی پلە یەك لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا لەقەڵەم دەدرێت و بەگوێرەی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی تورکیا دامەزراندنی هەر جۆرە دەوڵەتێکی کوردی لە هەر شوێنێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە مەترسی و تێکدەری ئاسایشی نەتەوەییان دەزانن، بەرپرسانی ئەنقەرە گەشەسەندنی ئابووری کوردستان بە هێڵێکی سوور بۆ خۆیان دەزانن و نیگەرانن بەوەی کە هێزێکی راکێشەری ئابووری بۆ کوردەکانی باکور دروستبکرێت و کوردەکانی تورکیا بکەونە ژێر کاریگەری لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، هەر لەبەر ئەوەش بەدوای ئەوەدان کە کارتێکی گوشاری ئابووری بۆ سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستبکەن، وەکو دروستکردنی بەنداوی جۆراوجۆر لەسەر ئاوی دیجلە و فورات و بەهێز کردنی پرۆژەی گاپ (GAP)، تورکیا دەیەوێت لەو پرۆژەیەدا رێگا لە هاتنی ئازادانەی ئاو بگرێت بۆ کوردستان و عێراق و لە کاتی پێویستدا ئەوا وەکو کارتی گوشار بەکاربهێنێت[١]، لەلایەکی دیکەشەوە خوازیاری ئەوەیە کە لە رێگای پرۆژەی گاپ بارودۆخی ئابووری ناوچە کوردنشینەکانی کوردەکان باشتر بکات، کە ئێستا بەپێی وتەی خودی تورکەکان ٦٠٪ی خەڵکەکەی تووشی هەژاری و نەداری بۆتەوە، بەرپرسانی ئەنقەرە پێیان وایە ئەگەر ئاستی خزمەتگوزاری و رەوشی ئەو ناوچانە باشتر بکرێت ئیتر هەرێمی کوردستان تایبەتمەندی کێشەندەبوونی خۆی بۆ ئەو کوردانە لە دەستدەدات و هەڕەشەکانی سەر تورکیا کەم دەبێتەوە[٢]، هەروەها تورکیا نیگەرانی خۆی لەسەر دەستوور و دەسەڵاتی کوردی بەتایبەتی مەسەلەی کەرکوك و ماددەی ١٤٠ دەربڕیوە،

(١) زریان رۆژهەڵاتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ٢٨.

لە هەقیقەتدا بەهۆی دەوڵەمەند بوونی کەرکوك بەسەرچاوەکانی سامان وەکو نەوت، تورکیای نیگەران کردووە کە گەڕانەوەی کەرکوك ببێتە هۆی پاڵپشتییەکی دارایی بەهێز بۆ ئەوەی کە کوردەکان دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆیان رابگەیەنن، ئەوەش ببێتە هۆی ئەوەی کوردەکانی تورکیاش بیانەوێت لە تورکیا جیاببنەوە و خۆیان بلکێنن بە کوردستانی گەورەوە، بۆیەش "رەجەب تەیب ئەردۆگان" لە یەکێك لە لێدوانەکانیدا رایگەیاند کە ئەگەر کەرکوك بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی کوردەکان تورکیا تەنیا تەماشاکەر نابێت[1]، هەروەها رۆژنامەی ئێران لە گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی لەگەڵ "نامیکتان" وتەبێژی فەرمی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، ناوبراو لەم لێدوانەدا ئاماژەی بەوە کردبوو کە تورکیا لەسەر کەرکوك هەستیارە و بڕوای وایە ئەو شارە دەبێت لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی ناوەندی عێراقدا بێت[2]، هەروەها کۆبوونەوەکانی نێوان دەسەڵاتدارانی عێراق و تورکیا ئاماژە بەوە دەکەن کە حکومەتی ناوەندی عێراق تارادەیەك چرای سەوزی بۆ تورکیا هەڵکردووە بەمەبەستی گوشار خستنەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ نمونە "سامی عسکری" راوێژکاری نوری مالیکی و وتەبێژی فەرمی دەوڵەتی عێراق رایگەیاند هەر کاتێك کە کوردەکان توشی قەیران دەبن وەبیریان دێتەوە کە بەشێکن لە عێراق و داوای یارمەتی لە حکومەتی بەغدا دەکەن، بەڵام لە غەیری ئەو حاڵەتە خۆیان بە بەشێك لە حکومەتی عێراق نازانن (رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارەی ٤٤٠٠ لە ٢٠٠٧/١٠/١٩)، ئەم لێدوانانە نیشاندەری ئەوەن کە حکومەتی مالیکی هیچ پلانێکی بۆ بەرگری کردن لە ناوچەی کوردستانی عێراق نییە لەکاتی هێرشی سوپای تورکیا، بەڵکو هەوڵدەدات کە مەترسی هێرشی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان وەکو کارتێکی گوشار

(١) ایلیا جزایری، کرکوك، نفت، و رقابت کردی ــ عربی، منبع: سایت www.iranemroz.com، 25/8/2008.

(٢) نفیسه کوهنورد، امریکا باید از عراق خارج شود، مصاحبه تلفنی با نامیك ـ تان، منبع روزنامه ایران: سایت com.باشگاەاندیشه.www، ٢٠٠٨/٨/٢٧.



بەکاربهێنێت لە دژی کوردەکان کە خۆیان بەشێکن لە دەسەڵاتی دەوڵەت و حکومەتی عێراقیان لە دەستدایە، و بەشی دەسەڵاتی ئەوان بگوازێتەوە بۆ سوننییەکانی ناڕازی لە حکومەتی مالیکی کە بێ شك ئەوەش هاوتەریبە لەگەڵ سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراق[1]، لەلایەکی تر تورکیا بوونی تورکمانەکان لە ناوچەی کوردستان بە هۆکارێکی لەبار دەزانێت بۆ بەرەورووبوونەوە لەگەڵ کوردەکانی عێراق، لەو رووەوە خۆی بە پشتیوانی ئەو کەمینە عێراقییە دەزانێت و جارجاریش بە توندی لە بەرامبەر گۆڕانکارییەکان کاردانەوە پێشاندەدات و ناڕەزایی دەردەبڕێت، هەرچەندە بە هاتنە سەر کاری حیزبی داد و گەشەپێدان ئیدعای مێژوویی تورکیا لەسەر خاوەندارێتی کەرکوك پاشەکشێی کردووە بەڵام گۆڕاوە بۆ سیاسەتی نیگەرانی لە دابەشبوونی عێراق، بۆیەش "عبدالله گول" لە چەند لێدوانێك رایگەیاندووە کە تورکیا هیچ چاوێکی لەسەر خاکی عێراق نییە و عێراق هی هەموو گەلی عێراقە، ئاواش دەبێت بپارێزرێت، هەروەها لە بارەی شاری کەرکوك ئاماژەی دا کە پرسی داهاتووی کەرکوك و موسڵ دەبێت هەموو گەلی عێراق بڕیاری لەسەر بدەن، نە تەنیا دەوڵەتێك یان نەتەوەیەك لە نەتەوەکانی عێراق.[2] دەسەڵاتی ئێستای عێراق لە بەرامبەر هەڵوێستی تورکیا کاردانەوەیەکی جیاوازیان هەیە، لە کاتێکدا لەلایەنەکانی دەسەڵات بەتایبەتی هەندێ لە شیعەکان بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ تورکیا لە هەندێ بواردا لەیەك نزیکن، وەك مەسەلەی شاری کەرکوك، هەروەها ئارەزوویانە دۆسیەی چەکدارەکانی پەکەکە ببەسترێتەوە بە چەکدارەکانی موجاهدینی خەلق بۆ ئەوەی هەردوولا لە عێراق وەدەرنێن، بەڵام بەشێوەیەکی زارەکی بە روونی

(١) حسن رحمان پناه، احتمال حمله ارتش ترکیه به کردستان عراق، دلایل و راه کارها، منبع: سایت com. باشگاەاندیشه.www، 28/8/2008.

(٢) نفیسه کوهنورد، آتش زیر خاکستر، منبع روزنامه ایران: سایتcom. باشگاەاندیشه.www، 27/8/2008.

هاوهەڵوێستی خۆیان راناگەیەنن[١]، بەگشتی تورکیا لە عێراق چەندین ئامانج و بەرژەوەندی جیاوازی هەیە، کە رێگەگرتن لە حاکمیەتی کوردەکان بەسەر کەرکوك یەکێك لە گرینگترینی ئەو ئامانجانە ئەژمار دەکرێت، کە محوەری سەرەکی ئەو ئامانج و بەرژەوەندیانە بریتین لە:

١) دژایەتی لەگەڵ لێکهەڵوەشانەوەی عێراق و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیی کورد لە باکوری عێراق.

٢) دژایەتی لەگەڵ داخوازی کوردەکانی عێراق لەسەر گەڕانەوەی شاری کەرکوك بۆ چوارچێوەی هەرێمی کوردستانی عێراق.

٣) هەوڵی بەرفراوان بۆ وەرگرتنی گەرەنتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەردوو حیزبی سەرەکی کوردستانی عێراق (PUK) و (PDK) لەبارەی لێکهەڵنەوەشانەوەی عێراق.

٤) هەوڵدان بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی پێگەی تورکمانەکان لە کوردستانی عێراق و دەوڵەتی ناوەندی و بەرگری لە ناسنامەی کلتووری و مێژوویی تورکمانەکان لە عێراق.

٥) رێگەگرتن لە چالاکی گرووپە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا لە کوردستانی عێراق ( وەکو PKK ).

٦) هەوڵ و کۆشش بۆ وەدەستهێنانی هاوکاری هاوبەشی ئێران و سوریا دژی کوردەکانی کوردستانی عێراق ( بۆ رێگەگرتن لە دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی ).

٧) هاوکاری مەرجدار لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە مەسەلەی عێراقدا بەمەبەستی گەڕاندنەوەی رۆڵ و پێگەی تورکیا لە هاوکێشەکانی ستراتیژی ناوچەکە.

(١) ابراهیم سعید، (تورکیا و پەکەکە لە هاوکێشە سیاسییەکانی ئێستای عێراقدا)، گۆڤاری دۆسیەی تورکیا، سلێمانی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، ژمارە ٢، ئەیلولی ٢٠٠٥، ل ١٣.



٨) رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کلتوور و شارستانیەتی کوردی لە کوردستانی عێراق و باشوری رۆژهەڵاتی تورکیا (کوردستانی تورکیا).

٩) دەست پێ راگەیشتنی بەردەوام بە داهاتەکانی هەناردنی نەوتی عێراق لە رێگای بۆڕیە نەوتەکانی کەرکوك بۆ دەریای میدیترانا.

١٠) سوود وەرگرتن لە هەڵکەوتەی جوگرافیای تورکیا وەکو فیلتەری هەناسە هەڵکێشانی عێراق، لە هێنانە ژوورەوە و هەناردەکردنی کاڵا بۆ دەرەوە و ناوەوەی عێراق.[١]

هەرچەندە دەبێت ئاماژە بە فاکتەری ئاو لە پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و تورکیادا بکەین، کە جێگەی ناکۆکی و بارگرژی بووە لە نێوان تورکیا و عێراقدا، هەمیشە کاتێك تورکیا هەوڵیداوە ئاو وەکو کارتێکی گوشار لە بەرامبەر عێراقدا بەکاربهێنێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی، چونکە هەروەکو دەزانین عێراق لە رووی سەرچاوەی ئاوەوە پشت بە دوو رووباری دیجلە و فورات دەبەستێت کە لەم چەند ساڵەی دواییدا بەهۆی دروستکردنی چەندین بەنداو لەسەر سەرچاوەکانی ئاوی دیجلە و فورات بەتایبەتی ئاوی رووباری فورات روو لە وشك بوونە (بەهۆی کەوتنەکاری پرۆژەی گاپ)، کە ئەم لاوازییەی عێراق لە رووی ئاو و پشت بەستنی عێراق بەم دوو رووبارەوە وای کردووە کە حکومەتی عێراق ملکەچی داخوازی و سیاسەتەکانی دەوڵەتی تورکیا بێت، کە ئەمەش وا دەکات لەهەر تەنگەژەیەکدا حکومەتی عێراق نەتوانێت بەرپەرچی هەڕەشەکانی تورکیا بۆ سەر خاکی عێراق بە پاساوی جۆراو جۆر بداتەوە، کە ئەمەش کار دەکاتە سەر پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی بەغدا کە ئەمەش پێگەی تورکیا لە هاوکێشە سیاسییەکانی عێراقدا بەهێز دەکات و پێگەی هەرێمی کوردستانیش لاواز دەکات.

(١) مراد ویسی، پرونده کرکوك، بنیادی ترین اختلاف عراقی ها در سال ٢٠٠٨، منبع: سایت www.باشگاه‌اندیشه.com، 26/8/2008.



PDF 4 KURD

**٤-٤-٣- بوونی پەکەکە لە کوردستانی عێراق:**

بوونی پەکەکە لە کوردستانی عێراق و جەختکردنەوەی بەرپرسانی تورکیا لەسەر ئەوە کە پەکەکە دەستی هەبووە لە زنجیرەیەك کاری کوشتن و تەقینەوە و سەر لە نوێ زەقبوونەوەی جموجۆڵەکانی پەکەکە لە کاتێکدا عێراقی دوای سەدام حسێن لە دۆخی وەرچەرخان دایە، هەرێمی کوردستانی عێراقیش رووخسارێکی شەرعیانەتر بەخۆیەوە دەبینێت، بۆیە ئەنقەرە دیسان دەیەوێت بوونی ئەو چەکدارانە بکاتە کارتێك بۆ هەڕەشە کردن و دەستێوەردان لە کاروباری عێراق بە گشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، "رەجەب تەیب ئەردۆگان" سەرۆك وەزیری تورکیا بە ئاشکرا ئەوەی راگەیاند گەر پێویست بکات ئەنقەرە ناچار دەبێت بچێتە ناو خاکی عێراقەوە بۆ لەناوبردنی چەکدارانی پەکەکە(١)، مەسەلەی لەناوبردنی پەکەکە یەکێکە لەو مەسەلە پڕ بایەخانەی کە ئەولەویەتی لای ئەردۆگان هەیە بەتایبەت دوای ئەوەی کە ئۆپوزسیۆنی تورکیا، کردبووی بە خاڵی لاوازی حکومەتی پارتی داد و گەشەپێدان لە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردندا زۆر جەختیان لێ دەکردەوە، هەر لەو بارەیەوە "ئەگمەن باغش" پەرلەمانتاری پارتی داد و گەشەپێدان لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ رۆژنامەی (گاردیەن)ی بەریتانی ئاشکرای کرد کە تورکیا ئامادەیە بکەوێتەوە باشوری کوردستان بەبێ مۆڵەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چونکە ناچارە و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش تا ئێستا هاوکاری جدی تورکیای لەو بارەیەوە نەکردووە(٢)، دەوڵەتی تورکیا هەندێك مەرجی بۆ نەهاتنە ناو خاکی عێراق راگەیاند وەکو تەسلیم کردنەوەی هەندێ رێبەرانی پەکەکە بە ئەنقەرەو داخستنی نوسینگەکانی ئەم حیزبە لە کوردستانی عێراق، تەحویل دانی هەندێك لە کەسایەتییەکانی پایە بەرزی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بە پاڵپشتی دارایی و چەك و تەقەمەنی بۆ

(١) ابراهیم سعید، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠.

(٢) ئارام علی عەزیز، پارتی داد و گەشەپێدان و مەسەلەی سەرۆك کۆمار، گۆڤاری دۆسێی تورکیا، سلێمانی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، ژمارە ٦، ئابی ٢٠٠٧، ل ١٠.



پەکەکە تۆمەتبار کراون، راگرتنی چالاکی هەندێك لە کۆمپانیاکان لە کوردستانی عێراق کە پاڵپشتی پەکەکە دەکەن، بلۆك کردنی سەرچاوە داراییەکانیان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەوروپا، هەروەها لێکۆڵینەوە لەبارەی چۆنیەتی دەست کەوتنی چەکی ئەمریکی لەلایەن پەکەکەوە، تورکیا ئەو مەرجانەی پێش هێرش کردنە سەر کوردستانی عێراق راگەیاند، ئەگەر بە هەڵوێستەکانی لایەنە جیاجیاکان لەم بارەیەوە دابچینەوە، ئەم هەڵوێستانە بریتین لە:

**١. هەڵوێستی سوپا:**

سوپا بەشێوەیەکی سوننەتی لایەنگری سیاسەتی مستی ئاسنی لە بەرامبەر پەکەکە و کوردەکانە، ژەنەراڵ "بیوکانێت" فەرماندەی سوپا لە لایەنگرانی هێرشە بۆ سەر هەرێمی کوردستانی عێراق.

**٢. هەڵوێستی پەرلەمان و دەوڵەتی تورکیا:**

پەرلەمانی تورکیا پێشنیاری دەوڵەتی بۆ دەرکردنی رێگەپێدانی هێرش بۆ کوردستانی عێراق بۆ راوەدونانی پەکەکە راگەیاند و بە لەبەر چاوگرتنی فەزای حاکم لەسەر پەرلەمان و کابینە یەك دەنگبوونی دەوڵەتی تورکیا و پەرلەمان مسۆگەر بوو.

**٣. هەڵوێستی کوردستانی عێراق:**

تورکیا کوردەکانی عێراق تۆمەتبار دەکات بەدانی چەك و تەقەمەنی بە پەکەکە، هەروەها چاوپۆشی لە چالاکیەکانی پەکەکە لە خاکی عێراق بۆ هێرش کردنە سەر تورکیا بەڵام لە بەرامبەردا حکومەتی هەرێمی کوردستان جەخت دەکاتەوە سەر پێش گرتن لە چالاکییەکانی پەکەکە لە خاکی کوردستانی عێراق و لە سنوورەکانی عێراق و تورکیا و رێگەگرتن لە بەکارهێنانی کوردستانی عێراق بۆ ئەنجامدانی عەمەلیاتی نیزامی لەناو خاکی تورکیا، هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان داواکاری هەڵگرتنی رێگەچارەی نیزامی لە بەرامبەر پەکەکەیە و رایانگەیاندووە

ڕێگە نادەن بە هیچ شێوەیەك توركیا بە بیانووی پەكەكە هێرش بكاتە سەر كوردستانی عێراق.[1] بەگشتی لە پاش ساڵی ٢٠٠٣وە پەكەكە ئیمكانیاتێكی زۆری بەدەستهێنا و خەباتی چەكداری خۆی كە لە دوای گرتنی "عبدالله اوجلان" هەڵپەساردبوو دووبارە دەستی دایەوە چالاكی و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ سوپای توركیا دەستپێكردەوە، كە ئەوەش وا دەكات كە جارێكی تر توركیا بیانووی پەكەكە بۆ دەستێوەردان لە كوردستانی عێراق و هێرشی نیزامی كە توركیا تەنیا لە دەیەی ٩٠ بە یاسای ڕاوەدونانی فەوری كە چەمكێكی یاسای نێودەوڵەتییە كە بە هێزەكانی ئاسایشی دەوڵەتێك ئیجازە دەدات بۆ ڕاوەدونانی تاوانباران لە سنوورەكانی دەوڵەتێك بپەڕێتەوە، ٢١ جار سنووری عێراقی بەزاند[2] دووبارە سەر لە نوێ ئەو كارتە دژ بە كورد بەكاربێنێتەوە. پرۆفیسۆر هنری جەی باركی شرۆڤەكار و چاودێری توركیا لە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە لێدوانێكدا بۆ گۆڤاری گوڵان، لە وەڵامی ئەو پرسیارەی كە بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتووەكان ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بەرپرسە لە سەقامگیری عێراق، و هێرش و سنووربەزاندنی سەربازی توركیا دەبێتە هۆی شڵەژانی سەقامگیری هەرێمی كوردستان، دەڵێت: ((لێرەدا دوو لێكدانەوە هەیە بۆ یاسای نێودەوڵەتی، لەبەر ئەوەش ئەوەی ئێوە دەیڵێن شتێكی ڕاست و دروستە، لەلایەكی دیكەشەوە توركیا پێیوایە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی مافی بەرگری لەخۆكردنی هەیە، لەبەر ئەوەی پەكەكە لە باكوری عێراقدا

(١) خبر نامه داخلی جبهه مشارکت ایران اسلامی، بحران در روابط ترکیه و عراق بر سر PKK، 8 ئابان ماه ١٣٨٦، خبر نامه داخلی جبهه مشارکت ایران اسلامی، شماره ٩٥، منبع: سایت www.باشگاه‌اندیشه.com، 28/8/2008.

(٢) سوتر کاگاپاتای، بازگشت پ.ك.ك، حضور مجدد نیروهای ترکیه در شمال عراق، مترجم: کیانوش کیاکجوری، منبع: سایت –باشگاه اندیشه- به نقل از موسسه واشنگتن، . www.باشگاه‌اندیشه.com، 28/8/2008.



نەبوایە توركیا مافی ئەوەی نەدەبوو هێرش بكات و سنوور ببەزێنێت)).[1] لەلایەكی ترەوە لە ساڵی ١٩٨٤ تا ئەمڕۆكە ئەم شەڕ و ململانێیەی نێوان توركیا و پەكەكەدا توركیا زیاتر لە یەك تریلیۆن دۆلاری زیان پێگەیشتووە، كە بە بەراورد لەگەڵ پرۆژەی گاپ كە تەنیا (٣٢) ملیار دۆلاری تێچووە، ژمارەیەكی سەرسوڕهێنەرە.[2]

بەگشتی دەتوانین بڵێین دەسەڵاتدارانی ئەنقەرە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا زۆر بەباشی توانیویانە سوود لە مەسەلەی پەكەكە وەربگرن بۆ ئەو سیاسەتە تایبەتانەی كە بە نسبەت هەرێمی كوردستانەوە هەیانە، هەروەها توانیویانە بڵێن كە هەبوونی پەكەكە لە هەرێمی كوردستان سەرچاوەی زۆرێك لە گرفتە ئەمنییەكانی ئەو وڵاتەیە بەتایبەت لە ناوچە كوردنشینەكان، جگە لەوەی كە خودی مەسەلەی هەبوونی پەكەكە لە هەرێمی كوردستان بیانوویەكی باش دەداتە دەستی توركیاوە بۆ گوشار خستنەسەر هەرێمی كوردستان، چونكە هێرشەكانی پەكەكە لە خاكی هەرێمی كوردستانی عێراقەوە وا دەكات كە توركیا هەرێمی كوردستان بەوە تۆمەتبار بكات كە داڵدەی پەكەكە دەدات و چاوپۆشی لە كار و چالاكییەكانی ئەو ڕێكخراوە دەكات لە دژی توركیا، بەو جۆرەش پەیوەندییەكانی توركیا و هەرێمی كوردستان بەرەو ئاڵۆزی دەچێت، هەروەها ئەم هێرشانەی پەكەكە وای كرد كە پەرلەمانی توركیا پێشنیاری پێدانی مۆڵەتی لەشكركێشی كردنی سوپای بۆ سەر خاكی هەرێمی كوردستان بۆ لەناوبردنی پەكەكە پەسەندكرد، بەوەش سوپای ئەو وڵاتە دەستیكرد بە بەزاندنی سنوورە زەمینی و ئاسمانییەكانی هەرێمی كوردستان، لەلایەكی تریشەوە حكومەتی ناوەندی عێراقیش كە خوازیاری ئەوە بوو بە كوردەكان نیشانبدات كە پێویستە كورد ملكەچی بەغدا بێت و ئەگینا ناتوانێت خۆی بپارێزێت، كە پەرلەمانی توركیاش لە ٢٠٠٨/١٠/١٧دا مۆڵەتی یەك ساڵەی ئەو

(١) هنری جەی باركی، پرسی كورد لە توركیا زۆر لە پەكەكە گەورەترە، گۆڤاری گوڵان، ژمارە ٦٧٣، ٢٥ی شوباتی ٢٠٠٨، ل ٢٥.

(٢) حسن أحمد مستەفا، توركیا .. تونێڵە گەرمەكانی سیاسەت، هەولێر: چاپخانەی منارە، ٢٠٠٨، ل ٩٤.

لەشكركێشیەی بۆ ٢٠٠٩/١٠/١٧ درێژكردەوە، كە ئەمەش بە زیانی حكومەتی هەرێمی كوردستانە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی كە هەرێمی كوردستان سەبارەت بە مەسەلەی گرێبەستە نەوتییەكان و چەندین یاسا و بابەتی تر ناكۆكی هەیە لەگەڵ حكومەتی عێراقدا، كە ئەمەش وا دەكات كە لە كاتی هەر ناكۆكییەك لە نێوان توركیا و هەرێمی كوردستاندا بەهۆی كردەوەكانی پەكەكەوە پێگەی هەرێمی كوردستان لە بەرامبەر بەغداوە لاواز ببێت، چونكە پەكەكە خوازیاری ئەوەیە كە ناكۆكی نێوان توركیا و هەرێمی كوردستان زیاتر پەرەبسێنێت، بەو جۆرەش مەیدانی نفوزی سیاسی و سەربازی خۆی فراوان بكاتەوە و رێ لە ئەگەری هاوكاری توركیا و هەرێمی كوردستان بگرێت لە دژی پەكەكە، ئەوەی كە جێگای سەرنجە كە هەر كاتێك كە باس لە پەرەپێدانی پەیوەندییەكانی نێوان توركیا و حكومەتی هەرێمی كورستان دەكرێت، پەكەكە چالاكییەكی سەربازی لە دژی توركیا ئەنجامدەدات.[١]

### ٤-٤-٤- فاكتەری ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و ئەوروپا:

هاوپەیمانی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و توركیا لەسەردەمی شەڕی سارددا زۆر بەهێز بوو، توركیا وەكو ئەندامێكی ناتۆ لە ریزی پێشەوەی بەرەی شەڕی یەكێتی سۆڤیەتی جاران بوو، بەڵام دوای كۆتایی هاتنی شەڕی سارد توركیا وردە وردە گرنگییەكەی خۆی بۆ واشنتۆن لە دەستدا، دوای ئەوەی توركیا لە ١ی مارتی ٢٠٠٣دا رێگەی نەدا بە سوپای ئەمریكا لە رێگەی خاكی توركیاوە بەرەی باكور بۆ جەنگی ئازادی عێراق بكاتەوە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا كەوتە هەوڵدانێك بۆ بەهێزكردنەوەی پەیوەندییەكانی لەگەڵ توركیا، لە دەست چوونی توركیا وەكو هاوپەیمانێكی ئەمنی، ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا ناچار دەكات چاو بە

(١) دیجلە ماردین، هۆكار و ئەنجامەكانی دوو كردەوەی پەكەكە لە ماوەی یەك ساڵی رابردوودا، گۆڤاری دۆسێی توركیا، سلێمانی: سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیژی كوردستان، ژمارە ٩، كانونی یەكەمی ٢٠٠٨، ل ١٦.



ستراتیژییەكەی لە ناوچەكەدا بخشێنێتەوە، لەوە دەچێت توركیا وەكو جاران گرینگ نەبێت بۆ ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بەڵام ئەم وڵاتە سەبارەت بە رێگرتن لە پەرەسەندنی ئیسلامی رادیكاڵ لە كەنارەكانی دەریای رەش و دەریاچەی خەزەر و پاراستنی ئەمنی وزە خاوەن گرینگی تایبەت بەخۆیەتی[١]، ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا پارتی داد و گەشەپێدان وەك نموونەیەكی نوێ بۆ ئیسلامی سیاسی و وەكو كەناڵێك چاولێ دەكات، لەم ئاستەشدا دەبینین كە پێشوازی لە سەرۆكی پارتە ئیسلامییەكە دەكات و دوای ئەوەی كە لە كۆشكی سپی جۆرج بۆش و ئەردۆگان چاویان بەیەكتر كەوت، توركیا بە گلۆپی كەسكی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا هێرشی هەوایی سەر قەندیلی دەستپێكرد، ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە لێدوانی "دانفرید" جێگری وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە كۆمیتەی كاروباری دەرەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە پاڵپشتی كردن لە توركیا وتارێكی پێشكەشكرد وتی: "پێویستە ئەرمەنستان بەشێوەیەكی ئیجابیانە خۆی نزیكی توركیا بكات"[٢]، هەندێك لە چاودێران پێیان وایە كە كوردستانی عێراق باجی ململانێی و ساردبوونەوەی پەیوەندییەكانی توركیا و ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لەسەر مەسەلەی كوشتاری ئەرمەنییەكان (جینۆسایدی ئەرمەنییەكان) دەداتەوە، ئاماژەش بەوە دەكەن كە دەوڵەتی توركیا رۆژێك دوای ئەوەی كە ئەنجوومەنی نوێنەرانی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بڕیارنامەی جینۆسایدی ئەرمەنی تصویب كرد، دەستی دایە پڕوپاگەندەی هێرش كردنە سەر كوردستانی عێراق، توركیا لەلایەك نیگەرانی پەیوەندییەكانی خۆی لەگەڵ ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و یەكێتی ئەوروپایە و لەلایەكیش بەرژەوەندییە نەتەوەییەكانی

(١) جۆناثان ئەریك لویس، توركیا وەكو هاوپەیمانێكی ستراتیژی، گۆڤاری دۆسێی توركیا، وەرگێرانی: سەفین احمد، سلێمانی: سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیژی كوردستان، ژمارە ٦، ئابی ٢٠٠٧، ل٦٩.

(٢) حسن احمد مستەفا، داهاتووی توركیا و چوار ئەگەرەكەی، سەرچاوە: سایتی رێنیسانس www.rinesans.com، 26/8/2008.

دەیەوێت بیپارێزێت(١)، لەلایەکیش هەندێك شارەزا پێیان وایە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ گوشار خستنە سەر کوردەکانی عێراق کارتی تورکیا بۆ هێرش کردنە سەر کوردستانی عێراق بەکاردەهێنێت و ئاماژە دەکەن بە ساڵی ٢٠٠٣ کاتێك کە کوردەکان لەگەڵ هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چوونە ناو شاری کەرکوك، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گوشاری خستەسەر کوردەکان کە بەهۆی نیگەرانییەکانی تورکیا لەو شارە پاشەکشە بکەن، تەنانەت "کۆلین پاوەڵ" وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئیجازەی دا بە تورکیا تا بۆ مەبەستی چاودێری لەسەر چوونە دەرەوەی هێزەکانی کورد لە کەرکوك چاودێرانی نیزامی خۆی بنێرێتە کەرکوك، هەرچەندە کە هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٣ (١١) نەفەر لە هێزەکانی تایبەتی تورکیایان لە شاری کەرکوك قۆڵبەست کرد کە بە ئامانجی تیرۆرکردنی پارێزگاری کەرکوك و شڵەژاندنی بارودۆخی کەرکوك هاتبوونە ئەو ناوچەیە(٢)، هەرچەندە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەبەر پێگەی خۆی لە ناوچەکە و بارودۆخی تایبەتی عێراق گوشاری خستۆتەسەر تورکیا تاوەکو چالاکییەکانی لە دژی پەکەکە سنووردار بکات و رێز لە سەروەری عێراق بگرێت، لەلایەکی تریشەوە چالاکییەکانی پەکەکە لە رێگای سنوورەکانی عێراقەوە مەحکوم دەکات و نایەوێت رووداوی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان بە بیانووی کوشتنی چەند سەربازێکی ئیسرائیلی لەلایەن تورکیاوە دووبارە ببێتەوە(٣)، لەلایەکیش چالاکییەکانی تورکیا دژی بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە

(١) ارزو دیلمقانی، عراق تاون تیرگی روابط ترکیه و آمریکا را می پردازد، منبع: سایت www.باشگاه‌اندیشه.com، 28/8/2008.

(٢) آرام میرا، راهبرد آمریکایی برای کردستان، مترجم مهدی کاظمي، منبع: سایت –باشگاه اندیشه- به نقل از فصلنامه رفعت، سال پازدهم، شماره ٤، دسامبر ٢٠٠٧.

(٣) استیفن زونس، نگاهی به سیاست آمریکا در مناطق کردنشین خاورمیانه، مترجم مهدی کاظمي، منبع: سایت – باشگاه اندیشه – به نقل از Foreign policy in focus، اکتبر ٢٠٠٧. (استاد علوم سیاسی در دانشگاه سانفرانسیسکو ایالات متحده آمریکا).



یەکگرتووەکانی ئەمریکایە واتە مەترسییەکە بۆ سەر ستراتیژی و بەرژەوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە، هەروەها تورکیا کە چەندین ساڵە مەبەستی چوونە ناو یەکێتی ئەوروپای هەیە، لەلایەن ئەوروپاوە بەهۆی سێ بابەتی سەرەکییەوە لە ژێر گوشاردایە:

١) بە فەرمی نەناسینی قوبرس وەکو ئەندامێکی یەکێتی ئەوروپا.
٢) مل نەنان بۆ قبووڵکردنی کوشتاری ئەرمەنییەکان لەلایەن تورکیاوە.
٣) پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ بە تایبەتی پێشێلکردنی مافە سەرەتاییەکانی کوردەکان و سەرکوت و چەوساندنەوەیان.(١) ئاگادارکردنەوەی تورکیا لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە تاکە هۆکاری دان بە خۆداگرتنی تورکیایە بەرامبەر بە هەرێمی کوردستانی عێراق و پەکەکە، چونکە تورکیا سوورە لەسەر ئەوەی ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، وێڕای سەرکێشی کردنی پەکەکە و کێشە نانەوەیان بۆ تورکیا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا داوا لە تورکیا دەکات خۆی لە دەستێوەردانی عێراق دوور بگرێت، تا ئێستاش کە تورکیا ملکەچی بڕیارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە لەبەر ئەوەیە ئومێدی ئەوەی هەیە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خۆی مامەڵە لەگەڵ کێشەی پەکەکەدا بکات، بەڵام شکست هێنانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە چارەسەرکردنی کێشەی پەکەکە بووە هۆی سەرهەڵدانی هەستی دژایەتی کردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە تورکیا و یەکێك بوو لە هۆکارە سەرەکییەکانی ساردبوونەوەی پەیوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتە، دوای ئەوەی پەکەکە لە مانگی تەمموزی ٢٠٠٧دا پانزە سەربازی تورکیای کوشت، "رەجەب تەیب ئەردۆگان" لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای راگەیاند ناتوانێت رێگە

(١) شاهو حسینی، کرکوك، تقابل استراتژیك آمریکا و ترکیه، منبع: سایت ئینتەرنێتی رۆژەف، ٢٠٠٨/٨/٢٧.

لە ژەنەراڵە توندڕەوەکانی تورکیا بگرێت و هێرش نەکاتە سەر هەرێمی کوردستان[١]، لەلایەکی دیکەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بارەی خۆیەوە دوو سەرنجی گرینگی هەیە لە بارەی هەلومەرجە ناوەخۆییەکانی تورکیا، یەکەم لە بارەی کوردەوە، و دووەمیان لەبارەی تۆماری مافی مرۆڤەوە، لەو مەسەلەیدا واشنتۆن هاوهەڵوێستە لەگەڵ ئەوروپییەکان بەڵام جیاوازییەکیان ئەوەیە کە ئەوروپا دەزگای سوپا بە بەرپرسی یەکەمی ئەم حاڵە خراپە دەزانێت، داوای کەمکردنەوەی دەسەڵاتی دەکات، بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئەوەی داوای چاککردنەوەی وەزعەکە دەکات هێشتان پێی باش نییە لە هەلومەرجی ئەمڕۆی جیهان و ناوچەکەدا، هەروەها لەبەر تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی تورك دەزگای سوپا لە دەسەڵاتی کەمبکرێتەوە و پێی چاکە دەستکاری و چاکسازییەکان زۆرتر لە بواری سیاسی و یاسایی و ئابووری و رۆشنبیریدا بکرێن[٢]، بەڵام هەندێ لە شارەزایانی بواری پەیوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و تورکیا پێیان وایە چرای سەوزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ هێرشی تورکیا دەرەنجامی گوشارەکانی ئیسرائیل و لۆبییە یەهودییەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەر سیاسەتمەدارانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، کە پەیوەندییەکی دۆستانەیان لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا هەیە، بەڵام تورکیاش ئەوە دەزانێت کە نابێت تاڕاددەیەك توندڕەوی بکات کە بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە بکەوێتە مەترسییەوە، چونکە تورکیا لەلایەك دەیەوێت مەرجەکانی چوونە ناو یەکێتی ئەوروپا جێبەجێ بکات و لەلایەکیش پێگەی رابردووی خۆی وەکو هاوپەیمانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە بگەڕێنێتەوە، جا ئەوەش

(١) رۆژگار عەلی (وەرگێڕ)، ئەمریکا لە نێوان تورك و کورددا، سەرچاوە: سایتی www.economist.com، گۆڤاری دۆسێی تورکیا، سلێمانی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، ژمارە ٥، ئازاری ٢٠٠٧، ل ٦٢.

(٢) سامی شۆڕش، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٨.



دەتوانێت لە رێگەی گوشاری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بۆ سەر یەکێتی ئەوروپا بێت، و لەلایەکیش دەیەوێت بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی خۆی بپارێزێت، چونکە ئەزموونی کوردستانی عێراق بە مەترسییەك بۆ سەر بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆی دەزانێت.[١] پرۆفیسۆر "ئەندریۆ لیرا پۆلس" ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی وێلش لە بەریتانیا لە دیمانەیەکدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان لە ٥ی ئایاری ٢٠٠٨ دەڵێت: ((گۆڕانکارییەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا جێبەجێ کردنی مەرجەکانی ئەوروپایە)).[٢] بۆیە دەبینین ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەوروپا دەوری کاریگەریان هەیە لە هەڵوێستەکانی حکومەتی ئەنقەرە، بەرامبەر بە پرسی هەرێمی کوردستانی عێراق.

### ٤-٤-٥- فاکتەری ئابووری:

فاکتەری ئابووری یەکێکە لەو خاڵانەی کە لەسەر سیاسەتی تورکیا بەرامبەر بە عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستانی عێراق بەتایبەت کاریگەری هەیە، کە تورکیا هەموو کاتێك وەکو کارتێکی گوشار بەکاریهێناوە، تورکیا لە دوای سوریا گەورەترین هاوبەشی بازرگانی عێراقە و بە رێژەی ٢,٥ ملیار دۆلار هەناردە بۆ عێراق رۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە دابینکرنی پێداویستییەکانی عێراق، ئابوری کوردستانیش بە رێژەیەکی بەرچاو وابەستەی پەیوەندییە بازرگانی و ئابورییەکانە لەگەڵ تورکیا، چالاکییەکانی پەکەکە و تحریك بوونی هەستی ناسیۆنالیستی تورکی لە تورکیا و خۆپێشاندانەکانی شارەکانی تورکیا دژی پەکەکە گوشارێکی سیاسی قورسی لەسەر ئەنقەرە دروستکردووە،

(١) انیس پور خسروانی، ترکیه و گرداب دگرگونی های عراق، منبع: ماه نامه- اطلاعات سیاسی اقتصادی، ١٣٨٧، شماره ٢٤٧ – ٢٤٨، فروردین و اردیبهشت، منبع: سایتی www.باشگاهاندیشه.com، 28/8/2008.

(٢) ئەندریۆ لیرا پۆلس، هەنگاوەکانی نێچیروان بارزانی بەستەڵەکی نێوان هەولێر و ئەنقەرەی تواندەوە، گۆڤاری گوڵان، ژمارە ٦٨٢، ٥ی ئایاری ٢٠٠٨، ل ٢٨.

تەنانەت کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتی تورکیا ئامادەبوونی خۆیان بۆ دانانی ئابلۆقەی ئابووری لەسەر کوردستانی عێراق راگەیاندووە، بەڵگەی تری ئەوەی کە حکومەتی ئەنقەرە تەرکیز دەکاتە سەر گوشار و ئابلۆقەی ئابووری بۆ سەر هەرێمی کوردستانی عێراق ئەوەیە کە کوردەکان جیا لەوەی کە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا کێشەیان هەیە، بەڵام بۆ زۆربەی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە، گرێبەستیان لەگەڵ کۆمپانیاکانی تورکیا هەیە[1]، لەلایەکی تریشەوە تورکیا جاروبار مەسەلەی دەروازەی سنووری خاپور و رێگای هاوردە و هەناردە بۆ کوردستان و عێراق دەکەنە کارتی گوشار بۆ سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ نموونە دوای لێدوانەکەی "جەلال تالەبانی" سەرۆك کۆماری عێراق لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەبارەت بە دەستێوەردانی تورکیا لە کاروباری ناوەخۆی عێراق، "عبدالله گول" سەرۆك کۆماری ئێستا و وەزیری دەرەوەی پێشووی تورکیا لە لێدوانێکدا رایگەیاند ((تورکیا دەتوانێت لە ماوەی چەند رۆژدا ژیانی هەرێمی کوردستان فەلەج بکات))[2] ، تورکیا لە حاڵی حازردا پەیوەندییەکی دوو لایەنەی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەیە و زیاتر بەشێوەیەکی پراگماتیکانە رەفتاری کردووە، سەرەرای ئەوەی کە لە رووی سیاسییەوە دان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دانانێت و هەوڵی لاوازکردنی دەدات، بەڵام لەلایەکی تردا پەیوەندییەکی باشی ئابووری و بازرگانیشی لەگەڵدا هەیە و بەسەدان کۆمپانیای گەورە و بچووکی تورکیا لە کوردستان کاردەکەن، بەشێك لەو کۆمپانیایانە هی کەسانێکن کە نزیکن لە ناوەندەکانی بریار لە تورکیا، وەکو هێزی ئابووری ئەو وڵاتە کاریگەریان هەیە لەسەر سیاسەتەکانی ئەنقەرە[3]، رۆژنامەی "تورکیش دەیلی نیوز" لە ساڵی ٢٠٠٧ ئامارێکی بڵاوکردۆتەوە لەبارەی کۆمپانیاکانی

(١) انیس پور خسروانی، همان منبع، ص ٣.

(٢) زریان رۆژهەلاتی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧.

(٣) زریان رۆژهەلاتی، رۆڵی فاکتەری وزە لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری دۆسیی تورکیا ، سلێمانی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، ژمارە ٦، ئابی ٢٠٠٧، ل ٣٢.



تورکیا لە کوردستانی عێراق دەڵێت: ((بەهۆی ئەو پەیوەندییە ئابوورییەی کە دروستبووە، ئێستا ٣٦٠ کۆمپانیای تورکی لە هەولێری پایتەخت کاردەکەن، هەروەها ٢٢٥ی دیکە لە سلێمانی و ٩٧ لە دهۆك و ٤٥ لە زاخۆ و ٦ لە ئاکرێ خەریکی کار و چالاکین))، "تورکیش دەیلی نیوز" بەهای ئەو گرێبەستانە لە بواری بیناسازی لەلایەن کۆمپانیا تورکییەکانەوە کە لە کوردستانی عێراق جێبەجێ کراون بە دوو بلیۆن دۆلاری ئەمریکی مەزەندە دەکات.[1]

هەروەها تورکیا وڵاتێکی کەم وزەیە و سەرچاوەکانی نەوت و غازی سروشتی ئەم وڵاتە بەشی مەسرەفە ناوخۆییەکەشی ناکات، بەڵام لە هەرێمی کوردستانی عێراق بەپێی رای پسپۆران رێژەیەکی زۆر لە پەترۆڵ و مەیدانێکی گەورەی غازی سروشتی بوونی هەیە کە بە مەرجی هەبوونی پەیوەندییەکی سیاسی و ئابووری پتەو لە نێوان هەرێمی کوردستانی عێراق و حکومەتی ئەنقەرە، تورکیا دەتوانێت هەم پێداویستییە ناوخۆییەکانی پێ دابینبکات هەم بە مەبەستی سوودی ئابووری و بازرگانی پێ کردن بە وزە کەڵك لە سەرچاوەکانی بگرێت، لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا کە (٤٥) ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگ و زیاتر لە (١٠٠) تریلیۆن مەتری سێ جا غازی سروشتی هەیە، کە تەنیا نەوتی یەدەگی تەق تەق کە یەك ملیار بەرمیلە سێ قاتی سەرجەم بەرهەمی نەوتی تورکیایە کە (٢٧٠) ملیۆن بەرمیلە، کە ئەگەر پەیوەندییەکی سیاسی باش لە نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دروستببێت تورکیا دەتوانێت سوود لە سەرچاوەکانی نەوت و غازی سروشتی کوردستان وەربگرێت، کە هەم لە رووی ئابووری و هەم لە رووی سیاسییەوە بە سوودی تورکیایە، بۆ نموونە لە رووی ئابوورییەوە سەرچاوە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان دەتوانێت پێداویستییە ناوخۆییەکانی تورکیا لە رووی نەوت و غازی سروشتییەوە دابینبکات، بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە مەسافەیەکی زۆر کەم لە نێوان ئەو سەرچاوانە و تورکیادا هەیە کە ئەمە وا دەکات کە دابینکردنی

(1) Turkish Daily News, Turks are reconstructing Northern Iraq – 1, Serpil Yilmaz. April 12, 2007.



PDF 4 KURD

پێداویستییەکانی تورکیا لە رووی نەوت و غازەوە لە کوردستان خەرجی کەمتری تێبچێت، ئەگەر تورکیا لە جیاتی رووسیا یان ئێران یاخود ئازەربایجان نەوت و غازەکەی خۆی لە رێی کوردستانەوە دابینبکات هەرزانتر لەسەری دەکەوێت، لەلایەکی تر سەرچاوەکانی کوردستان دەتوانن ببنە هۆی ئەوەی کە خەونەکانی تورکیا سەبارەت بەوەی کە ببێتە ترمینالێکی گەورەی وزە لە جیهان بێتەدی، تورکیا لە حالێ حازردا سەبارەت بە بەدیهێنانی ئەم ئامانجەی خۆی لە ستراتیژی وزەی خۆیدا زیاتر کار لەسەر تەوەری قەفقاس ـ ئاسیای ناوەڕاست دەکات و هەوڵدەدات سەرچاوەکانی ئەو ناوچانە بگەیەنێتە ئەوروپا، کە لە بەدیهاتنی ئەم ئامانجەشدا چەندین گرفتی وەکو دژایەتی رووسیا و ئێران هەروەها هەبوونی کێبڕکێ لە نێوان تورکیا و یۆنان و بولگارستان لەسەر ئەم بابەتە و درێژایی مەسافە و تێچوونی زۆر لەبەردەم ئەم وڵاتە دایە، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ئیدارەی کوردی بە مەبەستی کاریگەری دانان لەسەر سیاسەتی تورکیا بەرامبەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان خوازیاری هاتنی زیاتری کۆمپانیا تورکییەکانە بۆ کوردستان و ئاسانکارییان بۆ دەکرێت، لە بەرامبەریشدا ئەم کەرتەی گەڕان ـ بەرهەم هێنان و دروستکردنی پاڵاوگە دەتوانێت سوودێکی زۆری بۆ کۆمپانیاکانی نەوت و غازی تورکیا هەبێت، لە رووی سیاسیشەوە بەشداربوونی تورکەکان لە بەرهەم هێنان و پاڵاوتن و گەیاندنی سەرچاوەکانی نەوت و غازی سروشتی کوردستان و تەنانەت ناوچەکانی تری عێراق بەر لە هەموو شتێك قورسایی سیاسی و کارتەکانی دەستی لە پەیوەندییە دەرەکیەکاندا زیاتر دەکات کە ئەمەش وا دەکات مەیدانی نفوزی سیاسی لە ناوچەکە بەتایبەتی لە عێراق زیاد بکات، هەروەها لە رووی ململانێیە جیۆپۆلەتیکییەکان کاریگەرییەکانی حکومەتی تاران لەسەر باشوری عێراق و نفوزی وڵاتانی سوننە لە ناوچەی ناوەڕاستی عێراق شتێکی ئاشکرایە، بەڵام تورکیا مەیدانێکی نفوزی ئەوتۆی لە عێراقدا نییە و لە پەراوێزی ئەم ململانێیانەدا ماوەتەوە و مەسەلەی تورکمانەکانیش لە رووی سیاسییەوە ناتوانێت ببێتە کارتێکی بەهێز بۆ ئەو وڵاتە تا لە داهاتووی عێراقدا یان لە گۆڕانکارییە درێژخایەنەکاندا رۆڵی بەرچاوی هەبێت، بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە



پەیوەندی ئابووری و بەرژەوەندی هاوبەشی ئابووری هەردوولا کاریگەری لەسەر سیاسەتی هەردوولا بەرامبەر بە یەکتری دادەنێت، دەتوانین بڵێین کە بە مەرجی رێکەوتنی سیاسی و پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابورییەکانی هەردوولا هەرێمی کوردستان دەتوانێت ببێتە قووڵاییەکی ستراتیژی بۆ تورکیا کە دۆستایەتی کردنی رۆژئاوا و عەلمانی بوونی دەسەڵاتی سیاسی تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان دوو فاکتەری گرنگی دیکەن کە ئەو لێك نزیکبوونەوەیە قووڵتر بکەنەوە، بەم جۆرە رێکەوتنی سیاسی هەردوو کە لە ئەنجامی پەیوەندی بەهێزی ئابورییەوە سەرچاوە دەگرێت دەبێتە هۆی ئەوەی کە تورکیا رێگا لەوە بگرێت کە ئێرانی ئیسلامی ببێتە تاکە ئەکتەری بەهێز لە مەیدانی سیاسی عێراقدا و رۆژئاواش بەتایبەتی ئەمریکا پشتیوانی لەوە دەکات کە نفوزی ئێران لە ناوچەکە کەم ببێتەوە، و لەلایەکی تریشەوە تورکیا بە مەرجی رێکەوتن لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەتوانێت ببێتە ترمینالێکی گەیاندنی وزە بۆ ئەوروپا کە بەم جۆرەش قورساییە سیاسییەکەی لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە زیاتر دەبێت بە پێویستیەکی زۆری بە وزە هەیە، ئەمە تەنانەت دەتوانێت کاریگەری پۆزەتیڤ دابنێت لەسەر پرۆسەی ئەندامیەتی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپادا، هەروەها ئەم پەیوەندییە ئابورییە دەتوانێت کاریگەری لەسەر چارەسەربوونی مەسەلەی کوردیش دابنێت لە تورکیا کە ساڵانێکی زۆرە ئەم وڵاتە بە دەستییەوە دەناڵێنێت.(١)

بۆیە فاکتەری ئابووری دەورێکی کاریگەر دەبینێت هەم لە رووی گوشار خستنەسەر لایەنەکان و هەم خاوکردنەوەی گرژی و ناکۆکییەکان بۆیە پێویستە گرینگییەکی تایبەتی پێ بدرێت، کە هەر لایەنێك هەوڵدەدات بۆ بەرژەوەندی خۆی وەکو کارتێك بەکاری بهێنێت. هەرچەندە لە بەرواری ٢٠٠٩/٦/١ بە هەناردەکردنی نەوتی کوردستان بۆ دەرەوە لە رێگای تورکیاوە هەلومەرجێکی نوێ لە پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان هاتەئاراوە، کە بە بڕوای شارەزایان ئاسۆیەکی روون لە پەیوەندییەکانی نێوانیان بەدیدەکرێت.

(١) زریان رۆژهەڵاتی، سەرچاوەی پێشوو، ژمارە ٦، ل ٢٦.



PDF 4 KURD

## ئەنجام و پێشنیارەکان

لە میانی لێکۆڵینەوە و ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە سەبارەت بە تورکیا و پرسی کوردستانی عێراق گەیشتین بە کۆمەڵێك دەرەنجام کە پەیوەستن بە گۆڕانکارییەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی جیهان بەگشتی و ناوچەکە بەتایبەتی کە کاریگەرییان هەیە لەسەر بارودۆخی تورکیا و پرسی کورد لە کوردستانی عێراق، لەلایەك گۆڕانکارییەکانی سیستەمی جیهانی و کۆتایی هاتنی سیستەمی دوو جەمسەری و کاریگەری لەسەر پێگەی تورکیا وەکو بەربەستێك لە دژی شیوعیەت و یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو و هاوپەیمانی سەرەکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەندامی ناتۆ، لەلایەکی تر گۆڕانکارییە ناوەخۆییەکانی تورکیا لەسەردەمی "تورگۆت ئۆزاڵ" و کرانەوەی سیستەمی سیاسی تورکیا لەسەر پرسێکی گرینگ وەکو کورد لە تورکیا، هەروەها قەیرانی ناسنامەیی و عیلمانی و ئیسلامی و ململانێی لایەنگرانی عیلمانیەت و کەمالیزم لەگەڵ ئیسلامییەکان لە تورکیا، لەلایەکی ترەوە گۆڕانکارییەکانی عێراق بەگشتی و کوردستانی عێراق بەتایبەت و راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و بڕیاری ٦٨٨ی (UN) بۆ پاراستنی کوردەکانی عێراق، هەروەها دروستبوونی ناوچەی ئارام بۆ دووركردنەوەی مەترسی لەسەر کوردەکانی عێراق و پێشگرتن لە رووداني کارەساتە مرۆڤايەتییەکەی کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ و دواتریش پێکهێنانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و بوون بە دیفاکتۆیەك لە عێراق و ناوچەکە، بارودۆخی کورد گۆڕانی بەسەرداهات، لە دوای رووخانی رژێمی سەدام حسێن و هاتنە ناوەوەی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ خاکی عێراق و بەشداریکردنی کورد لە پرۆسەی ئازاد کردنی عێراق و رۆڵ و پێگەی کوردی بەرز کردووە، ئەوەش ئاستی نیگەرانییەکانی تورکیای زیاتر کرد، چونکە هەر پێشهەڤچوونێك لە بارودۆخی کوردەکانی عێراق و بەهێز بوونیان بە مەترسی دەزانێت بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خۆی، لەلایەکی تر ئەگەر تورکیا تاوەکو دوێنی مامەڵەی



لەگەڵ سەدام حسێن و رژێمەکەی دەکرد، لە گۆڕەپانی سیاسی ئێستادا مامەڵە لەگەڵ واقعێکی زۆر جیاواز دەکات کە کورد و حکومەتی عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یاریزانی سەرەکی سەر گۆڕەپانەکەن، کوردیش بە چەسپاندنی مافەکانی لە دەستووری عێراقدا و بەشداری لە حکومەتی بەغدا، رۆڵ و قورسایی تایبەتی هەیە لە هاوکێشە سیاسییەکاندا، لەلایەکی تر تورکیا کە گرفتی کوردی تورکیا لە رێگای ئاشتی بۆ چارەسەر نابێت و هەوڵدەدات بوونی (PKK) وەکو حیزبێکی کوردی و هەروەها پرسی ئاسایشی نەتەوەیی و کەمینەی تورکمان لە هەرێمی کوردستان وەکو کارتێك بەکاربهێنێت بۆ گوشار خستنەسەر هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی کە بە هیچ شێوەیەك بیر لە دروستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ نەکات، کە ئەم دەوڵەتە کوردییە کاردانەوەی دەبێت لەسەر داواکاری کوردەکانی تورکیا و دەبێت زوو یا درەنگ هەر مافیان پێ بدات، بۆیەش بەهەر شێوازێك بێت دژایەتی ئەزموونی کوردستانی عێراق دەکات، بۆ نموونە لە بیانووی پاراستنی تورکمانەکان کەڵك وەردەگرێت بۆ ئەوەی بە هیچ شێوەیەك ماددەی ١٤٠ کە تایبەتە بە مەسەلەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی کوردستانی عێراق و گەڕانەوەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستانی جێبەجێ نەکرێت، و لەلایەکی ترەوە بەرژەوەندییەکانی عێراق وا دەکات کە لە تورکیا نزیك ببێتەوە بۆ ئەوەی کە لە کارتی تورکیا بۆ گوشار خستنەسەر هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی کە ئاستی داواکارییە رەواکانی کەم بکاتەوە، چونکە هەم تورکیا و هەم دەوڵەتی عێراق دەزانن کە دەوڵەمەندبوونی هەرێمی کوردستان بە سەرچاوەی نەوت ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی زیاد دەکات، هەرچەندە بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دەیان جار ئەم بۆچوونەیان رەتکردۆتەوە و لەلایەکی تریش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەم کارتی کورد بەکاردێنێت بۆ ترساندنی تورکیا و هەم بە پێچەوانەوە بۆ ئەوەی کە لەو میانەدا هاوسەنگییەك رابگرێت و هەردوو لایەن رازی بکات، لەلایەکی تر تورکیا کە هەوڵی چوونە ناو یەکێتی ئەورووپا دەدات دەبێت کۆمەڵێك لە مەرجەکانی یاسایی و سیاسی و ئابووری ئەم یەکێتییە جێبەجێ بکات،

کە ئەوەش کاردانەوەی هەیە لەسەر هەڵوێستی تورکیا بەرامبەر بە کوردستانی عێراق، هەروەها هەرێمی کوردستانی عێراق بۆتە ناوەندێکی بازرگانی کۆمپانیاکانی تورکی کە قازانجێکی ماددی زۆر بە تورکیا دەگەیەنێت کە کێشەی ئابووری زۆری هەیە، لەلایەکی ترەوە تورکیا دەیەوێت لە رێگای هاوپەیمانی لەگەڵ ئیسرائیل گوشار بخاتەسەر ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا بۆ ئەوەی کە بەرژەوەندییەکانی بپارێزرێن و بە هاتنە سەرکاری حیزبی داد و گەشەپێدانیش لە تورکیا و هەوڵی ئەم حکومەت و حیزبە لە چاکسازییە سیاسی، ئابووری، و کۆمەڵایەتییەکان ئاسۆیەکی تر بۆ پرسی کورد چ لە تورکیا و چ لە کوردستانی عێراق کراوەتەوە، هەرچەندە ململانێی باڵی سەربازی و توندڕەوە ناسیۆنالیستەکان لەگەڵ ئەم حیزبە بووە هۆی ئەوە کە ئەم ململانێیە ناوەخۆییە کاردانەوەی خراپی هەبێت بۆ سەر هەرێمی کوردستان لە پەسەندکردنی بڕیاری پەرلەمانی تورکیا بۆ هێرشی سەربازی بۆ کوردستانی عێراق بە بیانووی (PKK) و تورکیا چ لە رووی گوشاری ئابووری و داخستنی سنوور چ لە رووی هەڕەشەی هێرشی سەربازی و چ لە رووی دەست خستنە ناو کاروباری کەرکوك و تورکمانەکان و داواکاری جێبەجێ نەبوونی ماددەی ١٤٠ لە دەستووری عێراق هەوڵی لاوازکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەدات، لەلایەکی تریش بەهاوهەڵوێست کردنی ئێران و سوریا لەسەر کێشەی کورد بەگشتی و هەرێمی کوردستانی عێراق بەتایبەتی، گوشار دەخاتەسەر پرسی کورد لە کوردستانی عێراق.



## پێشنیارەکان

١. پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ووردی بەدواداچوونی ئاڵوگۆڕەکانی سیاسی تورکیا بکات و خاڵە لاواز و مەترسییەکانی دەستنیشان بکات و خۆی بۆ هەر ئەگەر و پێشهاتێك ئامادە بکات.

٢. هەوڵی پێکهێنانی لۆبی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا بدات، چونکە ئەو لایەنانە دەوری سەرەکی دەبینن لەسەر سیاسەت و هەڵوێستی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستانی عێراق.

٣. لەلایەکی ترەوە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئیسرائیل بەبێ جوولاندنەوەی هەستیاری وڵاتانی ناوچەکە، تۆکمەتر بکات.

٤. هەروەها لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە هەوڵی گرێدانی پەیوەندی ئابووری بدات بۆ وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

٥. لە ئاستی ناوەخۆدا هەوڵی راکێشانی رای گشتی لایەنە تورکمانەکان بدات بۆ لای خۆی و هاوهەڵوێستیان بکات لەمەڕ سیاسەتەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بە گەرەنتی کردن و چەسپاندنی مافەکانیان لە چوارچێوەی سنووری هەرێمی کوردستانی عێراق.

٦. هەوڵبدات چالاکییەکانی (PKK) سنووردار بکات و کۆنترۆڵیان بکات و رێگە نەدات پەکەکە لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان هێرش بکاتە سەر تورکیا، یان ئەوەی کە هەوڵبدات میکانیزمێك بدۆزێتەوە کە چالاکییەکانی پەکەکە، هەروەها بنکە و بارەگا سەربازییەکانیان بۆ دەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستان بگوازنەوە و تاوەکو بیانوو نەداتە تورکیا بۆ هێرشی سەربازی و بەزاندنی سنووری هەرێمی کوردستانی عێراق بە پاساوی بوونی پەکەکە لە کوردستان.

٧. لەلایەکیش پەیوەندی ئابووری پتەو لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکانی تورکیا کە نزیکن لە ناوەندەکانی دەسەڵات لە تورکیا دروستبکات کە لە کاتی پێویست بتوانێت وەکو کارتێك بۆ خاوکردنەوەی گرژییەکان و هەڵوێستە توندەکانی تورکیا بەکاری بهێنێت.



PDF 4 KURD

٨. لەگەڵ لایەنە میانڕەو و دیموکراتەکانی تورکیا پەیوەندی پتەو دروستبکات واتە بەشدار بێت لە دیموکراتیزەکردنی تورکیا، چونکە ئەم خاڵە گرینگی تایبەتی هەیە بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق چونکە هەر هەنگاوێکی ئەرێنی لە سیاسەتە ناوخۆییەکانی تورکیا کە پەیوەندی بە کوردەوە هەبێت کاریگەری هەیە لەسەر هەرێمی کوردستان.

٩. لەلایەکی ترەوە هەوڵی ئەوە بدات هێزەکانی ئەمریکا لە کوردستانی عێراق بنکەی سەربازییان هەبێت، هەروەها لە ناوەوەی عێراقیشدا هەرچەندە کورد خۆی بەشدارە لە حکومەتی بەغدا بەڵام هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنێك یان چەند لایەنێك بدات کە هاوهەڵوێستن لەگەڵ کوردستان لەسەر بابەتی تورکیا.

١٠. هەروەها بە هەموو شێوەیەك پشتگیری لە ئەندام بوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا بکات.

١١. پێویستە هەرێمی کوردستانی عێراق بەبێ جولاندنەوەی هەستیاری تورکیا لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە لە یەکێتی ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دژی تورکیان وەکو لۆبیە ئەرمەنەکان و یۆنانییەکان و قوبرسییەکان پەیوەندی باشی هەبێت.

١٢. هەرێمی کوردستانی عێراق دەبێت لە بواری ڕاگەیاندنیشەوە بە زمانی تورکی (ئیستانبوڵی) پرۆگرامی تایبەتی هەبێت بۆ کاریگەری سەر رای گشتی تورکیا و تورکمانەکانی ناوخۆیی هەرێم.

١٣. لە بواری وزەدا کە خاڵی لاوازی تورکیایە هەلومەرجێك بخولقێنێت کە کۆمپانیاکانی تورکی لەم بوارەدا وەبەرهێنان بکەن و ببنە سەرچاوەی دابینکردنی (نەوت و گازوایل ... هتد) بۆ تورکیا.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین هەر گۆڕانکارییەکی سیاسی لە تورکیا چ ڕاستەوخۆ چ ناڕاستەوخۆ کاریگەری دەکاتە سەر دۆزی کورد لە کوردستانی عێراق و تورکیاش کە خۆی لە ژێر کاریگەری کۆمەڵێك گۆڕانکاری ناوەخۆ و دەرەکی دایە کە



ئەوانیش ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاردەکەنە سەر بارودۆخی کوردستانی عێراق بۆیەش بەهێزکردنی پێگەی کورد لە عێراق و دیموکراتیزەبوونی تورکیا تەنیا ڕێگە چارەیە بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی کورد. لەلایەکی تر هەر نزیك بوونەوەی تورکیا لە دەوڵەتانی ئێران و سوریا کە دژی بەرژەوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکان، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پرسی کورد دەبێتە هۆی ئەوەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کوردی عێراق دوور بکەوێتەوە بۆ وەدەست هێنانی هاوڕایی تورکیا لەسەر پرسی ئێران و عێراق و سوریا، کە ئەوەش مەترسی هەیە بۆ کوردی عێراق، بۆیەش دەبێت کوردستانی عێراق گرینگی تایبەت بە تورکیا و گۆڕانکارییەکانی و بەرژەوەندییەکانی بدات کە زەرەرمەند نەبێت و لەلایەکی ترەوە بیانوو نەدات بە تورکیا بۆ دەستێوەردانی سەربازی لە کوردستانی عێراق کە دەبێتە هۆی لەبارچوونی ئەم ئەزموونە.

# سەرچاوەکان


**سەرچاوە کوردیەکان:**

(١) ئاکرەیی، محمد سالح، **کورد و دەوڵەتی سەربەخۆ**، دهۆك: چاپخانەی خانی، ٢٠٠٧.

(٢) ئیزەدی، میهرداد، **چەردە باسێك لە بارەی کوردانەوە**، (بەشی زمان و شارستانیەتەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیك/ زانکۆی هارڤارد)، ئەمین شوان لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠٠٧.

(٣) بارزانی، مەسعود، **بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد (شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١ – ١٩٧٥ )**، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، ٢٠٠٤.

(٤) بارزانی، مەسعود، **بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد (شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١ – ١٩٧٥ )**، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم، ٢٠٠٤.

(٥) براون، جەی ئێف، **جیۆپۆلەتیکی نوێی تورکیا**، (تورکیا گەڕانەوە بۆ بەلقان)، وەرگێران لە ئینگلیزییەوە عەتا قەرەداغی، سلێمانی: بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، ٢٠٠٦.

(٦) مستەفا، حسن أحمد، **تورکیا .. تونێڵە گەرمەکانی سیاسەت**، هەولێر: چاپخانەی منارە، ٢٠٠٨.

(٧) هەورامی، حەمید، کێ لە پشت ناکۆکییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستانەوەیە، گۆڤاری دۆسێی تورکیا، ژمارە ٩، کانونی یەکەمی ٢٠٠٨.





(٨) حیلمی، رەفیق، یادداشت، **کوردستانی عێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود**، بەغدا: چاپخانەی معاریف، بەشی دوو، ١٩٥٧.

(٩) خۆشناو، عەباس، **تورکیای نەبەرد لە پێناو مانەوەدا**، (دەستووری تورکیا و دەستکارییەکانی)، سلێمانی: بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، ٢٠٠٦.

(١٠) سەزگینی، سەلام، **تورکیا نەبەرد لە پێناو مانەوەدا**، هەولێر: چاپخانەی خانی، ٢٠٠٧.

(١١) شۆڕش، سامی، **تورکیا و ئەوروپا...کورد لەو بازنەیەدا**، هەولێر: چاپخانەی خانی، ٢٠٠٧.

(١٢) شوانی، رەفیق، **کێشەی کەرکوك و چۆنیەتی چارەسەرکردنی**، هەولێر: چاپخانەی دەزگای ئاراس، ٢٠٠٧.

(١٣) غلیۆن، د. برهان، و امین، د. سەمیر، **کلتووری بەجیهانیبوون و بەجیهانیکردنی کلتوور**، وەرگێڕانی خەبات مەحموود، سلێمانی: چاپخانەی کارۆ (خانەی وەرگێڕان)، ٢٠٠٥.

(١٤) کۆچێرا، کریس، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و هیوای سەربەخۆیی، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئەکرەمی میهرداد، سلێمانی: سەنتەری چاپ و پەخشی تەما، بەرگی یەکەم، ٢٠٠٢.

(١٥) کۆچێرا، کریس، **کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا**، وەرگێڕانی لە فارسییەوە حەمە کەریم عارف، هەولێر: چاپخانەی شڤان، چاپی سێیەم، ٢٠٠٦.

(١٦) کەندی، عەلی، **فەرهەنگی ڕووداوەکانی کوردستان و وڵاتانی جیهان**، هەولێر: دانەر، ٢٠٠٥.

(١٧) حەسۆ، مراد خۆشەڤی، گۆڕانکارییەکانی کوردستانی عێراق و پەیوەندییەکانی تورکیا و عێراق **١٩٩٠ـ ٢٠٠٥**، هەولێر: چاپخانەی دەزگای ئاراس، ٢٠٠٨.

(١٨) مەلا عومەر عیسا، د. سالح، **قەیران خولقێنی زلهێزەکان لە کوردستانی عێراق**، وەرگێڕان لە فارسییەوە سلێمان تاشان، هەولێر: مەکتەبی ناوەندی دیراسات و پێگەیاندنی حیزبی، ٢٠٠٨.

(١٩) مەلا عومەر عیسا، د. سالح، **ئەتنیك گەرایی و دەوڵەتی نەتەوەیی لە چەرخی بە جیهانیبووندا کوردستانی عێراق وەك نموونە**، وەرگێڕانی لە فارسییەوە ئازاد وەڵەدبەگی، هەولێر: لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی ناوەندی دیراسات و پێگەیاندنی حیزبی، ٢٠٠٨.

(٢٠) محێدین، د. واحد عومەر، **دانوستاندنەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کورد و حکومەتەکانی عێراق ( ١٩٢١ – ١٩٦٨ )**، سلێمانی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، ٢٠٠٦.

(٢١) مەکداول، دیڤید، **مێژووی هاوچەرخی کورد**، وەرگێڕان ابوبکر خۆشناو، هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٣.

(٢٢) میهرداد، ئەکرەمی، **ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاری، تیۆری، رەخنە)**، سلێمانی: مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ك)، ٢٠٠٦.

(٢٣) نورەددینی، عومەر، **سیستەمی نوێی جیهانی و دۆزی کورد ( کوردستانی عێراق وەك نموونە)**، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم، ٢٠٠٣.

(٢٤) نورالدین، محمد، **تورکیا لە سەردەمی گۆڕاندا**، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە ئازاد بەرزنجی، سلێمانی: دەزگا و چاپی پەخشی سەردەم، ٢٠٠٠.

(٢٥) هێنری، پاوڵ بی، **جیۆپۆلەتیکی نوێی تورکیا**، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە عەتا قەرەداغی، سلێمانی: بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، ٢٠٠٦.



**سەرچاوە فارسییەکان:**

(٢٦) السن، رابرت، **مسأله کرد** و **روابط ایران و ترکیه**، ترجمه ابراهیم یونسی، تهران: نشر **پانیذ**، ١٣٨٠.

(٢٧) انتصار، پ. نادر، **مافیای قدرت و دفن دموکراسی (بررسی ناسیونالیسم قومی و نژادی کردها)**، ترجمه د. عرفان قانعی فرد، تهران: ناشر **مؤلف**، ١٣٨٥.

(٢٨) انصاری، جواد، **ترکیه در جستجوی نقشی تازه در منطقة**، تهران: دفتر **مطالعات** سیاسی و بین المللی، ١٣٧٣ .

(٢٩) بارزانی، مەسعود، **مبارزات ازادی بخش ملت کرد**، قیام ملا **مصطفی** بارزانی، ترجمه احمد محمدی، سنندج: ناشر مترجم، ١٣٨١.

(٣٠) بروین سن، مارتین وان، **جامعه شناسی مردم کرد ( اغا، شیخ و دولت )**، ساختارهای اجتماعی و سیاسی کردستان، ترجمه ابراهیم یونسی، تهران: نشر **پانیذ**، چاپ سوم، ١٣٨٣.

(٣١) بیات، کاوه، **شورش کرد های ترکیه و تأثیر** آن بر **روابط ایران**، تهران: نشر تاریخ ایران، ١٣٧٤.

(٣٢) پیروز مجتهد زاده، **جغرافیای سیاسی و سیاست جغرافیایی**، تهران: سازمان **مطالعة** و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها (سمت)، ١٣٨١.

(٣٣) **خبر نامه داخلی جبهه مشارکت ایران اسلامی، بحران در روابط ترکیه و عراق بر سر PKK**، 8 آبان ماه ١٣٨٦، خبر نامه داخلی جبهه مشارکت ایران اسلامی، شماره ٩٥.

(٣٤) رندل، جاناتان، **با این رسوائی چه بخشایشی؟ ( تحلیل مسائل سیاس کردستان )**، ترجمه ابراهیم یونسی، تهران: نشر **پانیذ**، چ٣، ١٣٨٣.

(٣٥) روحانی، بابا مردوخ، **تاریخ مشاهیر کرد**، تهران: انتشارات سروش، ١٣٧١.

(٣٦) عنايت، حميد، **انديشه هاى سياسى در اسلام معاصر**، ترجمه بهاالدين خرمشاهى، تهران: انتشارات خوارزمى، چاپ ٣، ١٣٧٢.

(٣٧) كانگرينگ، ايستيون همزلى، **عراق ١٩٠٠ – ١٩٥٠ تاريخ سياسى اجتماعى و اقتصادى**، مترجم على درويش، مشهد: استان قدسى رضوى، ١٣٧٦.

(٣٨) مك داول، ديڤيد، **تاريخ معاصر كرد**، ترجمه ابراهيم يونسى، تهران: انتشارات پانيذ، چاپ دووەم، ١٣٨٣.

(٣٩) نجاتى، غلام رضا، **تاريخ سياسى بيست و پنج ساله ايران ( از كودتا تا انقلاب )**، تهران: موسسه خدمات فرهنكى رسا، ج١، چ٣، ١٣٧١.

(٤٠) والتون، جيرمى، **اسلام سكولاريزم ايدئولوژى سياسى و مشى عمومى در تركيه معاصر**، مترجم على ملائكه، هفته نامه ـ خردنامه همشهرى، شماره ٧٣، ١٣٨٤.


### سەرچاوە عەرەبییەکان:

(٤١) احسان، د. محمد، **كوردستان و دوامة الحرب**، اربيل: دار اراس للطباعة و النشر، مطبعة وزارة التربية، الطبعة الثانية، ٢٠٠١.

(٤٢) البارزاني، مسعود، كفاح شعبنا اشرف على ان يؤتي ثماره، **گولان العربى**، العدد ٣٠، تشرين الثاني، ١٩٩٨.

(٤٣) الداقوقي، ابراهيم، **مستقبل الحكم في تركيا**، الجلة قضايا الدولية، العدد ٣٧٥، السنة الثامنة ١٧ مارس ١٩٩٧.

(٤٤) الشوبكي، عمرو، **الديموقراطية التركية نموذجا للاستيعاب السياسي**، مجلة السياسة الدولية، العدد ١٣١، ١٩٩٨.




(٤٥) اولسن، روبرت، **المسئلة الكردية في العلاقات التركية و الايرانية**، ترجمة و تعليق محمد احسان رمضان، اربيل: دار اراس للطباعة و النشر، مطبعة وزارة التربية، ٢٠٠١.

(٤٦) رودهوف، ميخيل ليزنيترك، بيتر مولر، **انتخابات كوردستان العراق في ١٩ مايس ١٩٩٢ تجربة ديموقراطية**، مكتبة الدراسات و البحوث المركزى الحزب الديموقراطى الكوردستانى، (دراسة ٢٧)، اربيل: مطبعة وزارة التربية، ١٩٩٦.


### گۆڤار و رۆژنامەکان:

(٤٧) ئەحمەد، عەبدولحەمەد، ( دورگەی قوبرس...قەیرانێکی تاقەت پرۆکێن)، **گۆڤاری دۆسیەی تورکیا**، سلێمانی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، نیسانی ٢٠٠٦، ژمارە ٣.

(٤٨) پۆلس، ئەندریۆ لیرا، هەنگاوەکانی نێچیروان بارزانی بەستەڵەکی نێوان هەولێر و ئەنقەرەی تواندەوە، **گۆڤاری گولان**، ژمارە ٦٨٢، ٥ی ئایاری ٢٠٠٨.

(٤٩) رۆژهەلاتی، زریان، سیاسەتی تورکیا بەرامبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، **گۆڤاری دۆسێی تورکیا**، (سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان)، سلێمانی: ژمارە ٥، ئازاری ٢٠٠٧.

(٥٠) **رۆژنامەی جمهوریەت** لە تورکیا لە بەرواری ١٩٩١/٤/٩.

(٥١) ماردین، **دیجلە**، هۆکار و ئەنجامەکانی دوو کردەوەی یەکەکە لە ماوە یەك ساڵی رابردوودا، **گۆڤاری دۆسێی تورکیا**، سلێمانی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، ژمارە ٩، کانونی یەکەمی ٢٠٠٨.




PDF 4 KURD

(٥٢) سعید، ابراهیم، (تورکیا و پەکەکە لە هاوکێشە سیاسییەکانی ئێستای عێراقدا)، **گۆڤاری دۆسیەی تورکیا**، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی: ژمارە ٢، ئەیلولی ٢٠٠٥.

(٥٣) عەزیز، ئارام عەلی، (کرۆنۆلۆجی کۆماری تورکیا)، **گۆڤاری دۆسیەی تورکیا**، سلێمانی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، ٢٠٠٥، ژمارە ١.

(٥٤) عەزیز، ئارام علی، پارتی داد و گەشەپێدان و مەسەلەی سەرۆك کۆمار، **گۆڤاری دۆسیێی تورکیا**، سلێمانی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، ژمارە ٦، ئابی ٢٠٠٧.

(٥٥) عەزیز، ئارام علی، پارتی داد و گەشەپێدان و مەسەلەی سەرۆك کۆمار، **گۆڤاری دۆسیێی تورکیا**، سلێمانی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، ژمارە ٦، ئابی ٢٠٠٧.

(٥٦) عەلی، رۆژگار(وەرگێڕ)، ئەمریکا لە نێوان تورك و کورددا، سەرچاوە www.economist.com، **گۆڤاری دۆسیێی تورکیا**، (سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان)، سلێمانی: ژمارە ٥، ئاداری ٢٠٠٧.

(٥٧) کەریم، ئاسۆ، (چما کات قات بوو ئێستا نەبێ)، **گۆڤاری گولان**، ژمارە ٦٥٩، تشرینی دووەمی ٢٠٠٧.

(٥٨) کەریم، ئاسۆ، (چ لوغزێك لە پشت ئەو لەشکرکێشییەی تورکیا هەیە)، **گۆڤاری گولان**، ژمارە ٦٧٣، ٢٥ی شوباتی ٢٠٠٨.

(٥٩) **گۆڤاری گولان**، لە پەراوێزی هێرشە سەربازییەکەی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ژمارە ٦٧٣، ٢٥ی شوباتی ٢٠٠٨.

(٦٠) لویس، جۆناثان ئەریك، تورکیا وەکو هاوپەیمانێکی ستراتیژی، **گۆڤاری دۆسیێی تورکیا**، وەرگێڕانی سەفین احمد، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی: ژمارە ٦، ئابی ٢٠٠٧.





(٦١) مامەند رۆژە، **دیاربەکر بۆنی گوڵ هەڵدەبژێرێت**، گۆڤاری هەفتانە، پەخشی خەندان، ژمارە ٣٩، ٢١ی ئاداری ٢٠٠٩.

(٦٢) **محەمەد**، زریان، (ڕێگای تورکیا بەرەو یەکێتی ئەوروپا ئاستەنگ و ئەگەرەکان)، **گۆڤاری دۆسیەی تورکیا**، سلێمانی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، ٢٠٠٦، ژمارە ٣.

(٦٣) هانتینگتۆن، ساموێل، (کوولتور، هێز، جەنگ، تورکیا لە سیاسەتی جیهانی نوێدا چ ڕۆڵێکی دەبێت)، **گۆڤاری دۆسێی تورکیا**، وەرگێران فەیزوڵلا برایم خان، سلێمانی: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، ئەیلولی ٢٠٠٥، ژمارە ٢.


## سەرچاوە ئینتەرنێت:


(٦٤) ئاڤان، مولود، **ئەرگەنەکۆن و کودەتایەکی خاو لە تورکیادا**، سایتی ڕێنیسانس www.rinesans.com، 25/8/2008.

(٦٥) **اقتصاد ترکیه، منبع: سایت** www.wikipedia.com، 27/8/2008.

(٦٦) اقا زاده، مازیار، **الزامات سیاست قطبی در ترکیه**، برگرفته از روزنامه کارگزارا، منبع: سایت .comباشگاەاندیشە.www، 27/8/2008.

(٦٧) ترکیه، www.wikipedia.com، 27/8/2008.

(٦٨) پور خسروانی، انیس، **ترکیه و گرداب دگرگونی های عراق**، منبع: ماه نامە- اطلاعات سیاسی اقتصادی، ١٣٨٧، شماره ٢٤٧ – ٢٤٨، فروردین و اردیبهشت، منبع: سایت .comباشگاەاندیشە.www، 28/8/2008.

(٦٩) جزایری، ایلیا، کرکوك، نفت، و رقابت کردی – عربی، www.iranemroz.com، 25/8/2008.

(٧٠) حسێنی، شاهۆ، (**کرکوك، تقابل استراتیجیة أمریکا و ترکیه**)، منبع: سایت ئینتەرنێتی رۆژەڤ، ٢٧/٨/٢٠٠٨.

(٧١) دیلمقانی، آرزو، **عراق تاون تیرگی روابط ترکیه و آمریکا را می پردازد،** منبع: سایت .باشگاه‌اندیشه.com، www. 28/8/2008.

(٧٢) رحمان پناه، حسن، **احتمال حمله ارتش ترکیه به کردستان عراق،** دلایل و راه کارها، سایت .باشگاه‌اندیشه.com، www. 27/8/2008.

(٧٣) صرافی، حسین، **ترکیه درمسیر توسعه،** منبع: سایت .باشگاه‌اندیشه.com، www. 28/8/2008.

(٧٤) صفاری اصفهانی، بهاره، **(ترکیه درراه توسعه)،** منبع: سایت www.aftab.ir.com، 26/8/2008.

(٧٥) طاهری، معصومه، **ژئوپلتیك ترکیه،** منبع: سایت .com باشگاه اندیشه www.، 28/8/2008.

(٧٦) کاگاپاتای، سوتر، **بازگشت پ.ك.ك، حضور مجدد نیروهای ترکیه در شمال عراق،** مترجم: کیانوش کیاکجوری، منبع: سایت –باشگاه اندیشه- به نقل از موسسه واشنگتن، ٢٠٠٨/٨/٢٨.

(٧٧) کوهنورد، نفیسه، **امریکا باید از عراق خارج شود،** مصاحبه تلفنی با نامیك ـ تان، منبع روزنامه ایران، منبع: سایت .باشگاه‌اندیشه.com، www. 27/8/2008.

(٧٨) گراهام، فولر، **الگوی راهبردی ترکیه،** منبع ماه نامه همشهری دیپلماتیك ١٣٨٣ شما ره ٢٨ ابان ماه، ( ٢٠٠٨/٨/٢٤ سەرچاوە ئینتەرنێت .باشگاه‌اندیشه.com www. ).

(٧٩) لطیفی، غلا معلی، **ازمردبیمار اروپا تا جمهوری نوین ترکیه،** منبع: سایت .باشگاه‌اندیشه.com، www. 28/8/2008.

(٨٠) مقاله **جمعیت ترکیه،** منبع: سایت www.turkiya.com، 25/8/2008.





(٨١) منبع سایت خبری بازتاب **( کردهای عراق و ترکیه جنگی برای آینده)،** مدیر سایت، ٢٠٠٨/٨/٢٥.

(٨٢) مستەفا، حسن احمد، **داهاتووی تورکیا و چوار ئەگەرەکەی،** ڕێنیسانس www.rinesans.com، 26/8/2008.

(٨٣) میرا، آرام، **راهبرد آمریکایی برای کردستان،** مترجم: مهدی **کاظمي،** منبع: سایت –باشگاه اندیشه- به نقل از فصلنامه رفعت، سال پازدهم، شماره ٤، دسامبر ٢٠٠٧.

(٨٤) **(نقش ارتش در نظام سیاسی ترکیا)،** منبع روزنامه ابرار، ارشیو مقالات سیاسی در مورد ترکیه، سایت .باشگاه‌اندیشه.com، www. 28/8/2008.

(٨٥) هالی دی، فرید، **(خاور میانه پس از سەدام حسین)،** مترجم: وحید رضا نعیمی، منبع ماه نامه همشهری دیپلماتیك، تیرماه ١٣٨٣، شماره ١٦، ٢٠٠٨/٨/٢٧.

(٨٦) ویسی، مراد، **پرونده کرکوك،** بنیادی ترین اختلاف عراقی ها در سال ٢٠٠٨، سایت .باشگاه‌اندیشه.com، www. 26/8/2008.

**سەرچاوە ئینگلیزیەکان:**

87. Javier Solana, **Europe's path for Turkey**, (High Representative of the EU for the Common Foreign and Security Policy) International Herald Tribune, 7 December 2002.

88. Mehmet Ali Birand, **Giscard speaks up; Turkey wins** Turkish Daily News, 14 November 2002.

89. Cuneyt Ulserver, **Islamic Democracy or democratic Islam?** Turkish Daily News (Istanbul), 12 November 2002.
90. Margulies, Ronnie, and Ergin Yildizoglu. **"The Political Uses of Islam in Turkey,"** *Middle East Report,* No. 153, and July-August 198.
91. Mehmet Ali Birand Turkish Daily News. Ankara, 3 Desmber 2002.
92. Metin Tamkoc **;( stable instability of Turkish Polity)**.*Middle East Jornal*, Vol. 27, No. 3, summer 1973, p.302.
93. Jon Henley, Jeevan Vasager and lan Black, **Turkey demands talks on joining EU**, The Guardian (United Kingdom), 27 November 2002.
94. Serpil Yilmaz, **Turks are reconstructing Northern Iraq – 1**, Turkish Daily News, April 12, 2007.





PDF 4 KURD